زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر
ERBIL POLYTECHNIC UNIVERSITY

# گرنگی شێوازەکانی مۆنتاژ لە بەرنامە دۆکیۆمێنتارییەکانی کەناڵی ئاسمانی کوردستان24 دا

نامەیەکە
پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی هەولێر کراوە لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر وەکو بەشێک لە پێداویستیەکانی بەدەست هێنانی پلەی ماستەر لە بەشی تەکنیکی میدیا

لە لایەن
**شاوێن نەوزاد ڕەفیق**
بەکالۆریۆس لە ڕاگەیاندن - زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر- 2016


بە سەرپەرشتی
**پ.ی.د. دلێر ئەحمەد حمە**

هەولێر- کوردستان

**2022**

## بەڵێننامە

من بەڵێن دەدەم ئەم ماستەر نامەیە ناونیشانەکەی بریتیە لە **(گرنگی شێوازەکانی مۆنتاژ لە بەرنامە دۆکیۆمێنتارییەکانی کەناڵی ئاسمانی کوردستان24 دا)**، هەمووی کاری ڕەسەنی تاکە کەسی خۆمە. جگە لەو جێگایانەی بە ئاشکرا ئاماژەم پێکردووە، هەموو نووسینەکان و ئەنجامەکان توێژینەوەی سەربەخۆی خۆمە و پێشتر لە هیچ شوێنێک بڵاوم نەکردۆتەوە و پێشکەشی هیچ شوێنێکم نەکردووە بۆ ئەوەی بڕوانامەیەکی پێ وەربگرم، بەڵێن دەدەم لە هەر جێگایەگ شتێکم وەرگرتبێت ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە.



واژوو

ناوی قوتابی: شاوێن نەوزاد ڕەفیق

ڕێککەوت:٢٢/٨/ 2022

## پشتگیری و ڕەزامەندیی سەرپەرشتیار

ئەم نامەیە لەژێر سەرپەرشتیاری من ئامادەکراوە و نووسراوە و نێردراوە بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر لە پسپۆڕیی ڕاگەیاندن، من پشتگیری دەکەم و ڕازیم، کە بەم شێوەیەی ئێستا پێشکەش بە لیژنەی تاقیکردنەوە بکرێت.

واژوو:

ناو: پ.ی.د. دلێر ئەحمەد حمە

ڕێککەوت: ٢٢/ ٨/ 2022

پشتگیری دەکەم، کە هەموو پێداویستییەکانی جێبەجێ کراوە و هەروەها ئاماژە بە پشتگیری و ڕەزامەندیی سەرپەرشتیار، من ئەو نامەیە بۆ گفتوگۆ دەنێرم.

واژوو:

ناو: م.ی. منصور نورالدین حسن

سەرۆکی بەشی تەکنیکی میدیا

ڕێککەوت: ٢٠/ ٩/ 2022

پشتگیری دەکەم، کە هەموو پێداویستییەکانی جێبەجێ کراوە، بۆیە ڕازیم ئەم نامەیە بۆ گفتوگۆ بنێردرێت.

واژوو:

ناو: کۆسار نجم الدین محمد

بەرپرسی خوێندنی باڵای کۆلێژ

ڕێککەوت: ٢٠/ ٩/ 2022

## بڕیاری لیژنەی تاقیکرنەوە

ئێمە وەکو لیژنەی تاقیکردنەوە، ئەو نامەیەی ماستەرنامەیەمان ناونیشانی بریتی بوو لە **(گرنگی شێوازەکانی مۆنتاژ لە بەرنامە دۆکیۆمێنتارییەکانی کەناڵی ئاسمانی کوردستان24)،** خوێندەوە و قوتابیەکەمان ناوی (**شاوێن نەوزاد ڕەفیق**) بوو، لە ناوەڕۆکەکەی تاقی کردەوە. ئێمە بریاردەدەین پێداویستیەکانی بڕوانامەی ماستەر لە پسپۆڕیی میدیایی تێدایە.

واژوو:
ناو: پ.ی.د. بەهات حسیب علی
ئەندام
ڕێککەوت: ٢٢/١٢/ 2022

واژوو:
ناو:پ.ی.د. یۆهان عثمان حمه
ئەندام
ڕێککەوت: ٢٢/١٢/ 2022

واژوو:
ناو: پ.ی.د. دلێر أحمد حمه
ئەندام و سەرپەرشتیار
ڕێککەوت: ٢٢/ ١٢/ 2022

واژوو:
ناو: پ.ی.د. شێرکۆ جبار محمد
سەرۆکی لیژنە
ڕێککەوت: ٢٢/١٢ / 2022

واژوو:
ناو: پ.ی.د. ئازاد أحمد محمود
ڕاگری کۆلێژ
ڕێککەوت: ٨ / ١ / 2022

## پێشکەشە

- بە هاوژینی خۆشەویستم، کە هەمیشە پاڵپشتم بووە وەکو قەڵایەک.
- بە باوک و دایکی ئازیزم.
- بە منداڵەکانم (لین و میر و ژیر).

توێژەر

## سوپاس و پێزانین

- سوپاس بۆ خوای گەورە، تەمەنی پێ بەخشیم تا بتوانم ئەم توێژینەوەیە ئەنجام بدەم.
- سوپاس بۆ (پ.ی.د. دلێر ئەحمەد حمە) ئەرکی سەرپەرشتی توێژینەوەکەمی لەئەستۆ گرت، ڕێزی لە تێبینی و ڕاو بۆچوونەکانم گرت.
- سوپاس بۆ ڕاگرایەتی کۆلێژ و سەرۆکایەتی بەش و مامۆستایانی بەشی تەکنیکی میدیا.
- سوپاس بۆ سەرۆک و ئەندامانی لیژنەی تاوتوێکردنی ئەم توێژینەوەیە.
- سوپاس بۆ (د. هۆشیار مظفر علی) هاوکارم بوو بە پێدانی سەرچاوە و تێبینی زانستی.
- سوپاس بۆ (د. ظاهر حمدامین صابر) زۆر هاوکارم بوو، لە ڕاپەراندنی کارەکانی توێژینەوەکەم.
- سوپاس بۆ (د. یۆهان عوسمان حمە، م. نەبەز ئەحمەد حسن، م. کوێستان) لە زانکۆی سلێمانی، بە پێدانی سەرچاوەی زانستی بۆ دەوڵەمەندکردنی توێژینەوەکەم.
- سوپاس بۆ (د. سەنگەر علی مامە، م. مەریوان قادر حمدامین، م. محمد عمر صالح)، کە هاوکارم بوون لە کاری وەرگێڕان لە زمانەکانی تر بۆ بۆ زمانی کوردی.
- سوپاس بۆ (ئارام لالۆ) بەرپرسی بەرنامە دۆکیۆمێنتارییەکان لە کەناڵی کوردستان24 زۆر هاوکارم بوو لە پێدانی زانیاری.
- سوپاس بۆ هەموو ئەو کەسانەی  بە وشەیەکیش یارمەتیان دام بۆ دەوڵەمەندکردنی توێژینەوەکەم.

توێژەر

## پوختەی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (گرنگی شێوازەکانی مۆنتاژ لە بەرنامە دۆکیۆمێنتارییەکانی کەناڵی ئاسمانی کوردستان24 دا)ە، ئەم توێژینەوەیە لە جۆری توێژینەوەی وەسفییە (Descriptive Research)، کە لەگەڵ شێوازی توێژینەوەکە گونجاوە، بە مەبەستی بەدەستهێنانی داتا و زانیاری ورد و دروست، میتۆدی شیکاری ناوەڕۆکی بەکارهێناوە.

کێشەی ئەم توێژینەوەیە برتییە لە زانینی گرنگی شێوازەکانی مۆنتاژ لەبەرنامە دۆکیۆمێنتارییەکانی کەناڵی ئاسمانی کوردستان24، گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە دەچێتە بواری پسپۆڕی تەلەڤزیۆنی، بە تایبەتی چۆنییەتی بەگەڕخستنی مۆنتاژی تەلەڤزیۆنی لە بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری، هەروەها هەوڵێکی ئەکادیمییە بۆ شرۆڤەکردنی پەیوەندی و کارلێک لەنێوان مۆنتاژ و بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری، هاوکاری میدیاکار و مۆنتێران دەکات بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە شێوازەکانی مۆنتاژ، بۆ شیکردنەوەی ناوەڕۆکی توێژینەوەکە توێژەر (12) بەرنامەی بە شێوەی گشتگیر (حصر شامل) لە ماوەی 3مانگدا لە نێوان 2022/1/1 تاکو 2022/4/1 وەرگرتووە.

ئەم توێژینەوەیە لە چوار بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم تایبەتە بە لایەنی چوارچێوەی توێژینەوەکە، کە کێشەی توێژینەوە و پرسیارەکانی توێژینەوە و گرنگیی توێژینەوە و ئامانجی توێژینەوە و توێژینەوەکانی پێشوو و چەمکەکانی توێژینەوە لە خۆ دەگرێت، بەشی دووەم بە ناونیشانی مۆنتاژی تەلەڤزیۆنی چەمک و ڕەهەندە نوێگەراییەکانی کە هەریەکە لە چەمک و پێناسە و مێژوو و گرنگیی تایبەتمەندی و ئەرکەکانی و جۆرەکانی و شێوازەکانی مۆنتاژی تەلەڤزیۆنی تێدا باسکراوە، بەشی سێیەم لە ژێر ناونیشانی بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری چەمک و پێناسەو تایبەتمەندییەکانی هەریەکە لە پێناسەو تایبەتمەندی و ئەرکەکان و گرنگیی و شێوازەکان و جۆرەکانی بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری تێدا باسکراوە، بەشی چوارەم تایبەتە بە لایەنی شیکاری کە خۆی لە دوو تەوەردا دەبینێتەوە ئەوانیش یەکەمیان ڕێکاری میتۆدی

توێژینەوەکە کە هەریەکە لە جۆرو مێتۆدو کۆمەڵگاو سامپڵ و سنوری توێژینەوەکەو ڕاستی ڕواڵەتی و جێگری تێدا باسکراوە، هەرچی تەوەری دووەمە شیکاری ناوەڕۆک کراوە بۆ سامپڵی توێژینەوەکە لە ڕێگەی چەند خشتەیەک.

لە گرنگترین دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە کە توێژەر لە توێژینەوەکە ئاماژەی پێداوە: کەناڵی کوردستان 24 لەبەرهەمهێنانی بەرنامەکانیدا  گرنگی داوە بە بەرنامەی بایۆگرافی (کەسایەتی)و مێژوویی، لە مۆنتاژکردنی بەرنامە دۆکیۆمێنتارییەکانیدا شێوازی مۆنتاژی بەردەوامی و تۆنی بەکارهێناوە، جۆرەکانی ڕەنگدانەوە و بەشداریکرد لە ناوەڕۆکی بەرنامە دۆکیۆمێنتارییەکانی ڕەنگی داوەتەوە، و گرنگی زۆر بە ئیفێکتی بڕین (Cut) داوە و ئەم کارتێکەرەشی بە مەبەستی درێژەدان بە بەردەوامیی جوڵانەوەکەو ڕیزبەندی و ڕێکخستن داوە..

کلیلیی وشەکان:  شێواز، مۆنتاژ، کەناڵی ئاسمانی، بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری.

## ناوەرۆک


| لاپەرە | بابەت |
| --- | --- |
| I | بەڵێننامە |
| II | پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار |
| III | بڕیاری لیژنەی تاقیکردنەوە |
| IV | پێشکەشە |
| V | سوپاس و پێزانین |
| VI | پوختەی توێژینەوە |
| X | ناوەڕۆک |
| XII | لیستی خشتەکان |
| 3-1 | پێشەکی |
| 20-4 | بەشی یەکەم: چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکە |
| 7-4 | یەکەم: ڕێکارییەکانی توێژینەوەکە |
| 4 | 1. کێشەی توێژینەوەکە |
| 4 | 2. پرسیارەکانی توێژینەوەکە |
| 5 | 3. گرنگی توێژینەوەکە |
| 7 | 4. ئامانجی توێژینەوەکە |
| 17-8 | دووەم: توێژینەوەکانی پێشوو |
| 19-18 | سێیەم: چەمکەکانی توێژینەوەکە |
| 18 | 1. شێواز |
| 18 | 2. مۆنتاژ |
| 19 | 3. بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری |
| 19 | 4. کەناڵی ئاسمانی |
| 45-20 | بەشی دووەم  مۆنتاژی تەلەڤزیۆنی(چەمک و ڕەهەندە نوێگەراییەکانی) |
| 20 | یەکەم: چەمک و پێناسەی مۆنتاژی تەلەڤزیۆنی |
| 23 | دووەم: مێژووی مۆنتاژ |
| 26 | سێیەم: ئەرکەکانی مۆنتاژی تەلەڤزیۆنی |

| | |
|---|---|
| چوارەم: گرنگیی مۆنتاژی تەلەڤزیۆنی | 29 |
| پێنجەم: سیستەمەکانی مۆنتاژی تەلەڤزیۆنی | 30 |
| شەشەم: جۆرەکانی مۆنتاژی تەلەڤزیۆنی | 31 |
| حەوتەم: شێوازەکانی مۆنتاژی تەلەڤزیۆنی | 37 |
| هەشتەم: ڕێسا گشتییەکانی مۆنتاژی تەلەڤزیۆنی | 39 |
| نۆیەم: بنەما سەرەکییەکانی مۆنتاژی تەلەڤزیۆنی | 42 |
| دەیەم: تایبەتمەندییەکانی مۆنتێری سەرکەوتوو | 44 |
| یازدەم: ئیتیکی مۆنتێر لە پرۆسەی مۆنتاژدا | 45 |
| بەشی سێیەم: بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری(چەمک و پێناسە و تایبەتمەندییەکانی) | 70-46 |
| یەکەم: چەمکی دۆکیۆمێنتاری | 46 |
| دووەم: پێناسەی دۆکیۆمێنتاری | 47 |
| سێیەم: تایبەتمەندییەکانی بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری | 49 |
| چوارەم: ئەرکەکانی بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری | 50 |
| پێنجەم: گرنگیی بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری | 53 |
| شەشەم: شێوازەکانی بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری | 54 |
| حەوتەم: جۆرەکانی بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری | 58 |
| هەشتەم: هەنگاوەکانی بەرهەمهێنانی بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری | 62 |
| نۆیەم: گروپی کاردنی بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری | 68 |
| بەشی چوارەم: لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکە | 101-71 |
| یەکەم: ڕێکارەکانی میتۆدی توێژینەوەکە | 75-71 |
| میتۆدی توێژینەوەکە | 71 |
| جۆری توێژینەوەکە | 71 |
| کۆمەڵگەی توێژینەوەکە | 72 |
| سامپڵی توێژینەوەکە | 73 |
| سنووری توێژینەوەکە | 74 |
| ڕاستی ڕواڵەتی و جێگیری | 75 |
| دووەم: ئەنجامی گشتی شیکاریکردنی داتاکانی توێژینەوەکە | 101-76 |

| | |
|---|---|
| دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە | 102 |
| پێشنیاز و ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە | 105 |
| لیستی سەرچاوەکانی توێژینەوەکە | R116-R107 |
| پاشکۆکان | A124-A117 |
| پوختەی توێژینەوە بە زمانی ئینگلیزی | A-B |


## ناونیشانی خشتەکان


| ژ. خشتە | ناونیشانی خشتەکان | لاپەرە |
|---|---|---|
| خشتەی 1 | ناونیشانەکانی سامپڵی توێژینەوە ڕوون دەکاتەوە | 73 |
| خشتەی 2 | خستنەڕووی زانیاری سامپڵی توێژینەوە لەڕووی جۆری بابەتەوە ڕوون دەکاتەوە | 76 |
| خشتەی 3 | خستنەڕووی زانیاری لەڕووی موڵکداری ڕوون دەکاتەوە | 78 |
| خشتەی 4 | ناوەڕۆک سامپڵی توێژینەوە ڕوون دەکاتەوە | 78 |
| خشتەی 5 | سەرچاوەی زانیارییەکان سامپڵی توێژینەوە ڕوون دەکاتەوە | 80 |
| خشتەی 6 | چوارچێوەی جوگرافی ئەنجامدانی سامپڵی توێژینەوە ڕوون دەکاتەوە | 81 |
| خشتەی 7 | شێوازەکانی بەرنامەی دۆکیومێنتاری ڕوون دەکاتەوە | 82 |
| خشتەی 8 | زمانی لێدوانی دۆکیومێنتاری دیاری دەکات | 83 |
| خشتەی 9 | بەکارهێنانی جۆرەکانی بەڵگە لە بەرنامە دۆکیومێنتارییەکان ڕوون دەکاتەوە | 84 |
| خشتەی 10 | خستنەڕووی زانیاری لەڕووی شێوازەکانی مۆنتاژ ڕوون دەکاتەوە | 86 |
| خشتەی 11 | چەندێتی و چۆنیەتی میوزیکی بەکارهاتوو ڕوون دەکاتەوە | 87 |
| خشتەی 12 | خستنەڕووی زانیاری لەڕووی بەکارهێنان و بەکارنەهێنانی میوزیک ڕوون | 88 |
| خشتەی 13 | خستنەڕووی زانیاری لەڕووی شێوازی بەکارهێنانی دەنگی سروشتی ڕوون دەکاتەوە | 89 |
| خشتەی 14 | خستنەڕووی زانیاری لە چۆنیەتی بەکارهێنانی میوزیک ڕوون دەکاتەوە | 90 |
| خشتەی 15 | بەکارهێنانی کارتێکەری ڤیدیۆیی ڕوون دەکاتەوە | 91 |
| خشتەی 16 | شێوازی جوڵەی کامیرا (Camera Movements) دیاریدەکات | 93 |
| خشتەی 17 | جۆری گرتەکانی کامێرا (Camera Shot) دیاری دەکات | 96 |
| خشتەی 18 | جۆری گۆشەی کامێرای بەکارهاتوو (Camera Angles) دیاری دەکات | 97 |
| خشتەی 19 | زانیاری لەڕووی بەکارهێنانی مەبەستی کاریگەری بڕینی گرتەکان دیاریدەکات | 99 |
| خشتەی 20 | درێژی گرتەکان و مانەوەی لەسەر شاشە دیاریدەکات | 100 |

## پێشەکی

وڵاتانی پیشکەوتوو سوودی زۆریان لە مۆنتاژ وەرگرتووە بە تایبەتی لە دروستکردن و بەرهەمهێنانی فیلمی سینەماییدا، چونکە سەرەتا مۆنتاژ لە سینەمادا پەیدا بوو دواتر تەلەڤزیۆنەکان سوودیان لێ وەرگرت، هونەری مۆنتاژ هۆکارێک بوو بۆ بەیەک بەستنەوەی وێنە و گرتەکان بە تایبەتی کورتە فیلمە ڕەش و سپییە بێ دەنگەکان بۆ ئەوەی ناوەڕۆکی پەیامی فیلمەکان بگەینن، گرنگیی کرداری مۆنتاژ بەتەنها لە ناو فیلم خۆی نابینێتەوە، بەڵکو یەکێکە لە کارە هەرە سەرەکیەکانی ناوکاری میدیا و بە تایبەتی لە بەرنامەی دۆکیۆمێنتارییدا، چونکە کۆمەڵێک شێواز هەیە پێویستە مۆنتێر پێوەی پابەندبێت بۆ ئەوەی ناوەڕۆکی دۆکیۆمێنتارییەکان وەکوخۆی بگەینێت، هیچ خامێکی تەلەڤزیۆنی جگە لە وێنەی زیندو بەبێ مۆنتاژ بۆ پەخش دەرناچێت، مۆنتاژ هونەرێک نیە تەنها ڕیزکردنی گرتەکان بێت بەڵکو هەندێک جار دەوری دەرگەوان دەبیینێت لە ناو دەزگاکانی ڕاگەیاندندا، چونکە هەموو ئەو گرتە ڤیدیۆیانەی کە شیاو نین بۆ بڵاوکردنەوە لادەبرێن و هەوڵ دەدرێت جوانترینەکان نیشان بدرێن، کە ئەمە هەموو ئەو کارانە لەلایەن کەسێکەوە ئەنجام دەدرێت پێی دەوترێت مۆنتێر، ئەویش بە بڕیاری دەرهێنەری بەرنامەکە ئەنجامی دەدات، کەسی مۆنتێر تاوەکو باکگراوندێکی باش و خاوەن پلەیەکی زانستی ئەکادیمی باشی هەبێت، ئەوا ئەم پرۆژەیەی کاری لەسەر دەکات رەنگدانەوەی باشی دەبێت لەسەر بینەر و لەو ڕێگەیەوە ناوەڕۆکی پەیامەکەی بە تەواوی دەگات بە وەرگر.

هونەری مۆنتاژ بەکاردێت لە دروستکردنی هەموو جۆرەکانی بەرنامەی تەلەڤزیۆنیدا، واتا هەواڵ و ڕاپۆرت و ڕیپۆرتاژ و فیچەر و دۆکیۆمێنتاری، چونکە دەتوانێت هەموو ئەو گرتە و وێنە و دەنگانە بەیەکەوە ببەستێتەوە و بە تایبەتی بە بەکارهێنانی کارتێکەری بڕین و هەڵبژاردنی جۆری شێوازی مۆنتاژی گونجاو لە ناو پرۆسەی مۆنتاژدا، کە ڕۆڵیکی باشی هەیە لە ڕیزکردنی وێنە و گرتەکان، ئەمەش کاریگەری دروست دەکات لەسەر هەستی بینەر.

بەشی مۆنتاژ لە هەر دامەزراوەیەکی میدیایی شوێن و کەسی تایبەتی خۆی هەیە، بەتایبەتی لەم چەند ساڵەی دواییدا جیهان لە ڕووی تەکنۆلۆژیاوە  پێشکەوتنی بەخۆوە بینیوە، لەگەڵ گۆڕینی سیستەمی تەلەڤزیۆنی بۆ سیستەمی دیجیتاڵی و بەکارهێنانی کۆمپیوتەر لە بەرهەمهێنانی تەلەڤزیۆنیدا، کە لە ئەنجامدا گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی لە هەموو میکانیزم و تەکنیکەکانی بەرهەمهێنانی وێنە و دەنگ و مۆنتاژ و ئامێرە جۆراوجۆرەکاندا ڕوویدا ئەمە وایکردووە تەکنیکی مۆنتاژیش لە ڕووی ئەم پێشکەوتنەی تەکنۆلۆژیاوە گرنگیی تەواوی پێ بدرێت، چونکە مۆنتاژ پەیوەندییەکی باشی هەیە لەگەڵ پێشکەوتنی ئامرازەکانی میدیا بەتایبەتی تەلەڤزیۆن.

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (گرنگی شێوازەکانی مۆنتاژ لە بەرنامە دۆکیۆمێنتارییەکانی کەناڵی ئاسمانی کوردستان24 دا) پێشکەش کراوە، توێژینەوەیەکی وەسفییە، لە گرنگترین ئامانجەکانی بریتییە لە گرنگی زانینی ئەو شێوازو هونەرییانەیە کە لە بەرهەمهێنانی بەرنامە دۆکیۆمینتارییەکانی کەناڵی کوردستان24ە، لەم توێژینەوەدا توێژەر میتۆدی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی بەکارهێناوە بەو پێیەی کە ئەم میتۆدە گونجاوە لەگەڵ ئەو ئامانجەی هەیەتی لەم توێژینەوەیەدا.

کەناڵی کوردستان24 بەشێوەیەکی بەردەوام لەسەرتای دامەزراندنیەوە گرنگی تەواوی بە بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری دەدات، هەفتانە بەرنامەی پەخشکراوی هەیە لەسەر بوارە جیاجیاکانی ژیان، لە ڕووی کوالێتی کەرەستەی تەکنیکیشەوە لە ئاستێکی بەرزدایە، ئەمانەش یەکێکن لەو هۆکارانەی توێژەر ئەم کەناڵەی وەک سامپڵی توێژینەوەکە دیاریکردووە.

ئەم توێژینەوەیە لە چوار بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم تایبەتە بە لایەنی چوارچێوەی توێژینەوەکە، کە کێشەی توێژینەوە و پرسیارەکانی توێژینەوە و گرنگیی توێژینەوە و ئامانجی توێژینەوە و توێژینەوەکانی پێشوو و چەمکەکانی توێژینەوە لە خۆ دەگرێت، بەشی

دووەم بە ناونیشانی مۆنتاژی تەلەڤزیۆنی چەمک و ڕەهەندە نوێگەراییەکانی کە هەریەکە لە چەمک و پێناسە و مێژوو و گرنگیی تایبەتمەندی و ئەرکەکانی و جۆرەکانی و شێوازەکانی مۆنتاژی تەلەڤزیۆنی تێدا باسکراوە، بەشی سێیەم لە ژێر ناونیشانی بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری چەمک و پێناسەو تایبەتمەندییەکانی هەریەکە لە پێناسەو تایبەتمەندی و ئەرکەکان و گرنگیی و شێوازەکان و جۆرەکانی بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری تێدا باسکراوە، بەشی چوارەم تایبەتە بە لایەنی شیکاری کە خۆی لە دوو تەوەردا دەبینێتەوە ئەوانیش یەکەمیان ڕێکاری مێتۆدی توێژینەوەکە کە هەریەکە لە جۆرو مێتۆد و کۆمەڵگاو سامپڵ سنوری توێژینەوەکەو ڕاستی ڕواڵەتی و جێگری تێدا باسکراوە هەرچی تەوەری دووەمە شیکاری ناوەڕۆک کراوە بۆ سامپڵی توێژینەوەکە لە ڕێگەی چەند خشتەیەک.

توێژەر

# بەشی یەکەم
# چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکە

**یەکەم: ڕێکارەکانی توێژینەوەکە**

1. کێشەی توێژینەوەکە
2. پرسیارەکانی توێژینەوەکە
3. گرنگیی توێژینەوەکە
4. ئامانجی توێژینەوەکە

**دووەم:توێژینەوەکانی پێشوو**

**سێیەم: چەمکەکانی توێژینەوەکە**

1. شێواز
2. مۆنتاژ
3. بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری
4. کەناڵی ئاسمانی

# بەشی یەکەم

## چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکە

### یەکەم: ڕێکارەکانی توێژینەوەکە

#### 1. کێشەی توێژینەوەکە

مۆنتاژ بەبنەمایەکی سەرەکی دادەنرێت لە سینەماو تەلەڤزیۆندا، هەروەها ئەم پرۆسەیە ڕۆڵێکی بەرچاو و گرنگیی هەیە بۆ گەیاندن و دەرخستنی ئەو پەیامەی کەدەمانەوێت لەڕێگەی ژانرەکانی تەلەڤزیۆنەوە بیگەیەنینە بینەر، بەتایبەتی لە فیلم و بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان و بەرنامە بەڵگەنامەییەکاندا، ئیفێکتیش واتە کارتێکەر تەواو پێچەوانەی (بابەتی بوونە) و بە تەواوی پەیوەندی بە (خودەوە) هەیە. بۆیە ئەم توێژینەویە هەوڵ دەدات گرنگی ئەو شێوازانەی مۆنتاژ دەستنیشان بکات، کە گرنگە ڕەچاو بکرێن لە کاتی مۆنتاژکردنی بەرنامەکان، بەتایبەتی بەرنامە دۆکیۆمێنتارییەکان، دەستنیشانکردنی ئەو کەم و کوڕیانەی کەناڵەکە هەیەتی سەبارەت بە شێوازی مۆنتاژکردن. لێرەدا ڕووخسارەکانی پرسیاری کێشەی ئەم توێژینەوەیە دەردەکەوێت، کە ئایا گرنگی شێوازەکانی مۆنتاژ لەبەرنامە دۆکیۆمێنتارییەکانی کەناڵی ئاسمانی کوردستان24 دا, چین؟

#### 2. پرسیارەکانی توێژینەوەکە

پرسیارەکانی توێژینەوە لایەنێکی گرینگە لە لایەنەکانی توێژینەوەی زانستی لە سەرجەم توێژینەوە زانستییەکان، بەو مانایەی پرسیارێک دێت، کە پێویستی بە وەڵامدانەوە و ڕوونکردنەوە هەیە، یان هەڵوێستێکی نارۆشنە پێویستی بە شیکردنەوەیە (قندیلجي 1999، ل48).

بۆیە توێژەر کۆمەڵێک پرسیار دەورژێنێت بۆ ئەوەی لە توێژینەوەکەیدا بتوانێ وەڵامیان بداتەوە، گرنگترین پرسیارەکانیش ئەمانەن:

1. بایەخ و ڕۆڵی مۆنتاژ لەبەرنامە دۆکیۆمێنتارییەکانی کەناڵی کوردستان24 چین؟
2. گرنگترین شێوازە بەکارهێنراوەکانی مۆنتاژ لە بەرنامە دۆکیۆمێنتارییەکانی کەناڵی کوردستان24 کامانەن؟
3. ئەو گۆشە و وێنەو جوڵە گرتانەی کامێرا، کامانەن کە کەناڵی کوردستان24 لە پرۆسەی مۆنتاژی بەرهەمهێنانی بەرنامە دۆکیۆمێنتارییەکان گرنگیان پێدەدات؟
4. ئەو هۆکار و مەبەستانە چین، کە کارتێکەری بڕین تێدا ئەنجام دەدرێ؟
5. ئەو کارتێکەرە ڤیدیۆییانە کامانەن، کە کەناڵی کوردستان24 بەکاریان دەهێنێ لە پرۆسەی مۆنتاژ لە بەرهەمهێنانی بەرنامە دۆکیۆمێنتارییەکانیدا؟
6. ئەو مۆدانە کامانەن، کەناڵی کوردستان24 لە بەرهەمهێنانی بەرنامە دۆکیۆمێناریەکانیدا بەکارییان دەهێنی؟

### 3. گرنگیی توێژینەوەکە

گرنگیی توێژینەوە، یەکێکە لە دەستەواژە میتۆدییە پڕ بایەخەکانی هەر توێژینەوەیەک، گرنگیی توێژینەوە و سروشتەکەی پێوەرێکی سەرەکییە و کاریگەری دەبێت بەسەر هەڵبژاردنی کێشەی توێژینەوەکەوە، پێویستە لەسەر توێژەر ئەوە ڕوون بکاتەوە گرنگیی زانستی و توێژینەوەی بابەتەکەی لە چی دایە و لەو ڕێگەیەشەوە ڕەهەندەکانی بخاتەڕوو، لە هەمان کاتیشدا باس لەوە بکەن ئەو پێویستییە کۆمەڵایەتی و مرۆییانە کامانەن، کە ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی لەم جۆرە دەخوازن؟ چەندە توێژەر سەرکەتوو بێت لە دەرخستنی گرنگیی و پێویستبوونی توێژینەوەکەی، ئەوەندە دەتوانێت بەهای زانستی و بەهای تیۆریی توێژینەوەکە پیشان بدات و گوزارشت لە گرنگیی مێژوویی و ئەکادیمییەکەی بکەن (حجاب ،2006، ل13). لە چەند لایەنێکەوە ئەم توێژینەوە گرنگیی خۆی هەیە:

1- **لایەنی ڕەسەنایەتی**: گرنگیی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە لە ڕەسەنایەتییەوە سەچاوەی گرتووە، توێژینەوەیەکی زانستی دەگمەنە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان تاوتوێی گرنگی شێوازەکانی مۆنتاژ لەبەرنامە دۆکیۆمێنتارییەکان دەکات.

2- **لایەنی زانستی**: ئەم توێژینەوەیە، دەچێتە بواری پسپۆڕی تەلەڤزیۆنی، بە تایبەتی چۆنییەتی بەگەڕخستنی مۆنتاژی تەلەڤزیۆنی لە بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری، هەروەها هەوڵێکی ئەکادیمییە بۆ شرۆڤەکردنی پەیوەندی و کارلێک لەنێوان مۆنتاژ و بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری، زیاد لەوەش دەرخستنی لێکەوتە و میکانیزمەکانی بەکارهێنانی ئامرازەکان و شێوازەکان لەم پرۆسەیەدا.

3- **لایەنی تیۆری:** هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن لە بەدەستهێنانی زانیاری دەربارەی مۆنتاژی بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری لە کەناڵی ئاسمانی کوردستان 24 دا، توێژینەوەیەکە لە ڕووی تەکنیکەوە سوود بە توێژەران و ناوەندە ئەکادیمییەکانی هەرێمی کوردستان دەگەیێ، و زانیاری سەبارەت بە چۆنییەتی دروستبوونی کاریگەری لەسەر بەرهەمهێنان و تایبەتمەندیی مامەڵەکردنی کەناڵە ئاسمانییەکان کوردییەکان لەگەڵ گونجاندنی شێوازی مۆنتاژ بەرامبەر بە قوتابخانەکانی دۆکیۆمێنتاری دەداتێ.

4- **لایەنی پەیوەنداری:** گرنگیی ئەم توێژینەوەیە بۆ لایەنی پەیوەندار، کەناڵی ئاسمانی کوردستان24 کە سامپڵی ئەم توێژینەوەیەیە، هەوڵێکە بۆ ڕوونکردنەوەو دەرخستنی گرنگی شێوازی مۆنتاژ و گونجاو و نەگونجاوی لەبەرنامەی دۆکیۆمێنتاری و چۆنییەتی کاریگەری دروستکردنە لەسەر بینەران، لەئاکامی گەشەسەندنی شێوازی تەکنیکی لە مۆنتاژدا، ئەم توێژینەوەیە سوودی بۆ فێرخوازان و میدیاکاران دەگەیێ سەبارەت بە هەنگاوە تەکنیکییەکانی هونەری مۆنتاژکردن.

### 4. ئامانجی توێژینەوەکە

ئامانجەکانی توێژینەوەی زانستی لەو پرسیارەوە سەرهەڵدەدا کە هەڵوێستیکی تەمومژاوی لە کێشەی توێژینەوەکەدا خولقاندویەتی، کەوایە ئامانجی توێژینەوە بریتیە لە دارِشتنەوەیەکی تازەی ئەو پرسیارەی کە پێویستی بە شیکردنەوە و قوڵکردنەوە و وردکردنەوەی کێشەکەیە، وێرای ئەمەش هەموو توێژینەوەیەک چەند ئامانجێکی لە پشتەوەیە وەک: خزمەتکردن بە کۆمەڵگا و دۆزینەوەی دیاردەیەکی تازە و نەزانراو، بەدەستهێنانی پلەی زانستی و گومانکردن لە ئەنجامی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەکانی پێشووتر (المشهداني 2019، 29).

دەتوانین ئامانجی ئەم تویژینەوەیە لەم چەند خاڵەدا چرِ بکەینەوە:

1. دەرخستنی بایەخ و رِۆڵی مۆنتاژ لە بەرنامە دۆکیۆمێنتارییەکانی کەناڵی ئاسمانی کوردستان24 دا.
2. خستنەرِووی واقیعی پرِۆسەی مۆنتاژ لە بەرنامە دۆکیۆمێنتارییەکانی کەناڵی ئاسمانی کوردستان24 دا.
3. خستنەرِووی زانیاری لە رِووی جۆری بابەتی بەرنامە دۆکیۆمێنتارییەکانی کەناڵی کوردستان24 دا.
4. دەرخستنی شێوازو مۆدەکانی بەرنامە دۆکیۆمێنتارییەکانی کەناڵی کوردستان24.
5. خستنەرِووی زانیاری لە رِووی شێوازەکانی مۆنتاژ لە بەرنامە دۆکیۆمێنتارییەکانی کوردستان24 دا.

**دووەم: توێژینەوەکانی پێشوو**

پسپۆڕانی بواری توێژینەوەی زانستی پێیان وایە توێژینەوەکانی پێشوو سەرچاوەیەکی گرنگ و دەوڵەمەندن کە دەبێت توێژەر بەر لە توێژینەوەکەی لە بارەیانەوە ئاگایی هەبێت، لێرەدا توێژەر لە ئەنجامی گەڕان بۆ سوود وەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو، بە تایبەت ئەو توێژینەوانەی سەبارەت بە مۆنتاژ ئەنجامدراون، توێژەر ژمارەیەک توێژینەوەی دەستکەوتوە کە پەیوەندی دارن بە بابەتی توێژینەوەکەوە، و لە خوارەوە ئاماژە بە ناوی توێژەر و ناونیشان و ئامانجەکانیان دەکەین.

(Ali Abdullah Saleh 2022) Narrative in Kurdish Television Documentary، Universitas Salahaddin، Erbil، Iraq

توێژینەوەیەکە، گوتار شیکاری فرەشێوازی تێدا بەکارهاتووە، بە پشت بەستن بە ڕێگەی تێکەڵکراو لە داتای چۆنیەتی و چەندیەتی، بۆ بەرنامە دۆکیۆمێنتارییەکانی تەلەڤزیۆنی (ڕووداو) لە کوردستانی عێراق، تێزێکی دکتۆرایە، پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی ئەدەبیات کراوە لە زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر، وەکو بەشێک لە پێداویستیەکانی بەدەستهێنانی پلەی دکتۆرا لە ڕاگەیاندن، کۆمەڵێک ئامانج و دەرئەنجام لەخۆ دەگرێت.

**گرنگترین ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە، پیکدێت لە:**

1. بەدواداچوون بۆ گەشەی پیشەسازی فیلمی دۆکیۆمێنتاری و گێڕانەوەی فیلمە دیکۆمێنتاریەکان، وە تەکنیکەکانی مۆنتاژو ناوەڕۆک و دیدگا سیاسییەکان، سەرنجڕاکێشانی جوانکاری یان سۆزداری و گوتاری بەرهەمهێنانی دۆکیۆمێنتاری لە تەلەڤزیۆنی کوردیدا.
2. ئەم توێژینەوەیە شیکاری ئەو شێوازانە دەکات، کە کەناڵی ڕووداو پشتی پێدەبەستێت، لەبەرهەمهێنانی دۆکیۆمێنتارییەکانی وەک شێوازی بینراو و زارەکی.

3. ئەم تێزە خوێندنەوەیەکی بنەڕەتی بۆ پرۆسەی بەرهەمهێنانی بەڵگەنامەیی دۆکیۆمێنتاری دەکات لە ناوچەکەدا، کە بەشدارە لە زانیارییە هەبووەکان لەسەر فیلمە بەڵگەنامەییەکان.

**لە گرنگترین دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە، پێکدێت لە:**

1. ئەم تێزە گەیشتوەتە ئەوەی کە تاقیکردنەوەی ستراکچەری گێڕانەوە، بەستنەوەی بینراو و بیستراو، ستراکچەری مۆنتاژ و گۆشەکانی ستونی و ئاسۆیی، ڕەنگ و لایت و ڕووناکی لە ڕێگەی گوتاری فرە شێواز ڕووداو سەرکەوتووانە گێڕانەوەی بەرهەمهێناوە.
2. کەناڵی ڕووداو لە بەرهەم هێنانی دۆکیۆمێنتارییەکانیدا پشتی بە هەردوو جۆری مۆدی ئێکسپۆزیتری و پارتیسپەیتەری، بەستووە.
3. وێنەکان لە ئاستی چاوی گۆشە ڕێکەکان، ئاماژەن بۆ پەیوەندییەکی یەکسان لە نێوان بینەر و بەشداربووان.

**توێژینەوەی (مي محمد حمدان العناتي 2020) بە ناونیشانی (معالجة البرامج الوثائقية والاستقصائية في تلفزيون المملكة للشأن) دراسة التحليلية، رسالة ماجستير، جامعة الشرق الاوسط، في الأردن.**

توێژینەوەیەکی شیکارییە بۆ ئەو بەرنامەو دۆکیۆمێنتار و بنکۆڵکاریانەی کە لە تەلەڤزیۆنی ئوردنی پێشکەش کراوە ئەنجامدراوە، لە کۆلێژی ڕاگەیاندن لە زانکۆی (الشرق الآوسط) لە ساڵی 2020 ) لە شاری عەمان پایتەختی وولاتی ئوردن بەمەبەستی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر ئەنجامدراوە.

**گرنگترین ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە، پێکدێت لە:**

1. زانینی شێوازی پێشکەشکردنی بەرنامەو دۆکیۆمێنتارییەکانی تەلەڤزیۆنی ئوردنی.
2. زانینی شێوازەکانی دۆکیۆمێنتاری بە پێی شێوازی کاری ڕۆژنامەوانی، ئایا ڕاپۆرتە یان بەدواداچوونە یاخود چاوپێکەوتن.

3. زانینی ئەو بابەتانەی کە تەلەڤزیۆنی ئوردنی پێشکەشی کردوون لە ڕێگەی بەرنامە دۆکیۆمێنتارییەکانەوە، کە بۆتە هۆی چارەسەرکردنی پرسە نیشتمانییەکان.

**لە گرنگترین دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە، پێکدێت لە:**

1. کەناڵی ئوردنی لە بەرنامە دۆکیۆنتارییەکانیدا، دەردەکەوێت کە زیاتر گرنگیی بە پرسە سیاسیەکان دەدرێت، بەتایبەتی پرسە سیاسیە ناوخۆییەکان.
2. کەناڵی ئوردنی لە بەرنامە دۆکیۆنتارییەکانیدا، دەردەکەوێت کە زیاتر گرنگیی بە شێوازی (ڕا وەرگرتن) دەدات لە بەرهەمهێنانی بەرنامە دۆکیۆمێنتارییەکان.
3. لە بەرنامە دۆکیۆمێنتارییەکانی کەناڵی ئوردنی، لە کارەکانی دا بێ لایەنە و پیشەیی دوور لە هەست و سۆز دەردەکەوێت.

(Sandi Prasetyaningsih 2019) Creative Editing in Documentary Film، Universitas Islam Riau، Pekanbaru، Indonesia

ئەم توێژینەوەیە بەشداری لە کۆنفرانسی ( Second International Conference on Social، Economy، Education and Humanity ) کردووە، ئامانجی وەسفکردنی گەڕان بەدوای یەکێک لە چارەسەرەکانە لەسەر ئەو پرسە تەکنیکیانەی مۆنتێر لە کاتی پرۆسەی مۆنتاژ کردندا ڕووبەڕووی دەبنەوە. دەبێتە لێکۆڵینەوەیەک لە تەکنیکە بنەڕەتییەکانی مۆنتاژ وەک پۆلێنکردنی ڕەنگەکان و پشتگیریکردنی پرۆسەی مۆنتاژکردنی داهێنەرانە. ئەم توێژینەوەیە گرنگە بەو پێیەی تێڕوانینێکی دیکە دەدات بە دەرهێنەر کاتێک هەمان کێشەکانی مۆنتاژکردنی دۆکیۆمێنتاری ڕووبەڕووی دەبنەوە.

**گرنگترین ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە، پێکدێت لە:**

1. پێداچونەوەیەک بە مێژووی مۆنتاژکردن و زانینی پەرەسەندنی هونەری مۆنتاژ لە ڕووی تەکنیکە بەکارهێنراوەکانەوە.

2. هۆکاری بەکارهێنانی تەکنیکی نوێی مۆنتاژ بە بەردەوامی لە فیلمی خەیاڵی و بەرنامەی دۆکیۆمێنتاریدا.

3. زانینی بەکارهێنانی تۆنی ڕەنگەکان لە بەرنامەی دۆکیۆمێنتاریدا بە تایبەتی لە ڕووی زیادکردن و کەم کردنەوەی ڕەنگەکان.

**لە گرنگترین دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە، پێکدێت لە:**

1. کارکردن لە فیلمی دۆکیۆمێنتاریدا ئاڵنگاریە، بە تایبەتی کاتێک دەچێتە ناو پرۆسەی دەستکاریکردنەوە، دەرهێنەر درک بەوە دەکات کە لە کاتی بەرهەمهێناندا پێویستە پلانی بەرهەمهێنان و دیزاینی باشمان هەبێت وەک ئامادەکردنی هەر پرسێکی پێشبینی نەکراو.

2. گەڕان بەدوای تایبەتمەندی پۆلێنکردنی ڕەنگ بە بەکارهێنانی تۆنی ڕەنگ وەک (highlight ،contrast ،frontage) هتد، دەرهێنەر هەوڵ دەدات زۆر شت فێر ببێت دەربارەی چۆنێتی بەردەوامی ڕەنگەکان، کە لە فیلمی دۆکیۆمێنتاریی پێشووتری بە تەواوی سەرکەوتوو نەبووە.

3. لە ئەنجامی ئەو کێشانەی لە رووی ڕەنگەوە کە ڕووبەڕووی دەرهێنەر دەبنەوە لە کاتی بەرهەمهێناندا، هەوڵ دەدات بە بەردەوامی ڕەنگەکان لە نزیکەوە دەستکاری بکات، بۆ ئەوەی کەمێک لە ڕەنگەکانی کەم بکاتەوە و لە کاتی سەیرکردنی فیلمە دیکۆمێنتاریەکەدا بینەر یەخۆیانەوە سەرقاڵ نەکەن.

**توێژینەوەی (نەبەز ئەحمەد حەسەن 2017) بە ناونیشانی (بەکارهێنانی شێوازەکانی مۆنتاژ لە بەرهەمهێنانی ڕاپۆرتی تەلەڤزیۆنی لە کەناڵە ئاسمانییەکانی هەرێمی کوردستاندا) نامەی ماستەر بڵاونەکراوە، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.**

توێژینەوەیەکی شیکارییە بۆ هەردوو کەناڵی ئاسمانی (GK) و (KNN) ئەم توێژینەوەیە باس لە زانینی ئەو شێوازانەی، کە لە مۆنتاژی راپۆرتەکانی هەردوو کەناڵی ئاسمانی (GK) و (KNN)کردووە، کۆمەڵێک ئامانج و دەرئەنجام لەخۆ دەگرێت.

**گرنگترین ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە، پێکدێت لە:**

1. زانینی شێوازی بەکارهێنانی ئەو کارتێکەرانەی لە مۆنتاژکردنی ڕاپۆرتە هەواڵەکاندا بەرجەستەکراوە.
2. بەئاگابوون لە شێوازی مۆنتاژکردن لە بەکارهێنانی دەنگی سروشتی و دەرکەوتنی پەیامنێر لە نێو ڕاپۆرتەکان.
3. دەرخستنی شێوازی مامەڵەکردنی مۆنتاژی تەلەڤزیۆنی لەگەڵ جۆری وێنەو ماوەی وێنەی بەکارهاتوو.
4. زانینی ئاستی بەکارهێنانی گرتەو جوڵەو گۆشەکانی کامێرا لە مۆنتاژکردنی ڕاپۆرتەکاندا.
5. بە ئاگابوون لە ئاستی هەماهەنگی وێنەو تێکست لە مۆنتاژکردنی ڕاپۆرتەکاندا.
6. ئاشکراکردنی ڕادەی لێکچوون و جیاوازی بەکارهێنانی شێوازی مۆنتاژکردنی ڕاپۆرتەکان لە نێوان هەردوو کەناڵی ئاسمانی (GK) و (KNN).
7. دەرخستنی لێکچوون و جیاوازی شێوازی بەکارهێنانی مۆنتاژکردن لە ڕووی جۆراو جۆرو شێوازی ئەنجامدانی ڕاپۆرتەکان.

**لە گرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی کە توێژەر پێی گەیشتووە، پێکدێت لە:**

1. هەردوو کەناڵی (GK) و (KNN) بە پلەی یەکەم بەکارهێنانی کارتێکەری (CUT) پابەندبوون، ئەمەش شێوازێکی گونجاوە و بە بنەمای سەرەکی شێوازی بەکارهێنانی کارتێکەر لە مۆنتاژی ڕاپۆرتدا دادەندرێت.
2. پرۆسەی مۆنتاژ مامەڵە لەگەڵ وێنەی جوڵاو وەک ڕەگەزێکی سەرەکی نێو ڕاپۆرت دەکات، ئەمەش لە نێو هەردوو کەناڵدا (GK) و (KNN) بە شێوازێکی ڕوون بەبێ جیاوازی کاری لەسەر کراوە.
3. بەکارهێنانی دەنگی سروشتی وەک بنەمایەک بۆ مۆنتاژی ڕاپۆرت لەلایەن هەردوو کەناڵ پەنای بۆ براوە، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت کەناڵی (KNN) زیاتر هەوڵی داوە بەکارهێنانی دەنگی سروشتی لەنێو ڕاپۆرتەکاندا لەسەرەتاو ناوەندو کۆتایدا بەرجەستە

بکات، له بەرامبەردا کەناڵی (GK) شێوازی بەکارهێنانی دەنگی سروشتی لەگەڵ باکگراوندا زیاتر بەکارهێناوە.

4. هەردوو کەناڵ لە مۆنتاژکردنی ڕاپۆرتەکاندا ڕەچاوی دەرکەوتنی پەیامنێریان کردووە.
5. هەردوو کەناڵ هەوڵیانداوە، لەکاتی مۆنتاژکردنی ڕاپۆرتەکاندا پەنا بەرنە بەر تەواوی گرتەکانی کامێرا.

1. **توێژینەوەی (کاوە عزالدین عبدالرحمن،** 2016) **بەناونیشانی (استخدام مؤثر القطع فی فلم کویستانی سپی) توێژینەوەی بڵاوکراوە لە گۆڤاری زانستی (گەرمیان).**

توێژینەوەیەکی وەسفی شیکارییە باس لە بەکارهێنانی کارتێکەری (CUT) دەکات لە فیلمی کوێستانی سپی، کۆمەڵێک ئامانج و دەرئەنجام لەخۆ دەگرێت.

**لە گرنگترین ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە، پێکدێت لە:**

1. زانینی ژمارەی کارتێکەری بڕین لە فیلمی (کوێستان سپی)
2. دۆزینەوەی هۆکاری بەکارهێنانی کارتێکەری بڕین لە کاتی گواستنەوەی گرتەکان لە فیلمی (کوێستانی سپی)
3. ناسینەوەی قەبارەی گرتەو وێنە گیراوەکان لە فیلمی (کوێستانی سپی)

**لە گرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی کە توێژەر پێی گەیشتووە پێکدێت لە:**

1. دەرهێنەر بەشێوەیەکی زۆر پشتی بە کارتێکەری بڕین (CUT) بەستووە، بەشێوەیەکی چڕ بۆ بەستنەوەی بەشەکانی فیلم و گێڕانەوەی چیرۆکەکە.
2. دەرهێنەر هەوڵی داوە وا لە بینەر بکات لە ڕێگەی بەکارهێنانی کارتێکەری بڕین لە چەند گرتەیەکی گشتی و مامناوەند و نزیکدا ڕووداوەکان بەشێوەیەکی ڕوون تەماشا بکرێت.
3. دەرهێنەر ئامرازی گواستنەوەی تێکەڵکردن (dissolve)، بەکارهێناوە بۆ دەربڕینی ئەو ماوە کورتەی بەسەرچووە.

**توێژینەوەی (محمد عبدالفتاح طه، 2016)بە ناونیشانی (طبیعة الدور التعبیري الاتصالي للمونتاج فی الافلام السینمائیة ) دراسة میدانیة ، رسالة ماجستیر غیر منشورة، جامعة الشرق الاوسط، في الأردن.**

توێژینەوەیەکی شیکارییە بۆ کۆمەڵێک فیلمی سینەمایی و کلاسیکی نوێ لە کۆلێژی ڕاگەیاندن لە زانکۆی (الشرق الآوسط) لە ساڵی 2016 )، لە شاری عەمان پایتەختی وڵاتی ئوردن بەمەبەستی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر ئەنجامدراوە.

**گرنگترین ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە، پێکدێت لە:**

1. دیاریکردنی ئەو ڕۆڵەی کە مۆنتاژ دەیگێڕێت لە فیلمە سینەماییەکان.
2. زانینی پەیوەندی مۆنتاژ بە فیلمە سینەماییەکان لە ڕێگەی شیکردنەوەی قوتابخانەکانی مۆنتاژ بە فیلمە سینەماییەکان و بە کارهێنانی پەیوەندی فیلمی کۆن و فیلمی نوێ.
3. پاشخانێکی زانین دەبەخشێ بە ڕاگەیاندکار و دەرهێنەرەکان و فیلمسازەکان دەربارەی مۆنتاژ کردن لە فیلمە سینەماییەکان و ئاراستەکانیان دیاری دەکات.

**لە گرنگترین دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە، پێکدێت لە:**

1. مۆنتاژ ڕۆڵێکی گرنگیی هەیە لە دروست کردنی هەست و سۆزی بەردەوام، مۆنتاژ ڕۆڵی هەیە لە بەستنەوەی گرتەکان و هەروەها پەیوەندی دروستکردن لەگەڵ بینەران.
2. مۆنتاژ لە توانای دا هەیە بینەران ئاراستە بکات بۆ مەبەستی دیاری کراو، هەروەها گۆڕینی هزری مرۆڤەکان لە چرکەیەکدا.
3. مۆنتاژ کاریگەری هەیە لەسەر لایەنی دەرونی بینەر، بەشێوەیەک لە توانایدا هەیە لە یەک کاتدا بینەر دڵخۆش بکات یاخود دڵ تەنگی بکات.

(Xiaoshu Li 2014) Research on the Montage Technique in the Film and Television ، Zhengzhou Institute of Aeronautical Industry Management، Zhengzhou، P.R.China.

ئەم توێژینەوەیە نوسراوە بۆ مەبەستی بەشداری کردنی لە کۆنفرانسی ( International Art and Intercultural ، Language،Conference on Education Communication) ناوەرۆکەکەی لە سەرچاوەی مۆنتاژەوە دەست پێدەکات و دواتر ناساندنی شێوازی پۆلێنکردنی مۆنتاژ بە وردی باس دەکات، وە لە ڕێگەی ئەم توێژینەوەیەوە ڕۆڵی مۆنتاژ لە فیلم و تەلەفزیۆندا بۆ جەماوەر شیدەکاتەوە، بینەر دەتوانێت لە مانای قووڵی مۆنتاژ تێبگات و باشتر بێت.

**گرنگترین ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە، ئەمانەی پێکدێت لە:**

1. ڕۆڵی مۆنتاژ لە بەرهەمهێنانی فیلم و دۆکیۆمێنتاریدا دەربخات.
2. پەرەپێدانی مۆنتاژ لەلایەن دەرهێنەرانەوە لە بەرهەمهێنانی فیلم و دۆکیۆمێنتاریەوە.
3. پۆلێنکردنی مۆنتاژ بۆ بەشە جیاوازەکان، بە تایبەتی لە ڕووی ناوەڕۆکەوە تا چەند شیاون و کامیان زیاتر بەکاردەهێندرێت.

**لە گرنگترین دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە، پێکدێت لە:**

1. کارێکی باش لە فیلم و تەلەفزیۆن ناتوانێت بەبێ هونەری مۆنتاژ و دەستکاریکردنی نایاب بەرهەمبیێت..
2. پێویستە لە بەرجەستەکردنی مۆنتاژدا گەورەترین ڕۆڵی خۆی لە فیلمەکاندا بگێڕێت، وە پیشانی بدات مۆنتاژ چ ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە دروستکردنی فیلمدا.
3. پێویستە دەستکاریکردن و مۆنتاژەکە تێکەڵەیەکی تەواو بەدی بیێن، وابکات کە تیۆری مۆنتاژکردن باشتر بێت و ڕۆژ بە ڕۆژ لە کامڵبوون نزیک بێتەوە.

## تاوتوێی توێژینەوەکانی پێشوو

ئەو توێژینەوانەی پێشوو کە خراونەتە ڕوو، بە گشتی توێژینەوەکان بە زمانی (کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی)یە، کە لە دوو بوار پێکهاتوون ئەوانیش (شێواز و هونەری مۆنتاژ کردن و بەرهەمهێنانی بەرنامە دۆکیۆمێنتارییەکان)ە.

توێژەر سوودی زۆری لە توێژینەوەکانی پێشوو وەرگرت و هەوڵیدا توێژینەوەکانی پێشوو وەک ڕێگایەک بەکاربهێنێت لە داڕشتنی کێشەو پرسیارەکانی توێژینەوەکە و گەیشتن بە ئەنجامەکان، ئەم توێژینەوەیە دەبێتە درێژە پێدەری ئەو توێژینەوانەی کە کراون دەربارەی شێوازە هونەرییەکانی مۆنتاژکردن لە تەلەڤزیۆنەکان بەتایبەتی لەبەرهەمهێنانی بەرنامە دۆکیۆمێنتارییەکاندا، هەروەها سوودی لە جۆری بەکارهێنانی مێتۆدی توێژینەوەکان وەرگرتووە، بەتایەتی بۆ ئەم ناونیشانی توێژینەوەیە، کە زیاتر پشت دەبەستێت بە میتۆدی وەسفی و شیکردنەوەی ناوەڕۆک، دانانی پلان و ڕێکخستنی بابەتەکان و سوود لێ وەرگرتنیان وەکو سەرچاوەیەکی زانستی.

توێژەر هەوڵی داوە لە چەند لایەنێک سوود لە توێژینەوەکان وەربگرێت بە تایبەتی توێژینەوەی (نەبەز ئەحمەد حەسەن)، کە لە پرسیار و ئامانجی توێژینەوە سوودی لێ وەرگیراوە و لە بەشێک لە داڕشتن و بیرۆکەی خشتەکانیش سوودی لێ وەرگیراوە و بەشەکەی تری خشتەکان سوود لە لایەنی تیۆری توێژینەوەکە وەرگیراوە، بەڵام خاڵی جیاوازی ئەم دوو توێژینەوە ئەوەیە، کە ئەو شێوازەکانی مۆنتاژ لە بەرهەمهێنانی ڕاپۆرتی تەلەڤزیۆنی کەناڵە ئاسمانییەکان باس دەکات، بەڵام ئەم توێژینەوەیە باس لە شێوازەکانی مۆنتاژ لە بەرنامە دۆکیۆمێنتارییەکانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان دەکات و سامپڵی توێژینەوەکەی ئەو هەردوو کەناڵی ئاسمانی (GK) و (KNN)ە، بەڵام ئەم توێژینەوەیە سامپڵەکەی کەناڵی (کوردستان بیست و چوارK24 )ە، توێژینەوەی (کاوە عزالدین عبدالرحمن)، کە سوود لە دیزاینی بەشێک لە خشتەکانی ئەو توێژینەوەیە وەرگیراوە، بەڵام

خاڵی جیاوازی ئەم دوو توێژینەوە ئەوەیە، کە ئەو هۆکارەکانی کارتێکەری بڕین (CUT)ی بەکارهێناوە لە شیکردنەوەی توێژینەوەکەی، لە فیلمێک بەناوی (کوێستانی سپی)، بەڵام ئەم توێژینەوەیە هەموو کارتێکەرەکانی مۆنتاژی بەکارهێناوە لە شیکردنەوەی بەرنامە دۆکیۆمێنتارییەکانی کەناڵی (کوردستان 24)، هەرچی توێژینەوەکانی توێژەران Xiaoshu Li. ، Sandi Prasetyaningsih ە، دەربارەی کاریگەری و ڕۆڵی مۆنتاژە بەتایبەتی لە ڕووی شێوازەکانی مۆنتاژ و کاریگەریی میوزیک و ڕەنگەکان لەسەر فیلمەکان، بەڵام ئەم توێژینەوەیە دەربارەی شێوازەکانی مۆنتاژ و کارتێکەرە ڤیدیۆییەکان و گرتەکانی کامێرایە لە بەرنامە دۆکیۆمێنتارییەکان، سەبارەت بە توێژینەوەی تێزی دکتۆرا (Ali Abdulla salih)، توێژەر سوودی لە شێوازو مۆدەکانی دۆکیۆمێنتاری ئەم توێژینەوەیە وەرگرتووە چونکە ئەم توێژینەوەیە خۆی لەگەڵ گۆڕاوی دووەمی توێژینەوەکە یەک دەگرێتەوە، کە تایبەتە بە شێوازی بەرهەم هێنانی دۆکیۆمێنتاریە کوردییەکان و چۆنیەتی گێڕانەوەیانە لە کەناڵی ڕووداو.

توێژینەوەکە لە ڕووی میتۆدەوە هەمان میتۆدی توێژینەوە کوردی و عەرەبیەکانی بەکارهێناوە کە میتۆدی وەسفیە.

لە ڕووی ئەنجامەوە کۆی توێژینەوەکانی پێشوو ئەوەیان خستوەتە ڕوو، بە شێوەیەکی گشتی هەموو ئەو سامپڵانەی وەرگیراون بۆ توێژینەوەکانیان، شێواز وکارتێکەرەکانی مۆنتاژ بە هەموو شێوازەکانیانەوە لە ناو پرۆسەی مۆنتاژەکانیان بەکارهاتوون و کاریگەریشیان درووستکردووە، بەشێوەیەک کە لە بەرنامە و فیلمێکەوە جیاوازە لەگەڵ یەکی تر، ئەمیش بەهۆی جیاوازی ناوەڕۆکی بابەتەکان یاخود سیاسەتی دەزگاکە.

**سێیەم: چەمکەکانی توێژینەوە**

**1. شێواز**

ئەو نمایشە هونەرییە کە لە ڕێگەی زانیاری و مەرجەکانی ئەو ماددانەوە بەکار دەهێنرێت، کە لە ڕووی تەکنیکییەوە مامەڵەی لەگەڵ کراوە، واتە نیشاندانی ئەو توخمە هونەرییانەی کە بەپێی دید یان بیرۆکەیەکی بەرهەمهێنەر نمایش دەکرێ بۆ ئەوەی بتوانێت تایبەتمەندی و بەرژەوەندییەکانی بگەیەنێت (ثامر 2013، 37).

هەرچی پێناسەی کارڕای توێژەرە بۆ چەمکی شێواز لەم توێژینەوەیەدا: ئەو قاڵبە هونەرییە لە بەرنامەی تەلەڤزیۆنیدا بەکاردێت، تێیدا دەرهێنەر هەوڵ دەدات باشترین شێوازی تەکنیکی بەرهەمهێنان بەکاربێنێت لە ناوەڕۆکی بابەتەکان، بۆ ئەوەی ناوەڕۆکی توخمە هونەرییەکان و پەیامەکەی وەکو خۆی و بە باشترین شێوە بگەیەنێت بە بینەر.

**2. مۆنتاژ**

وشەی (Montage)ی فەڕەنسی بە واتایی کۆکردنەوە، دیاریکردن، گونجاندن، بەیەک بەستن، لکاندن دێت، لە ئینگلیزی ووشەی (Editing) مانای کرداری هەڵبژاردن و کۆکردنەوەی گرتەکانە و ڕیز بەندکردنیان یان لادانی هەندێک لە گرتەکان دێت، بە جۆرێک بۆ بینەر سەیرکردنی یەک لە دوایی یەکی گرتەکان دەستەبەر و گوزارشت لە ڕووداو و بیرۆکەیەکی دیاریکراو بکات بە گوێرەی دیدگای دەرهێنەر (عامر 2019، 9).

هەرچی پێناسەی کارڕای توێژەرە بۆ مۆنتاژ لەم توێژینەوەیدا: پرۆسەیەکە یاخود تەکنیکێکە بۆ زیادکردن و کەمکردنەوەو ڕێکخستن و بژارکردنی بەشە جیاوازەکانی بەرنامەیەکە بۆ ئەوەی مانای بیناکردنی ماددی و وێنەیی و زمانەوانی بگەیەنێت.

### 3. بەرنامەی دۆکیومێنتاری

دۆکیۆمێنتاری وشەیەکی لاتینییەو لە وشەی دۆکیۆمێنتەوە (Document) هاتووە کە بەمانای بەڵگەنامە دێت، بەڵام تێپەڕبوونی کات مانای وشەکە گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە، لەسەر ئەو بنەمایەش بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری چەندین پێناسەی جیاجیای بۆ کراوە (الداود 2013، 9)، بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری، بریتی یە لە نامەیەکی هونەری کە ململانێیەکی توند لە نێوان هەردوو بنەمای کۆمەلایەتی وسیاسی دەکات (Sheila 2011, 16).

هەرچی پێناسەی کارڕای توێژەرە بۆ بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری یەکێکە لەهونەرەکان و ژانەرەکانی تەلەڤزیۆن، کەتیایدا زۆرترین ڕاستی دەخرێتەڕوو سەبارەت بەبابەت یان بوار یان کەسایەتیەک، ڕێگە بەکەمترین دەستکاری ولادان دەدات لەلایەن بەرهەمهێنەر یان دەرهێنەری بەرهەمەکەوە وبەتەواوی ڕەنگدانەوەی بابەتەکە کاری لەسەر دەکرێت.

### 4. کەناڵی ئاسمانی:

کەناڵ، مەبەست لێی ئەو ئامرازەیە، کە لەو ڕێگەیەوە پەیامدەر پەیام ئاراستەی وەرگر دەکات. دەتوانین بڵێین کەناڵە ئاسمانییەکان بە چەندین شێوە ناسێنراون، "مەبەست لێی خستنەڕووی پرۆگرامی تەلەڤزیۆنییە لە ڕێگەی تۆڕێکی مانگی دەستکردەوە، کە بە دەوری زەویدا لە ڕێڕەو و ڕێچکەی دیارکراو دەخولێنەوە، گۆشە و ئاراستەی بەیەک گەیاندنی هەریەک لە پارچەکانی دیاریکراوە" (اللحياني 2008، 37)، هەروەها کەناڵە ئاسمانییەکان بە "وەرگرتنی پەخشی ڕاستەوخۆی تەلەڤزیۆنی لە ڕێگەی مانگە دەستکردەکانەوە دەوترێت بە ئامێری وەرگری ناوماڵ (رسیڤەر)، بە بێ هەبوونی وێستگەی گەورەی زەمینی" (وهيبة 2000 ، 7).

هەرچی پێناسەی کارڕای توێژەرە بۆ کەناڵی ئاسمانی، هەر کەناڵێک لە ڕێگەی مانگی دەستکردەوە پەخشەکەی بڵاو بکرێتەوەو خەڵک لە ڕێگەی ڕیسڤەرەوە یان ئینتەرنێتەوە لەهەر شوێنێکی دونیاو لە هەر وڵاتێک بتوانن سەیری بکەن بە کەناڵی ئاسمانی دادەنرێت.

# بەشی دووەم

## مۆنتاژی تەلەڤزیۆنی(چەمک و ڕەهەندە نوێگەرایییەکانی)

یەکەم: چەمک و پێناسەی مۆنتاژی تەلەڤزیۆنی

دووەم: مێژووی مۆنتاژ

سێیەم: ئەرکەکانی مۆنتاژی تەلەڤزیۆنی

چوارەم: گرنگیی مۆنتاژی تەلەڤزیۆنی

پێنجەم: سیستەمەکانی مۆنتاژی تەلەڤزیۆنی

شەشەم: جۆرەکانی مۆنتاژی تەلەڤزیۆنی

حەوتەم: شێوازەکانی مۆنتاژی تەلەڤزیۆنی

هەشتەم: ڕێسا گشتییەکانی مۆنتاژی تەلەڤزیۆنی

نۆیەم: بنەما سەرەکییەکانی مۆنتاژی تەلەڤزیۆنی

دەیەم: تایبەتمەندییەکانی مۆنتێری سەرکەوتوو

یازدەم: ئیتیکی مۆنتێر لە پرۆسەی مۆنتاژدا

## بەشی دووەم

### مۆنتاژی تەلەڤزیۆنی(چەمک و ڕەهەندە نوێگەراییەکانی)

**یەکەم: چەمک و پێناسەی مۆنتاژی تەلەڤزیۆنی**

مۆنتاژ بە گرنگترین قۆناغەکانی بەرهەمهێنانی تەلەڤزیۆنی و سینەمایی دادەنرێت، چەمکی مۆنتاژ لە وشەی (Montage)ی فەرەنسییەوە وەرگێراوە بە واتای کۆکردنەوە، دیاریکردن، گونجاندن، بەیەکەوە بەستن و لکاندن دێت. لە زمانی ئینگلیزی دا ووشەی (Editing) بەکارهاتووە، کە مانای کرداری هەڵبژاردن و کۆکردنەوەی گرتەکانە، پۆلێن و ڕێزکردنیان یان لادانی هەندێک لە گرتەکان دێت، بە جۆرێک بە گوێرەی گۆشە نیگای دەرهێنەر بۆ بینەر، سەیرکردنی یەک لە دوایی یەکی گرتەکان دەستەبەر و گوزارشت لە ڕووداو و بیرۆکەیەکی دیاریکراو دەکات (المنصور 2020، 17).

مۆنتاژی تەلەڤزیۆنی، واتای بیناکردنی ماددی و وێنەیی و زمانەوانی دەگەیەنێت لەگەڵ پێکهاتنی گرتەی پێویست بە پێی ڕێزبەندکردنێکی لۆژیکی و سیمبوولی و جوانی، لەبەر ئەوە دەکرێ بووترێت مۆنتاژ هونەر، تەکنیک، پیشە، چێژ و داهێنانە (عبدالطیف 2016، 183).

مۆنتاژی تەلەڤزیۆنی بریتی یە لە ڕێکخستن و پێکەوە گرێدانی گرتە ڤیدیۆکان و بەخشینی ڕیتم و هەماهەنگی لە نێوان ئەو سکوێنسە جیاوازانە کە پێکهێنەری سەرەکیی هەر بەرهەمێکن. هەروەک ئەنجامدانی جوانکاری و بونیادنانی ستراکچەری بەرهەمە تەلەڤزیۆنیەکەش ئامانجێکی دیکەی پرۆسەکەیە، کە ئەویش لە ڕێگەی بڕین و کورتکردنەوە و ئاڵوگۆرکردن و تێکەڵکردنی دیمەنە ڤیدیۆییەکانەوە هاڕمۆنی و هێڵێکی درامی بە بەرهەمەکان دەبەخشێ، بە شێوەیەک کاتێک بینەر سەیری دەکات، زوو کارلێک لەگەڵ دیمەنەکاندا دەکات (عەبدولرەحمان 2019، 178).

مۆنتاژی تەلەڤزیۆنی وا پێناسەکراوە کە یەکێکە لە پایە سەرەکی و گرنگەکانی هەر بەرهەمێکی تەلەڤزیۆنی یان سینەمایی، میدیای سەرکەوتوو گرنگی تایبەت دەدات بە بواری مۆنتاژ و کرداری مۆنتاژ، ئەگەر چی لە ناو ژوورێکی بچوکی داخراودا ئەنجام دەدرێت کە تیایدا دواین کارە هونەریەکان کۆتاییان دێت، بەڵام مۆنتاژ بە زیندوترین کاری هونەری دادەنرێت کە بەو هۆیەوە بەشە جیاوازەکانی بەرهەمەکە پێکەوە دەلکێنرێن (حەسەن 2017، 1).

مۆنتاژی تەلەڤزیۆنی بریتییە لە جیاکردنەوەی بەشە زیادەکانی وێنە و پۆلێن کردنیان و لکاندنیان بەیەکتر بۆ ئەوی مانایەکی نوێ بێتە کایەوە (عباسی 2012، 145).

مۆنتاژی تەلەڤزیۆنی بریتییە لە ڕێکخستنی زانیارییەکان(وێنە، دەنگ، تێکست، گڕافیک) لەڕووی (قەبارە، کات، پۆلێن، بەردەوامی بابەتیانە و جوانی ناسی) کە لەو ڕێگایەوە باس لە پرۆسەی ڕووداوەکان بە شێوەیەکی کورت و پوخت بۆ وەرگر دەکات (لاروخ 2018، 253).

مۆنتاژ کاریگەرییەکی زۆری هەیە لەسەر بونیاتنانی (بينين) و زیادکردنی جوانی پێویست بۆ تەواو دەرخستنی مانا جوانیەکان و دەروونیەکان، بە بەکارهێنانی پێشکەشکردن.

گوتراوە، کە (مۆنتێر) دەرهێنەری دووەمە بۆ کاری هونەری و مۆنتاژی فیزیکی، بۆ گرێدانی گرتەیەک لەگەڵ ئەوانی تر، چونکە گرتەکان هەموویان پێکەوە بەیەکەوە پەیوەستن، تاوەکو ببێتە دیمەن (مشهد) وە دیمەنەکانیش پێکەوە پەیوەستن تاکو بەشی برگە (مقطع)ی زنجیرەیی لێ پێک بهێنرێ، و لەسەر ئاستی میکانیکی مۆنتاژ کاری لابردنی ئەو کات و شوێنانەیە کە پێویست نین (الحسن 2018، 34).

مۆنتاژ بەتەنها کاری لێکدانی گرتە ئاساییەکان و ساکارەکان نیە، بەڵکو چالاکییەکانی لە بڕین و تیکەڵ کردن و بە دیارخستن و شاردنەوەی گرتە یەک بەدوای یەکەکانی دەست

پێدەکات و کاریگەری تەواو و ڕۆڵی تایبەتی دەبێت بۆ پێدانی وێنەیەکی ڤیدیۆیی تەلەڤزیۆنیی جوان لە شێوەو مانادا. مۆنتاژ بە خێراییەکی زۆر و ڕێک کارەکانی تەواو دەکات، بۆ گەیشتن بەو ئامانجەی کە بریتییە لە کاریگەری تەواو لەسەر بینەر لە بەرنامە ڕاستەخۆکاندا بە شێوەی کاتی، بەڵام لە بەرنامە تۆمارکراوەکاندا مۆنتاژ کارەکانی جۆراو جۆر دەبن، کەواتە مۆنتاژ بریتیە لە کاردانەوەی هزری نووسەر یاخود خاوەن بیرو دەرهێنەر و مۆنتێر بەیەکەوە، بە تایبەتی مۆنتێر دەتوانێت کارە ڕاسپێردراوەکانی بە شێوەیەکی ڕێک و پێک و جوان و داهینراوانە دەربخات (البهنسی 2005، 23).

مۆنتاژ بیر و هزری نوێ دێنێتە ئاراوە، واتا ئەو بیرۆکانەی کە لە دونیای خەیاڵدا هەن بەشێوەی هونەری و درامی بەرجەستەیان دەکات و دەیانخاتە جیهانی ڕاستەقینەوە، ئەم کردارە بەشێوەیەک بەستراوەتەوە بە کارە هزرییەکانی نوسەری تێکستەکە یاخود ئامانجی دەرهێنەر، کە لێرەدا دەیەوێت ڕاستییەکی ڕوون دەربڕێ، تاوەکو بەشێکی کەم لە ژیانی هزری یان سیاسی وەسف بکات لە کاتێکی کورتی دیاریکراودا (الیاسري 2014، 110).

**دووەم: مێژووی مۆنتاژ**

مێژووی مۆنتاژکردن هەرچۆنێک بێت لە گەشەی سینەما جیاناکرێتەوە، کینێت دانسیگەر (Kennet Dancyger 2007) دەڵێت: مۆنتاژکردن بوونی نەبوو کاتێک زۆرترین جووڵەی وێنەکان دروست کرا بەمەش سەرەتای مۆنتاژکردن بۆ سینەما دەگەڕێتەوە لە سەرەتا بە شێوازێکی سادە بەکارهات بە تایبەتی بۆ دروستکردنی فیلمە ڕەش و سپیە بێ دەنگەکان (Dancyger 2007, 12)، سەرەتاش ئامێری کینێتۆگراف (The Kinetograph)بوو، کە یەکەم ئامێر بوو لە ساڵی (١٨٩٠) پەیدا بوو، بۆ یەکەمجار لەلایەن (تۆماس ئەدیسۆن و ویلیام دیکسۆن)ەوە بەکارهێنرا، ئەم ئامێرە کە بە دەزگای وێنەی جووڵاو ناسرا، شێوازی کارکردنی کینێتۆگراف بەشیوازێک بوو کە کەسێک لە یەک کاتدا ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی دەرچەیەکی بینینەوە لە سەرەوەی ئامێرەکە سەیری خوارەوەی دەکرد، لە بەرامبەردا کەسی بینەر وێنەیەکی جوڵاو (واتە فیلمێک)ی دەبینی لە ڕێگەی زنجیرەیەک وێنەی وەستاوەوە کە بە خێراییەک لە ژێر سەرچاوەیەکی ڕووناکیدا دەجوڵا.

یەکەم جۆری مۆنتاژ لە فیلمدا بڕینی سادە بوو، کە لە بڕینی فیزیکی واتا وێنە خاوەکان پێش ئەوەی بخرێتە ناو ئامێری کینێتۆگرافەوە، مۆنتاژکردنی بڕینی فیزیکی بۆ یەکەمجار لە ساڵی 1895-1917 خرایە ناو جیهانی مۆنتاژەوە، ئەم جۆرە مۆنتاژە بە (بڕین و لکاندن) ناسرابوو.

دواتر ئێدوین پۆرتێر (Edwin Porter) یەکەم کەس بوو، کە لە مانگی ئابی ساڵی 1903 تەکنیکەکانی مۆنتاژکردنی فیلمی مۆدێرنی بەکارهێنا کە ڕۆژانە لە فیلمەکانی ئەمڕۆدا دەیبینین، بە ناوی فیلمی دزییە مەزنەکەی ناو شەمەندەفەر( The Great Train Robbery)، کە کورتە فیلمێک بوو ماوەکەی 10 خولەک بوو، لەسەر ڕفاندنی شەمەندەفەرێک بوو کە لە هەوڵێکدا بۆ دزینی پارەی ناو شەمەندەفەرەکە، (ئێدوین پۆرتێر)

چەندین تەکنیکی دەستکاریکردنی بەکارهێنا کە هیچ دەرهێنەریک لە ماوەی ساڵانی 1900 دا پێشتر بەکاری نەهێنابوو، تەکنیکێک کە بەکاری هێنابوو ئەویش بڕین بوو، هەروەها دەستکاریکردنی هاوتەریب لەناو دیمەنەکاندا بوونی هەبوو، بەگشتی فیلمی دزی گەورەی شەمەندەفەر(The Great Train Robbery) پێکهاتبوو لە 14 دیمەن، کە تەکنیکەکانی وەک بڕین و بڕینی مەبەستدار و تەکنیکەکانی تری دەستکاریکردنی ئاڵۆز تێدا بەکارهاتبوو، بە بەکارهێنانی ئامێرێک کە بە ئامێری سپلایس (splicing machine) ناسراوە (Molyneux 2022).

دواتر یەکەم فیلم کارتۆنی ئەنیمەیشنی دروستکرا بە ناوی (فانتازماگۆری)، کە لە ساڵی 1908 لەلایەن هونەرمەندێکی فەڕەنسی بەناوی (ئیمیل کۆل)بوو، ماوەکەی 1 خولەک و 16 چرکە بوو، کۆل لە مانگی شوباتەوە تا مانگی ئایار یان حوزەیرانی 1908 کاری لەسەر فیلمی فانتازماگۆری کردووە، سەرەڕای ماوەی کورتی کارکردن، پارچەیەک ڤیدیۆ بوو کە زیاتر لە شێوەی هۆشیاری داڕێژرابوو، فیلمەکە لە 17ی ئابی 1908 بڵاوکرایەوە، فیلمەکە بە کێشانی هەر چوارچێوەیەک لەسەر کاغەز و دواتر وێنەگرتنی هەر چوارچێوەیەک لەسەر فیلمێکی نەرێنی دروستکراو، ئەمەش وایکرد کە دیمەنێکی تەختەیی ڕەشی بە وێنەکە ببەخشی، ئەم پڕۆژەیە لە 700 وێنە پێکهاتبوو، کۆل ئەمەی لەسەر پلێتێکی شووشەیی ڕووناک کردەوە کە سەرچاوەیەکی ڕووناکی لە پشتیەوە بوو و لە بەرامبەردا لەسەر شاشەیەک پڕۆژەکەی نیشاندا (Reisz &Millar 2010, 3).

هەرچەندە تەکنیکەکانی مۆنتاژکردن زیاتر لە ناو پیشەسازی فیلمدا دەستیان بە داهێنان کرد لە تەکنیکدا، بەڵام فیلمەکان هێشتا ڕەش و سپی بوون، دواتر یەکەم فیلمی درێژی ئەنیمەیشنی (Snow white)ی (واڵت دیسنی) بوو، کە لە ساڵی 1923 بەرهەم هات، کە ئەو کات فیلمەکە بەبێ دەنگ بوو، چیرۆکی (Snow white) یەکێکە لە ناسراوترین و خۆشەویستترین چیرۆکە ئەفسانەییەکان، مێژووەکەی سەرنجڕاکێش هەیە، بەڵام زۆر کەم

زانیاری لەسەر سەرچاوەی وردی هەیە، دواتر لە (فیلمی جادووگەری ئۆز) ەوە، لە ساڵی 1939 تا ساڵی 1956، دوای 17 ساڵ لە یەکەم فیلمی ڕەنگاوڕەنگدا، هەموو سینەماکار و دەرهێنەرکان دەستیان کرد بە بەکارهێنانی مۆنتاژکردنی ڕەنگاوڕەنگ لە بەرهەمەکانیاندا، هەروەها مۆنتاژکارانی زۆر لێهاتووی فیلم وەک (هێنری ئیفرۆن) دەستیان کرد بە بەکارهێنانی کامێرا و تەکنیکەکانی مۆنتاژ، وەک فلاشباک و مۆنتاژکردنی هاوتەریب بۆ یەکەمجار لە جیهانی مۆنتاژدا لە ساڵی 1956دا.

پلاتفۆرمی مۆنتاژ وەک ئەدۆب پڕایمەر کە لە ساڵی 1991 بڵاوکرایەوە و لەلایەن (ڕاندی ئوبیلیۆسەوە) دروستکرا، ڕێگەی بە خوێندکاران و کەسانی دیکە دەدا لە ماڵەوە گرتە ڤیدیۆییەکانی خۆیان دەستکاری بکەن و تەنانەت لەوێ کورتە فیلمی تایبەت بە خۆیان دروست بکەن، لە دوای بڵاوبوونەوەی جۆری مۆنتاژکردنی ماڵەوە وەک ئەدۆبی لە ساڵی 1991، جۆری کواڵێتی بەرزتر خراوەتە ناو پیشەسازی بازاڕەوە وەک(Final Cut Pro)کە لە ساڵی 1999 لەلایەن ئەپڵەوە کڕدرا، لەگەڵ ئەپڵ کە بەردەوام بوو و ئەم جۆرەیان لە ساڵی 2011 باشتر کرد و(final cut pro X)دروستکرد (Sandi Prasetyaningsih 2019, 266).

**سێیەم: ئەركەكانی مۆنتاژی تەلەڤزیۆنی**

هەمیشە بۆ بەرهەمهێنانی بەرنامەكان پەنا بۆ مۆنتاژ كردن دەبردرێت، كە هەندێكجار پێویستی بە دووبارە كردنەوەو ڕێكخستنی گرتەكان هەیە، تاوەكو چیرۆكێكی پڕمانا و بە شێوەیەكی جوان و ڕێك و پێك پێشكەش بە بینەر بكرێت، هەندێك كاتیش بە ناچاری پەنا دەبرێتە بەر مۆنتاژ كردن، ئەمیش بۆ بڕینی ئەو گرتە زیادانەی كە لە چیرۆكەكەتدا هەیە یاخود بۆ لابردنی ئەو گرتە ڤیدیۆیانەی چەند جارێك بە هەڵە یاخود بەناچاری دووبارە بوونەوەتەوە، بەتایبەتی لە كاتی چاوپێكەوتنەكاندا، یاخود گۆڕینی گرتەیەكی هەستیار بۆ گرتەیەكی مامناوەندی ڕێك وپێك، هەندێكجاریش بۆ زیادكردنی گرتەكان بەكاردێت، بەم شێوەیە كارەكانی مۆنتاژ لە چوار ئەركی سەرەكی خۆی دەبینێتەوە، كە پێكدێت لە:

1-**كـۆكردنەوە**: ئاســانترین جـۆری مۆنتــاژە كە بـریتییە لە كـۆكردنەوەی بەشــەكانی بەرنـامەیەك لە ڕێگەی پەیوەنـدیە جیاجیاكـانی بڕینـی بینـراوی تۆمـاركراو و كـۆكردنەوەی بەشەكان بەشـێوەیەكی ڕێك وپێك و لەدوای یەك، هەر كاتێك ئەم پرۆسـەیە گرنگیی پێدرا ئەوا كار ئاسانی و تێكۆشانی كەمتر پێویست دەبێت بۆ ئەو چیرۆكەی كاری مۆنتاژی لەسەر ئەنجام دەدرێت (شهیب 2003 ، 54).

بۆنمونە: كاتێك بەرنامەیەكی تەلەڤزیۆنی تۆمار دەكرێت بە تایبەتی بە شێوەی مەیدانی، واتا لە دەرەوەی ستۆدیۆ ئەو كاتە چەند كامێرایەك پێویست دەبێت بۆ وەرگرتنی گرتەی جیاواز لە گۆشە جیاوازەكانەوە، بەمەش چەندین گرتەی دوورو درێژمان بەدەست دەگات، دواتر مۆنتێر لە ڕێگەی كۆكردنەوەوە هەڵدەستێ بە هەڵبژاردنی ئەو گرتانەی كە گونجاون بۆ بەرنامەكەی، یەك لەدوای یەك گرتەكان دادەنێت و پرۆسەی مۆنتاژی لەسەر ئەنجام دەدات.

2-**بڕین یاخود بژارکردن**: زۆربەی کارە گرنگەکانی مۆنتاژ و بابەتە بەردەستەکانی مۆنتاژ پێویستە بە پرۆسەی بڕیندا تێپەڕ بێت، تاکو بەرهەمی بینراو و کۆتایی بە کاتێکی دیاریکراو کۆتایی بێت، یاخود ئەو بابەتە زیادانەی لە سیکوێنسی (sequence)بەرهەمەکاندا هەیە بسڕێتەوە (سند 2013، 66).

بۆنمونە: ئەگەر هاتوو مۆنتێر چەند خامێکی وێنەی ڤیدیۆیی لەبەردەستدا بوو، کە پێکهاتبوو لە کۆمەڵێک گرتەی جۆراو جۆری پەرش و بڵاو، کاتێکی دیاری کراوی بۆ تەرخان بکرێ، کە بتوانێ تەواوی چیرۆکەکە لەو ماوە دیاریکراوە تەواو بکات کە لەلایەن دەرهێنەرەوە بۆی دانراوە، ئەو کاتە مۆنتێر پێویستە، کە بۆ گێڕانەوە و گەیاندنی پەیامی ناوەڕۆکی چیرۆکەکە لە پرۆسەی ئەنجامدانی مۆنتاژدا کاری بڕین ئەنجام بدات.

3-**ڕاستکردنەوە**: ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵانەی کە لە کاتی وێنەگرتندا ڕوویداوە، جا چ هەڵەی وێنەیی بێت، یاخود هەڵەی دەنگی، ئەمەش بە سڕینەوەی گرتەکان یا بڕینی وێنە ڤیدیۆییەکان بێت، یان گۆڕینیان بۆ گرتەی باشتر و شیاو تر لە جێبەجێکردنی کاری مۆنتاژدا، ڕەنگە ئەم جۆرە لە جۆرەکانی کاری مۆنتاژ ئاسانتر بێت، کە کارەکانی بریتی یە لە سڕینەوە یاخود بڕینی چەند چرکەیەکی کەم کە هەڵەیەک تێیدا ڕوویدابێ، بەڵام دەکرێ چەندەها کاری جیاواز لە خۆ بگرێ، بە تایبەتی ئەگەر گرتە دووبارەکراوەکان لەگەڵ زۆربەی بەشە تۆمارکراوەکان نەگونجێن یا ڕەنگە لە هەندێک لە گرتە ڕاستکراوەکان کە جیاوازییەکی ڕوون بدۆزێتەوە لە گرتەکانی تر، لە پلەی گەرمیی ڕەنگەکاندا یاخود باشیی دەنگەکە یان گرتە زۆر نزیکەکان یان ئەو گرتانەی بە باشی ڕێک نەخراون کە پەیوەندیی بە گرتەیەک لە گرتەکانی خامەکەوەیە بەدی دەکرێ، لەم کاتەدا کاری مۆنتاژ دەبێتە کارێکی ئاسان و گەورە لەناو پرۆسەی مۆنتاژی داهاتوودا (الجمال 2013، 22).

4-**بونیاتنان**: زۆربەی کارە هەرەگرنگەکانی مۆنتاژ کە گران و قورس بن، بریتیین لە توانستی بونیاتنان و پێشکەشکردن لە بەرنامەیەکی دروستکراو لە چەند گرتەیەکی زۆردا،

چونکە مۆنتاژی داهاتوو تەنها ئەوە نیە کە بەشێکی لاوەکی بێ لە پرۆسەی بەرهەمهێنان، بەڵکو وای لێدەکات کە قۆناغی بەرهەمهێنانی سەرەکی دروست بکات (زیتل 2004، 419).

بۆ نمونە: لە کاتی وێنەگرتنی مەیدانیی پێویستت بە پاککردنەوەی گرتەکانەو بە شێوەیەکی زنجیرەیی و ڕێک و پێک دایبنێی لە کاتی پرۆسەی مۆنتاژکردن پاش وێنەگرتنەکە، یاخود لەکاتی وێنەگرتندا پێویستت بە تەکنۆلۆژیاو کامێرای کوالێتی بەرز و گرتە و وێنەی جوڵاوی نوێ دەبێت، بە تایبەتی هەندێک جار پێویستیت بە گرتەی درێژ دەبێت کە بەمەش دەوترێت (دیمەنی سەرەکی)، جاری واش هەیە لە گۆشەیەکی جیاوازەوە پێویستت بە گرتەیەکی مام ناوەند یاخود کورت دەبێت، دواتر لە پرۆسەی مۆنتاژدا بە ئاسانی گرتەکان هەڵبژێرین و کۆیان بکەینەوە بۆ ئەوەی مانایەکی تەواو بدات، لەو کاتەدا دەبێ پاکسازی و بژاری گرتە و گۆشەکان بکەیت، دواتریش بونیاتکردنی زنجیرەی گرتەکان و داواکراوەکان، جگە لە زنجیرەی گرتە ڕەسەن و سەرەکییەکان، دواتریش کاریگەری دەنگی بۆ زیاد دەکرێ بە پێی گونجاندنیان لەگەڵ بابەتەکەدا، بەمەش زنجیرەی گرتەکان یەک لە دوای یەک بنیاد دەنرێت.

### چوارەم: گرنگیی مۆنتاژی تەلەڤزیۆنی

مۆنتاژی تەلەڤزیۆنی چەند گرنگیەکی هەیە، بەرچاوترینیان ئەمانەن (الجمال 2013، 26):

1. دانان و ڕیزبەندکردنی گرتەکان بە پێی ناوەڕۆک و سروشتی بابەتەکە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی و جۆراوجۆر و بڕینیان بەپێی شێوازی گرتە و جوڵەی کامێراو قەبارەی گرتەکان بۆ بینەر، ئەمانە وا دەکات بینەر لە کاتی بینینی بەرهەمەکان توشی بێزاری نەبێت، لە هەموو گۆشە جیاوازەکانی بابەتەکەوە بە بێ جیاوازی دیمەنەکان ببینێت.

2. هەڵاوێردکردنی ئەو دیمەنانەی کە گونجاو نین یاخود شیاو نین بۆ بڵاوکردنەوە، لە بڕی ئەوان بابەتی جوان و سەرنج ڕاکێش هەڵبژێردرێت و دابندرێت.

3. دروستکردنی جۆرێک لە خۆشی پێدانی تام و چێژی بە بابەتەکان لە بەرنامەی تەلەڤزیۆنی بۆ بینەر، لەڕێگەی ئەو کاریگەری وێنەیی و دەنگیانەی کە لە پرۆسەی مۆنتاژدا بەکاردێن. ئەمانەش بەشێوەی پێکبەستنەوەی چەند گرتەیکی جیاواز یان لە ڕێگەی ئیفێکتە دەنگییەکان جۆرێک لە خۆشی پێشکەش بە بینەر دەکرێ.

4. دروستکردنی کاریگەری درامی لەسەر پرۆسەی مۆنتاژکردن بە تایبەتی بۆ ئەو بابەتانەی کەوا ناتواندرێت پەیامەکان بەشیوەی ڕاستەخۆ بگەینرێت بە بینەر، بۆیە پێویست بەوە دەکات کە بە شێوەی مۆنتاژی خەیاڵی دروست بکرێت وەک پاڵنەرێک بۆ بابەتەکان ڕوون بکرێتەوە، بەتایبەتی لە هەندێک بابەتی ترسناکدا.

**پێنجەم: سیستەمەکانی مۆنتاژی تەلەڤزیۆنی:**

لەڕووی تەکنۆلۆژییەوە دوو سیستەمی مۆنتاژی تەلەڤزیۆنی بەکاردێت ئەوانیش: (الهواسي 2014، 13)

**أ/ هێڵە مۆنتاژی تەلەڤزیۆنی**(Linear):

یەکێکە لەو سیستەمە مۆنتاژەی کە لە کۆنەوە کاری پێدەکرێت، ئەویش بریتی یە لە کۆمەڵێک ئامێری جۆراو جۆر بە یەک ئامێری تۆمارکراوی جێگیر بەستراوەتەوە ، سیستەمی کارکردن لەم جۆرە مۆنتاژە بەشیوەیەکی ڕاستەخۆ ئەنجام دەدریت، کە لە ڕێگەی کێبڵەوە بەستراونەتەوە بە میکسەری وێنە(Switcher)، ژمارەی کێبڵەکان بەندە بە ژمارەی ئەو کامێرایانەی بەکاردێن لەکاتی وێنەگرتنەکە، کە بەشێوەیەکی گشتی مۆنتاژی هێلی لەسەر دوو ئامێر کاردەکات، ئەوانیش (Player) (Recorder) بەشیوەیەک کە وێنە خامەکان لە (Player) ەوە دەگوازێتەوە بۆ (Recorder)، دواتریش بۆ ناو ئامێری (CCU) واتا (Camera Control Unit)(یەکەی کۆنترۆڵکردنی کامێرا)، ئەم جۆرە مۆنتاژە تاوەکو ئێستاش لە زۆربەی تەلەڤزیۆنەکان کاری پێدەکرێت، ئەم جۆرە سیستەمی مۆنتاژە لە ڕێگەی ئامێری (Switching Editing)ەوە ئەنجام دەدرێت، کە ئەم جۆرە ئامێرە چەند ئەرکێکی تایبەتی هەیە کە پێکدێت لە: (مولا 2011، 567)

1. هەڵبژاردنی گرتەیکی ڤیدیۆی گونجاو لە نێوان هەموو گرتەکان بۆ ئەوەی لەسەر کاسێتێکی ڤیدیۆیی تۆمار بکرێت.
2. بەکارهێنانی گونجاوترین و کاریگەرترین وێنە لە نێو ڤیدیۆکاندا.
3. داهێنان لەنێوان ئیفێکتە دەنگییەکان لە نێو ڤیدیۆکاندا.
4. زیادکردنی نووسین لەسەر ڤیدیۆکان.

**ب/ نا هێڵە مۆنتاژی تەلەڤزیۆنی** (Non Linear):

ئەم جۆرە مۆنتاژە لە دوای پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیاوە هاتە ئاراوە، لەو کاتەی کۆمپیوتەر لە بواری بەرهەمهێنانی تەلەڤزیۆنیدا بەکارهێنرا، لەم جۆرە مۆنتاژەدا مۆنتێر تەنها پابەندی کات نابێت بۆ ڕیزبەندکردنی گرتەکان، کە بەشێوەیەک یەک لە دوای یەکی گرتەکان بێت، بەڵکو لێرەدا بەشێوەیەکی ئاسان مۆنتێر توانای ڕەشکردنەوە و لادان و دانانی گرتەکانی هەیە، بەبێ ئەوەی کاریگەری نەرێنیی لەسەر گرتەکانی دواتر لە چوارچێوەی کارکردنی بابەتەکەدا هەبێ، لە هەمان کاتیشدا ئەم جۆرە مۆنتاژە بەبەراورد لەگەڵ سیستەمەکەی تر، خێراترە و لە کۆتایشدا بەرهەمی مۆنتاژکراو لە ڕێگەی ڤیدیۆیی دەگوازرێتەوە سەر کاسێت یاخود لەناو هاردێک هەڵدەگیرێت و توانای ئەرشیف کردنیشی ئاسانترە. (مولا 2011، 581)

**شەشەم: جۆرەکانی مۆنتاژی تەلەڤزیۆنی**

مۆنتاژی تەلەڤزیۆنی دوو جۆری سەرەکیی هەیە:

**1-مۆنتاژی ڕاستەوخۆ:** ئەم جۆرە مۆنتاژەیە لە بەرنامە راستەوخۆ (زیندوو)ەکاندا بەکاردێت، واتا لە کاتی وێنەگرتنی ڕاستەوخۆیی. بۆنمونە: لە گواستنەوەی پەخشی ڤیستیڤاڵێکی گەورە یان یاری تۆپی پێ یاخود بەرنامەیەکی ڕاستەخۆی تەلەڤزیۆنی، لەم جۆرە مۆنتاژەدا دەرهێنەر ئەرکێکی گرنگیی دەبێت و لێرەدا ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت بۆیە دەبێ بە شارەزایی و لێهاتوویی و بەهرەمەندیەوە کار بکات لە کاتی بڕیاردانی خێراو دروست، کە چاوی بینەر لە گرتەو گۆشەیەکەوە دەگوازێتەوە بۆ گرتەو گۆشەیەکی تر، لەبەر ئەوەی ئەم بڕیارانە کاریگەری دەبێ لەسەر گواستنەوەی وێنە زیندووە یەک لەدوا یەکەکان لەکاتی پەخشدا و دیاریکردنی شێوەی گواستنەوەکان لە یەک چرکەدا یاخود کەمتر لە چرکەدا، لێرەدا مۆنتێر لەم جۆرە مۆنتاژەدا ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕێ، لەبەر ئەوەی دەبێ زۆر بە هێمنی و لەسەرخۆ، بەردەوام ئاگاداری وێنە ڕاستەوخۆکان بێت، لەو کاتەدا نابێت دەرهێنەر و

مۆنتێر خۆیان بەهیچ شتێکەوە سەرقاڵ بکەن، بەتایبەتی لەو کاتەی کە ژمارەی کامێراکان زۆربن، دەرهێنەر بەتەنها ناتوانێت ئەرکەکەی بەباشی ئەنجام بدات و پێویستی بە یارمەتیدەرێک دەبێت (القليني،السمري 2013، 330).

2-**مۆنتاژی پاش وێنەگرتن**: بریتییە لە پرۆسەی کۆکردنەوەی لەسەریەکی گرتە تۆمارکراوە یان وەرگیراوەکان، لەم چەشنە مۆنتاژەدا مۆنتێر پشت بە گرتە تۆمارکراوەکانی سەر کاسێت یان هارد دەبەستێت، هەر بۆیە ناوی نراوە ( مۆنتاژکردن پاش وێنەگرتن ). باشیی ئەم جۆرە مۆنتاژە بریتیە لە (Millerson 1999, 175):

- دەرفەتێکـی باشـتر دەدات بە دەرهێـنەر و مـۆنتێر، بـۆ ئەوەی زیـاتر سـەیری دیـمەنە تۆمارکراوەکان بکەن و باشترینیان هەڵبژێرن.
- دەتوانرێت گرتەکان دووبارە بکرێنەوە، کاتێک وێنەی دیمەنەکان مانای تەواو نابەخشن، یـاخود گرتەکـان لەڕووی وێنەگـرتنەوە خـراپن، یـاخود سـوود لە ئەرشـیفی دەزگـاکە وەربگیرێت.
- دەتوانرێـت سـوود لە سـەرچاوە جیاوازەکـانی دەنـگ وەربگیرێـت، لەهـەمان کاتێشـدا ئاوێتەکردنی ئەم دەنگانە کە گونجاون بۆ بەرنامەکە.

یەکێک لە کاریگەرییە سەرەکییەکانی مۆنتێر لە بەرهەمهێنانی بەرنامەی تەلەڤزیۆنییدا، ئەوەیە کە ڕەچاوی خستەڕوو و کاریگەرییە سەرنجڕاکێشەکان بۆ وەرگر بکات، بە شێوەیەک ئەرکەکەی جێبەجێ بکات، کە وەرگر لە ڕێگای وێنەی ڤیدیۆییەوە بۆ لای بابەتەکان ڕابکێشێت، بۆ گەیشتن بەو ئامانجە سوود لەم چەند خاڵە وەردەگرێت.

1- بڕین (CUT): یەکێکە لە گرنگترین ئەو کاریگەریانەی کە بەکاردێت لە پرۆسەی مۆنتاژکردندا، شێوازێکی سادەیە بەکاردێت لە نێوان گرتەکاندا. بڕین واتە گواستنەوە لە گرتەیەک بۆ گرتەیەکی تر، یاخود لە کامێرایەک بۆ کامێرایەکی تر. ئەم شێوازە بۆ چەند مەبەستێک بەکاردێت، کە گوزارشت و شیکردنەوەی زیاتر دەکات: (شبلی 2008، 129)

▪ دڵنیاکەرەوە.

▪ نیشاندانی جیاوازی نێوان دوو بابەت دەردەخات.

▪ نیشاندانی لێکچوونی نێوان دوو بابەت دەردەخات.

▪ گۆڕینی ئاراستەی بینینی بۆ بابەتێکی دیاریکراو.

ئەو کاتە کاریگەری بڕین (Cut) هەڵدەبژێرین، کە ئامانجێکی دیاریکراو هەبێت لە ناوەڕۆکی بابەتەکە، چونکە ئەگەر بێ ئامانج بوو ئەوا بابەتەکە پەرش و بڵاو دەبێت، نمونەی بەشێک لە کاریگەری بڕین (Cut) لە خوارەوە ڕوون دەکەینەوە.(SORKIN 2021)

- Jump Cut: یەکێکە لە جۆرەکانی بڕین بە شێوەی بازدان لە دیمەنێک و گرتەیەک بۆ دیمەن یان گرتەیەکی تر بە شێوەیەکی نەرم، بەکاردێت بۆ شاردنەوەی هەندێ خەوش و هەڵەی ناوەڕۆکی بابەتەکە یان بۆ نیشاندانی خێرایی گواستنەوەی شوێن و بارودۆخ.

- L Cut: ئەم جۆرە بڕینە بە شێوازێک بەکاردێت، کەوا دەنگی دیمەنی یەکەم دەچێتە سەر دیمەنی دووەم، بۆ بەیەکەوە بەستانەوەی نێوان هەردوو دیمەنەکە بەشێوازێک بینەر زۆر هەست بە جیاوازی نێوان دوو دیمەنەکە نەکات.

- J Cut: ئەم جۆرە بڕینە بە شێوازێک بەکاردێت، کەوا دەنگی دیمەنی دووەم لەسەر دیمەنی یەکەم دەبیسترێت پێش بینینی دیمەنی دووەم، بۆ بەیەکەوە بەستانەوەی نێوان هەردوو دیمەنەکە بەشێوازێک بینەر زۆر هەست بە جیاوازی نێوان دوو دیمەنەکە نەکات.

- Cross Cut: ئەم جۆرە بڕینە بەکاردێت بۆ نیشاندانی دوو ڕووداو لە هەمان کاتدا، واتا دوو ڕووداوی هاو زەمان، کە پەوەندییان بەیەکەوە هەیە، جا بەشێوازی دابەشکردنی شاشە بێت یاخود نیشاندانیان بێت بە شێوەی جیا.

- Smash Cut: گواستنەوە لە دەنگەدەنگی زۆرەوە بۆ بێ دەنگی یاخود بە پێچەوانەوە، ئەم جۆرە بڕینێکی تیژ و کتوپڕە لە دیمەنێکەوە بۆ دیمەنێکی تر، واتا بڕین لە ساتێکی چاوەڕواننەکراودا ڕوودەدات، تەنانەت هەندێکجار دیالۆگی کارەکتەرێک لە ناوەڕاستی ڕستەدا دەبڕێت.

- Cataways: گواستنەوەی دیمەنە لە کاراکتەرەوە بۆ دەوروبەر بەمەبەستی بەرجەستەکردنی باری دەروونی بینەر، واتا دیمەنێکی دیکە دەخاتە ناو بابەتەکەو بەردەوامی پێ دەدات، ناوبەناو دوای ئەوە دەبڕێتەوە بۆ دیمەنە سەرەتاییەکە، ئەم جۆرە بڕینە ڕێگە بە بینەر دەدات بزانێت لە دەرەوەی دیمەنی ئێستا چی ڕوودەدات، دیدگایەک یان کۆنتێکستێکی جیاواز پێشکەش دەکات.

- Cutting on Action: جۆرێکی تری بڕینە، کە تێیدا بڕینی دیمەنێکە بەر لە تەواو بوون، دەگواسترێتەوە بۆ دیمەنی دووەم و پاشان گەڕانەوە بۆ دیمەنی یەکەم، ئەمەش بۆ زیاتر سەرنج ڕاکێشانی بینەرە بە ناوەڕۆکی بابەتەکە.

- Match Cut: مۆنتێر بڕین لە دیمەنێکەوە بۆ دیمەنێکی تەواو جیاواز ئەنجام دەدات بە ڕێگەی دەنگ و ڕەنگ و کات و گرافیک، بەمەرجێک ناوەڕۆکی ناو دوو دیمەنەکە هاوتایی هەبێت، بەجۆرێک کە هەمان شوێن لە چوارچێوەی وێنەکەدا داگیربکەن، بەم شێوەیە مۆنتێر ڕێکخستنی گوتاری لە نێوان ئەو شتانەدا دەکات کە ڕەنگە لە ئاستی چیرۆکدا هیچ پەیوەندییەکیان نەبێت، ئەم جۆرە بڕینە یەک ڕێگە پێشکەش بە مۆنتێران دەکات بۆ دروستکردنی مێتافۆری بینراو لە بەرنامەدا چونکە ئەم جۆرە بڕینە دەتوانێت پەیوەندی نێوان دوو شتە جیاوازەکان پێشنیار بکات.

2 ئاوێتەکردن (Dissolve or Mixing): کاریگەری وێنەییە بەشێوەیەکی هێواش و لەسەرخۆ بۆ تێکەڵاوکردنی دوو دیمەن بەکاردێت، کە بۆ گۆڕینی نیوەی گرتەیەک لەگەڵ نیوەی گرتەیەکی تر لە دوو سەرچاوەی جیاوازدا بەکاردێت، پسپۆڕان پێشنیاری ئەوە دەکەن، کە ئەم جۆرە کاریگەرییە لە دیمەنە جوڵاوەکان بەکارنەهێندرێت، چونکە ئەنجامێکی نەشیاو پێشکەش دەکات. ئەرکەکانی کاریگەری تێکەڵاوکردن، بریتین لەمانەی خوارەوە: (إبراهيم ،عبدالعزيز 2015، 512)

- گۆڕینی گرتەیەک بۆ گرتەیەکی تر بەشێوەیەکی نەرم و نیان.
- ڕونکردنەوەی دژ بەیەکەکان و لێکچوونەکانی دوو گرتە.
- نیشاندان لە گۆڕینی ڕێزبەندی کات، شوێن، کەسایەتی.
- نیشاندانی هەست و سۆزی کاراکتەرەکانی ناو دیمەنەکان.

3 Fade In،Fade Out : (Fade In) سەرەتا لە شاشەیەکی ڕەشەوە دەست پێدەکات، دواتر هێواش هێواش بەرەو ڕووناکی دەچێت، کە ئەمەش لە سەرەتای بیرۆکەی دیمەنەکان بەکاردێت. (Fade Out) لە کۆتایی دیمەنەکان بەکاردێت بە پێچەوانەی (Fade In)، کە بۆ سەرەتای دیمەنەکان بەکاردێت، هەندێک جار پێی دەڵێن( Fade to Black)، ئەم جۆری کاریگەرییە چەمکی کۆتایی هێنانی بەرنامەکە دیاری دەکات بەشێوەیەکی لەسەرخۆ، بەڵام ئەگەر هاتوو ئەم جۆرە کاریگەرییە بە شێوەیەکی خێرا بەکارهات، ئەوا ئەوکات ماناکەی دەگۆڕێت بۆ گۆڕینی گرتەیەک بۆ گرتەیکی تر، بە تایەتی ئەگەر جیاوازی کات و شوێن هەبوو لە نێوان دیمەنەکان، ئەم جۆری کاریگەرییە بەکاردێت (شبلی 2008، 135).

4 کلیلی کرۆما (Chroma key): ئەم جۆری کاریگەرییە بەکاردێت بۆ تێکەڵاوکردن و گۆڕینی باکگراوندی دیمەنەکان لە یەک کات و شوێندا، کە زیاتر لەگەڵ ڕەنگی شین و سەوز بەکاردێت. (إبراهيم ،عبدالعزيز 2015، 512).

5 The Wipe: بەکاردێت بۆ لابردنی گرتەیەک و دانانی گرتەیەکی تر لە شوێنی ئەو، ئەم جۆرە کاریگەرییە بە چەندین جۆری بەرنامەی مۆنتاژ دەتواندرێت بەکاربهێندرێت، کە بەشێوەی بازنە یاخود چوارگۆشەیی دروستدەکرێت، کە دەتوانرێت لەسەرەوەی شاشە بۆ خوارەوەی شاشە یاخود بەپێچەوانەوە، و یان لە ڕاست بۆ چەپ یاخود بە پێچەوانەوە بەکاربێت، ئەم جۆری کاریگەرییە زیاتر بۆ ریکلام و کورتە فیلمەکان بەکاردێت.

6 لێڵ کردن (Blur): هەمان ئەرکی کاریگەری تێکەڵاوکردن (Dissolve or Mixing) ئەنجام دەدات، لەم جۆری کاریگەرییە دیمەنەکان لێڵ یاخود ناڕوون دەردەکەون، دەرهێنەرەکان ئەم جۆرە کاریگەرییە زیاتر بۆ ئەوە بەکاردەهێنن کاتێک کەسێک بیر لە شتێکی کۆن دەکاتەوە، یاخود کەسەکە لەهۆش خۆی دەچێت یان کاتێک لە خەو هەڵدەستێت (الصبان 2001، 133).

7 Superimposition: نیشاندانی دوو دیمەنی جیاواز لە یەک شاشەدا، ئەم جۆرە کاریگەرییە هەندێک جار لە دوو کامێرا وێنەکان وەردەگیرێت و یان لە دوو گرتەی جیاوازی یەک کامێرا وەردەگیرێت، کە ئەمەش زیاتر لە هەواڵەکان دەبیندرێت. ئەرکەکانی ئەم کاریگەرییە بریتین لەمانەی خوارەوە: (شبلی 2008، 140)

- ئاماژەدان بۆ دوو ڕووداوی جیاواز و شوێنی جیاواز لە یەک کاتدا.
- نیشاندانی پێشکەوتنەکان لە ڕووداو و بابەتەکان.
- نیشاندانی وێنەی هزری کەسەکان.
- بەراوردکردنی نێوان بابەتە لیکچووە دژ بەیەکەکان.
- دەرخستنی پەیوەندی نێوان بابەتەکان بەیەکەوە.

**حەوتەم: شێوازەکانی مۆنتاژی تەلەڤزیۆنی**

مۆنتاژکردن وەک هەموو بوارەکانی تری بەرهەمهێنان کارێکی هونەری و زانستیە، ئەرکی ئەنجامدانی مۆنتاژکردنی بەرهەمەکان لە ئەستۆی مۆنتێر دایە، گرنگە مۆنتێر لە ڕووی هونەری دەرهێنان و ستایڵەوە باکگراوندێکی باشی هەبێت، هەروەها دەبێت ئەزموون و شارەزاییەکی تەواوی لە پرۆگرامە کۆمپیوتەریەکاندا هەبێت بەتایبەتی ئەو پرۆگرامانەی پەیوەندییان بە مۆنتاژەوە هەیە، شێوازەکانی مۆنتاژ پێکهاتەیەکی سەرەکییە لە کاری مۆنتاژدا بۆیە پێویستە دەرهێنەر و مۆنتێر زانیاری تەواویان هەبێت لەسەری، چونکە لە بەرهەمە دۆکیۆمێنتاریەکاندا پەیڕەوی شێوازێکی دیاریکراوی مۆنتاژکردن دەکرێت و هەندێکجاریش لە یەک بەرهەمدا دەشێت زیاتر لە شێوازێکی مۆنتاژکردن بەکاربهێندرێت، شێوازەکانی مۆنتاژ لە تیۆری مۆنتاژی سۆڤیەتدا کە بزووتنەوەیەکی فیلمە لە ڕووسیای سۆڤیەتدا لە ماوەی ساڵانی (1910) تا سەرەتای (1930) ڕوویدا. کە لەلایەن (لێڤ کولێشۆڤ) ەوە دامەزراوە، کە لە قوتابخانەی فیلمی مۆسکۆ وانەی دەگوتەوە، بە بڕوای دەرهێنەری دیاری سۆڤیەت (سێرگی ئایزنشتاین) لەناو تیۆری مۆنتاژی سۆڤیەتدا کۆمەڵێک شێوازی جیاواز هەیە، وە هەردوو (ئایزنشتاین و کولێشۆڤ) لە ڕێگەی پیشەکەیانەوە ئەم شێوازانەی تیۆری مۆنتاژی سۆڤیەتیان بەکارهێنا، ئەمە یارمەتییان دا ببنە هەندێک لە کاریگەرترین سینەماکارە تەکنیکییەکانی هەموو سەردەمەکان، ئەم بزووتنەوەیە بە شێوەیەکی بەرفراوان بە گۆڕینی شێوازی مۆنتاژکردنی فیلم لە سەرانسەری جیهان ناسراوە (Heckmann 2020). بە گشتیش شێوازەکانی مۆنتاژکردن بریتین لە مانەی خوارەوە:

- مۆنتاژی هاوتەریب (Parallel editing): یەکێکە لە شێوازە کۆنەکانی مۆنتاژ، ئەم شێوازە بریتیە لە کۆکردنەوەی دوو ڕووداو، کە لە ڕووی زەمەنییەوە هاوکات لەگەڵ یەکدیدا ڕوودەدەن، بەڵام شوێنی ڕوودانیان جیاوازە و هەریەکەیان لە شوێنێکی جیاواز ڕوو دەدەن، کۆکردنەوەی دیمەنەکان بە شێوەیەکی دروست کاریگەری تەواو لەسەر بینەر

دروست دەکات، دروستکەری بەرهەمەکە بەرلەوەی دەست بکات بە مۆنتاژکردنی ئەم جۆرە شێوازە پێویستە بیر لەوە بکاتەوە کە بۆچی لە نێوان ئەم دوو دیمەنە بڕین ئەنجام دەدات، ئەم شێوازە ئامانجی زیادکردنی هاندان و چاوەڕوانی بینەرە (Clipchamp 2021).

- مۆنتاژی ئیقاعی (Rhythmic editing): ئەم شێوازی مۆنتاژە لەسەر ڕیتم و هەست بنیاتنراوە، لەم شێوازەشدا شێوەی بڕینەکان پشت بە جوڵەی ناو ئینسێرتەکان دەبەستێت، بە شێوەیەک پارێزگاری لە بەردەوامی و کرداری ئاکتە جیاوازەکانی نێو ئینسێرتەکان (Cutaway)دەکات و لە ئەنجامدا دوو مانای جیاواز بەرهەم دێنێت.
- مۆنتاژی پێوانەیی (Metric editing): لەم شێوازەدا بڕینی ئینسێرتەکان بەشێوەیەکی سەرەکی، پشت بە درێژی ماوەی ئینسێرتەکان و چوارچێوەی بابەتەکان و بەردەوامی گۆشە جیاوازەکانی هەمان وێنە و گرتە دەبەستێت، بە ئامانجی ئەوەی دڵە ڕاوکێ لای بینەر دروست بکات (K. Dancyger 2011, 18).
- مۆنتاژی ئەندێشەیی (Intellectual editing): ئەم شێوازە پشت بە ئایدۆلۆژیا دەبەستێت، لەم شێوازەدا گرتەکان بەش بەش دەکرێن و لە سیاقی ڕووداوەکان دەردەهێنرێن، تیایدا دوو سکوێنسی پێچەوانە پێکەوە دەلکێنرێن، لە کۆکردنەوەی ئەو دوو سکوێنسە دژیەکە، سکوێنسی سێیەم لە ئەندێشەی بینەردا لە دایک دەبێت، کە گوزارشت لە دیمەنێک دەکات، لە دەرەوەی چوارچێوەی بەرهەمەکە.
- مۆنتاژی تۆنی (Tonal editing): ئەم شێوازە، پشت بە ڕەهەندی سۆزداری ئینسێرتەکان دەبەستێت، بە شێوەیەک ئامانجی بڕینی ئینسێرتەکان، قوڵکردنەوەیانە بە بەهای سۆزداریی نێو دیمەنەکانە، بەبێ ڕەچاوکردنی ماوەو و درێژی ئینسێرتەکان.
- مۆنتاژی هارمۆنی (Harmonic editing): ئەم شێوازە زیاتر هەموو توخمەکانی شێوازەکانی مۆنتاژی پێوانەیی ڕیتمی تۆنی پێکەوە کۆدەکاتەوە بۆ دروستکردنی مۆنتاژێک کە کاریگەری زیاتری لەسەر تۆن یان ئۆڤەرتۆنی بینەران هەبێت.

- مۆنتاژی بەردەوامی (Continuity editing): ستایلێکی کلاسیکیەو ئامانجی ئەم شێوازە، دروستکردنی هەستی بەردەوامییە لای بینەر لە ڕووی کات و شوێن و ڕووداوە دراماتیکیەکانەوە (عەبدولرەحمان 2019، 180).

ئەمانەی باسکران چەند شێوازێکی گشتی بوون، لە بواری مۆنتاژکردندا ئەوەی گرنگە لێرەدا ئەوەیە، کە مۆنتێر یان دەرهێنەر ناچار نیە لە کاتی مۆنتاژکردندا، پشت بە یەک شێواز ببەستێت، بەڵکو باشترین جۆرەکانی مۆنتاژکردن ئەوەیە، کە لە بەرهەمێکدا، زیاتر لە شێوازێک و ستایلێکی مۆنتاژکردن بەکاربهێنرێت، بە شێوەیەک دەبێت مۆنتێر بزانێت، هەر یەک لە سکوێنسە جیاوازەکانی بەرهەمەکەی، چ جۆرە شێوازێکی پێویستە.

**هەشتەم: ڕێسا گشتییەکانی مۆنتاژی تەلەڤزیۆنی**

مۆنتاژ کردن لە پرۆگرامە تەلەڤزیۆنییەکاندا وەک هەر کارێکی دیکە لەبواری تەلەڤزیۆندا چەند ڕێسایەکی گشتی تایبەت بە خۆی هەیە و ڕەچاوکردنیان لە لایەن مۆنتێرانەوە زۆر پێویستە و ئەوانیش بریتین لە: (النعیم 2017، 48)

1-دەبێ ناوەڕۆکی هەموو گرتەکان لە یەک کاتدا بابەتی نوێ و زانیاری بەسوود ببەخشن بە وەرگر، دەتوانین بڵێین ئەگەر هەر دیمەنێک لەو دیمەنانەی کەوا لەڕووی ناوەڕۆکەوە بە گوێرەی پێویست سودی نەبێت بۆ وەرگر، ئەوا پێویستە بە بەردەوامی چاودێری یەکێک لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی بەرنامەکان بکرێت، چونکە بەم شێوەیە دەتوانرێت لە شێوازێکی نابەرهەمەوە بگوازرێتەوە بۆ شێوەیەکی باشترو بابەتی بون، ئەمەش وا لەو کەسانە دەکات کە لە پرۆسەی مۆنتاژ کردندا زیاتر وریابن لە هەڵبژاردنی گرتەکان لەکاتی مۆنتاژی تەلەڤزیۆنی و دووبارە نەکردنەوەی هەموو ئەو گرتانەی کە بابەت و زانیارییەکان دوورو درێژ دەکاتەوە، بەڵکو دەبێ بابەتەکان بە شێوەیەکی کورت و

پوخت و نیشان بدات، جگە لەوەش ئەو دیمەنانەی کە تێکەڵاوی تێدایە بەسوود نین، ئەوا دەبێت خۆی لێ بە دوور بگیرێت.

2-دەبێت هۆکار هەبێت بۆ بڕینی بەشێک لە دیمەنەکان لە بەرنامەی تەلەڤزیۆنیدا: بۆ نمونە لە چاوپێکەوتنێکدا پێویستە پرۆسەی بڕین هەبێت تاوەکو بە جۆرێک گونجاوییەک دروست ببێت لە نێوان میوان و پێشکەشکار بە شێوەی (Video Insert) یاخود جۆرە گونجاندنێک دروست بکرێت، لە نێوان دیمەنێک بۆ دیمەنێکی تر یاخود لە وێنەیەک بۆ وێنەیەکی تر تاوەکو پرۆسەکە بەشێوەیەکە گونجاو بڕەخسێت.

3-پاراستنی هێڵی خەیاڵ: بریتی یە لەو هێڵەی کەوا دەرهێنەر لەکاتی دانانی گۆشەی کامێراو وەرگرتنی وێنەدا بە شێوەی یاسایی پابەند دەبێت پێوەی، بەتایبەتی ئەو بابەتانەی کە لەلای بینەر ڕوون و دووبارەن، واتا ئەگەر وێنەکان واقیعی بابەتەکە نەبێت، ئەوا ئەو کاتە لەلایەن بینەر، بینینی پێچەوانە دروست دەبێت. بۆ نمونە: یاری تۆپی پێ

- ئاگاداربوون لە یاساکانی لۆژیکی مۆنتاژکردن لە نێوان گرتەکان:
- هەمەجۆری لە گرتەکان واتا جۆراوجۆری گرتەکان لەڕووی قەبارەوە.
- ئاگاداربوون لە ڕاکواری تەلەڤزیۆنی.
- زانینی کاتی گونجاو بۆ مانەوەی گرتەکان لەسەر شاشە و گونجانیان لەگەڵ ڕیتمەکەی.

بەشێوەیەکی گشتی کوالێتی مۆنتاژکردن لەسەر چەند توخمێک دەوەستێت: (الصبان 2001، 223)

أ. **هەڵبژاردنێکی باش:** ئەمە سەرەتای هەڵبژاردنی گرتەکانە بەشێوەیەک، کەوا ئەو گرتەیەی کە هەڵی دەبژێرین، پێویستە هەموو یاساو پرەنسیپەکانی وێنەگرتنی تێدا هەبێت، هەر لە ڕووناکی و جوڵەی کامێرا و جوڵەی کادیرانی ناو بابەتەکە، یاخود ئەو هاوێنەیەی کە بەکاردێت بۆ وێنەگرتن و ئاراستەی دەنگەکان، کە ئامانە هەموویان بەیەکەوە کۆ

دەکرێنەوە و دەبن بە تەواوکاری وینەی پێش خۆیان و ئاراستەکردنی وێنەکانی داهاتوو لەڕێگەی پرۆسەی مۆنتاژ.

ب. **ڕێکخستی گرتەکان:** لێرەدا گرتەکان بەشێوەیەک ڕێک دەخرێن، کە لەڕووی ناوەڕۆکەوە هەمان درێژکراوەی بابەتەکان بن، بەڵام لە شوێنی جیاواز و گۆشەی جیاوازەوە ڕوویان دابێت.

ج. **ڕیزبەندی گرتەکان**: ئەم بابەتە بەندە بە گواستنەی گرتەکەیەک بۆ گرتەیەکی تر، کە پشت بە چەند بەشێکەوە دەبەستێت:

- پاڵنەرێک: لە دوای گواستنەوەکە جا چ بە چاو ببیندرێت، یاخود بە گوێ ببیسترێت.
- زانیاری زۆر سەبارەت بە گرتەکان: ئەوەی کە ڕوونە هەموو گرتەیەک دەبێ زانیاری نوێ و بابەتی بوون ببەخشێ بە بینەر، بەڵام ئەگەر وێنەکە ئەمەی نەکرد ئەوا ئەو بنەمایانە نایانگرێتەوە، واتا هەر کاتێک گرتەیەک لەڕووی ناوەرۆکەوە تەواو بێت و مانای تەواو نەدات، پێویستە یەکسەر ببڕدرێت یاخود (Cut) بکرێت.
- قەبارەی گرتەکان: دابەش کردنی گرتەکان بەشێوەیەکی جیاواز لەگەڵ یەکترو یەک لەدوای یەک دانیان بەشێوە و قەبارەی جیاواز ئەوا هەر خۆی بابەتی نوێ دروست دەکات و بەرهەم دێنێت، واتا بە بەردەوامی دەبێ گرتەکان بە شێوەی زنجیرەیی و لۆژیکی هەبێت بەشیوەی بڕین بەبەردەوامی، واتا ( Medium shot – Long Shot – Clouse Shot ) بێت، جا ئەم بڕینە لە گەورەوە بێت بۆ بچوک یاخود بە پێچەوانەوە بێت.

د. **ئاواز:** مەبەست لە ئاواز ئەو هەستەیە کە مۆنتێر لە دەروونی بینەردا دروستی دەکات لە ڕێگەی درێژکردنەوەو کورت کردنەوەی دیمەنەکان لەگەڵ دەنگەکاندا، بەشێوەیەک کە یەکسان هاوتەریبن لەگەڵ یەکتریدا، بەمەش دیمێنێکی سەرنج ڕاکێش دروست دەبێت، ئەمەش بە بەکارهێنانی دەنگەکان و وێنەکان و ڕووناکیەکان بەیەک خێرایی دیاریکراو

دەبێت، دروستکردنی ئەم شێوازی ڕیتمە وا لە بینەر دەکات خۆشی بداتێ یاخود بێزاری بکات یان ئارامی بکاتەوە یاخود تورەی بکات.

**نۆیەم: بنەما سەرەکییەکانی مۆنتاژی تەلەڤزیۆنی:** (Copple 2022)

ئەو بڕیارانەی مۆنتێر دەیدات سەبارەت بە بەکارهێنانی مۆنتاژ و چۆنیەتی دەستپێکردنی لەسەر پرۆژەیەک، واتا قۆناغی دەستکاریکردن یان قۆناغی دوای بەرهەمهێنان درێژترین و چالاکترین بەشە لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا، ئەو بڕیارانەی لە کاتی ئەنجامدانی پرۆسەکە دەدرێت گرینگن، وە زۆر بژاردە و ڕێباز هەیە کە مۆنتێر دەتوانیت هەڵبژێریت، چەند بنەمایەکی سەرەکی مۆنتاژ دەخەینەڕوو بۆ چۆنیەتی ئەنجامدانی دەستکاریکردنی ڤیدیۆیی بنەڕەتی:

- Shoot for editing: بەدەستهێنانی گرتەی زیاتری پێویستی وێنەی ڤیدیۆیی بەر لە دەستپێکردنی پرۆسەی مۆنتاژکردنەکە، چونکە گرنگە لەکاتی ئەنجامدانی پرۆسەکە، پرۆژەکە توشی هیچ کێشەیەکی نەبونی گرتەی وێنەی ڤیدیۆیی پێویست نەبێتەوە.
- Select just what the story needs: هەموو گرتە ڤیدیۆکان بە پێویست و گرنگ وەربگیرێت لەکاتی ئەنجامدانی مۆنتاژ، چونکە لەوانەیە لە کۆتایی پرۆژەکە مۆنتێر پێویستی بە یەکێک لەو گرتانە بێت کە ڕەشی کردوەتەوە.
- Select the important action: هەڵبژاردنی گرتە ڤیدیۆ گرنگەکان لەسەرەتادا بۆ پرۆژەکە گرنگ و پێویستە بۆ ئەوەی پەیامەکە ڕوونتر بگات بە بینەر.
- Show something new with each edit: مۆنتێر پیویستە وێنەیەکی جیاواز و گۆشەیەکی جیاواز نیشان بدات لەسەرەتای پرۆژەکەی بۆ ئەوەی سەرنجی بینەرەکە ڕابکێشێت.

- Vary the shot size and angle: باشتروایە بڕین لە نێوان دوو گرتەی هاوشێوە ئەنجام نەدرێت بەتایبەت ئەگەر دوو گرتەکە تەواوکەری یەکتر بوون، بۆ ئەوەی بابەتەکە نەشێوێندرێت، مەگەر بڕینی جەمپ یاخود ئیفێکتێک بەکاربهێندرێت.
- Step between shot sizes: لە نێوان قەبارەی وێنەکان پێوستە هەماهەنگی هەبێت لەکاتی گۆڕینی گرتەکان، واتا ئەگەر مۆنتێر لە گرتەیەکی زۆر دوورەوە ڕاستەخۆ بێتە سەر گرتەیەکی زۆر نزیک، ئەوا ئەو کاتە بینەر لەوە ناگات کە چی ڕوویدا لەم نێوەندە، بۆیە لێرەدا پێویستی بە گرتەیەکی مام ناوەند هەیە تاوەکو پەیامەکە ڕوونتر و باشتر بێت.
- Use cutaways to hide jumpy edits: ئەگەر مۆنتێر زۆر ناچار بێت پرۆسەی بڕین لە نێوان قەبارەی دوو گرتەی هاوشێوە ئەنجام بدات یان گرتەیەکی تری بۆ زیاد بکات، ئەوا پێویستە بڕینی جەمپی نادیار بەکاربهێنێت بەشێوەیەکی زیرەکانە بینەر هەستی پێنەکات.
- Use a master shot for an overview: دانانی قەبارەی گرتە گەورەکان لە نێو پرۆسەی مۆنتاژدا گرنگە، چونکە بینەر ئاشنا دەکات بە بینینی هەموو ئەو بابەتانەی کە لە نێو دیمەنەکەدا جێگەی دەبێتەوە.
- Get the pace right: وێنەکان پێویستیان بە کاتێکی دیاریکراوە لەسەر شاشە بمێننەوە بۆ ئەوەی بینەر لێی تێبگات، ئەوەندەش نەبێت کە بینەر بێزاربکات، واتا مانەوەی گرتەکان لەسەر شاشە بەپێی ناوەڕۆکی بابەتەکەوەیە، ئەگەر ناوەڕۆکەکەی زۆر وورد بوو ئەوا پێویستە زۆر بمێنێتەوە، بەڵام ئەگەر ناوەڕۆکەکەی سادە بوو پێویست بە مانەوەی زۆر نیە.

**دەیەم: تایبەتمەندیەکانی مۆنتێری سەرکەوتوو**

بۆ ئەوەی مۆنتێر سەرکەوتوو بێت لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکەی و شوێن پەنجەی خۆی لە بەرهەمە تەلەڤزیۆنیەکاندا دابنێت، دەبێت کۆمەڵە تایبەتمەندییەکی تێدا هەبێت و ئەو مۆنتێرانەی کە هەڵگری ئەو تایبەتمەندییانەنن، بە مۆنتێری سەرکەوتوو دادەنرێت:

1. کەسایەتییەکی داهێنەر بێت، واتا بیرۆکەی نوێی هەبێت و بیرۆکەکانیشی شایەنی جێبەجێ کردن بێ و نەوەک تەنها بیرۆکە بێت.
2. بەئاگا بوون لە نوێترین ئامێر و بەرنامەکانی مۆنتاژ، چونکە کەرەستەکانی تەکنیکی مۆنتاژ بە هۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیاوە ڕۆژانە بەرەو پێشچوونی زیاتر بەخۆوە دەبینن.
3. هەستێکی هونەری هەبێت، هەروەها توانای چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی هەبێت کە لەکاتی کارکردنی لە پرۆسەی مۆنتاژدا دێتە بەردەمی. (محبوبی 2016، 34)
4. دڵنیا بوون لە بەکارهێنانی ئامێرە بەکارهاتووەکان لە پرۆسەی مۆنتاژدا.
5. گوێگرتن لە ڕێنماییەکانی دەرهێنەر لە جێبەجێ کردنی پرۆسەی مۆنتاژدا.
6. گوێگرتن لە دەرهێنەر لە هەڵبژاردنی جۆری بەکارهێنانی کاریگەری وێنەیی و دەنگییە گونجاوەکان لەکاتی پرۆسەکەدا.
7. کارامییەکانی مۆنتێر لەوە دا دەردەکەوێت، کە چۆن ئەو کاریگەرییە هونەرییانەی ناو پرۆسەی مۆنتاژ لە نێوان گرتەکاندا لەکات و ساتی گونجاودا بەکاردەهێنێت، مۆنتێری باش ئەو مۆنتێرەیە کە بینەر لەکاتی بینینی بەرهەمەکەدا هەست بەوە نەکات کە ئەم بەرهەمە مۆنتاژکراوە، هەروەها هەماهەنگی دروست بکات لە نێوان کات و شوێن دادەستێوەردان لەسەر ڕای دەرهێنەر، هەندێک لە شێوازەکانی داڕشتنی گرتەکان، یاخود بەکارهێنانی میوزیکی نەگونجاو و کاریەگەرییە نەگونجاوەکان. (سلیم 2015، 84)

**یازدەم: ئیتیکی مۆنتێر لە پرۆسەی مۆنتاژدا**

بەشێوەیەکی گشتی لە پرۆسەی مۆنتاژکردندا مۆنتێر رۆڵێکی باڵا دەبینێت و ئەرکی سەرەکی پرۆسەی مۆنتاژکردنە، مۆنتێر پێویستە لە ئیدیتکردنی بابەتەکانی ( هەواڵ و دۆکیومێنتاری و ڕیپۆرتاژ وبەرنامە تەلەڤزیۆنەکان بەگشتی )، وێنە و دەنگ و کاریگەرییەکان وەکو خۆی جێبەجێ بکات، بەبێ ئەوەی ڕێبدات بڕینەکانی کاریگەری نەرێنی لەسەر داتاو ناوەڕۆک بەجێبهێڵێت، بەشێوەیەک کەوا کاریگەری لەسەر مانای بەرهەمەکە دروست بکات، یاخود ئاراستەی بابەتەکە بە ڕیگەی لاریدا ببات، کە بۆ بەرژەوەندی خۆی یاخود ئەو دەزگایەی کاری تێیدا دەکات، هەروەها یەکێک لە ئیتیکەکانی مۆنتاژکردن ئەوەیە کە لە کاتی مۆنتاژکردندا گرتەکان بەشێوەیەک تێکەڵاوی تێدا دروست نەکات، وا بکات کاریگەری خراپ دروست بکات لەسەر ڕیزبەندی زنجیرەی دابەشکردنی گرتەکان، یان بڕینی مەبەستداری بەشێک لە چاوپێکەوتنی کەسەکان و پاش و پێش خستنی چاوپێکەوتنەکان کە بیەوێت ماناکەی بگۆڕێت بۆ مەبەستێکی تر (زیتل 2004، 431).

# بەشی سێیەم

## بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری(چەمک و پێناسە و تایبەتمەندییەکانی)

یەکەم: چەمکی دۆکیۆمێنتاری

دووەم: پێناسەی دۆکیۆمێنتاری

سێیەم: تایبەتمەندییەکانی بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری

چوارەم: ئەرکەکانی بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری

پێنجەم: گرنگیی بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری

شەشەم: شێوازەکانی بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری

حەوتەم: جۆرەکانی بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری

هەشتەم: هەنگاوەکانی بەرهەمهێنانی بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری

نۆیەم: گروپی کارکردنی بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری

## بەشی سێیەم

### بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری(چەمک و پێناسە و تایبەتمەندییەکانی)

**یەکەم: چەمکی دۆکیۆمێنتاری:**

وشەیەکی لاتینییە لە ووشەی دۆکیۆمێنت (Document)ەوە هاتووە، کە بەمانای فێرکردن دێت، بەڵام بەتێپەربوونی کات مانای وشەکە گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە، هەروەها بەکارهێنانی دەستەواژەی (documentarie) سەرەتا بۆ فەرەنسیەکان دەگەڕێتەوە، کە بۆ وەسفی فیلمی گەشتەکان بەکاریان دەهێنا (De voyage) و بابەتەکانی تایبەت بون بە شوێن یان ڕووداو یان کەسێک. بەڵام لای ئینگلیز (Documentary) تەنیا بۆ تۆماری واقع نیە، بەڵکو بۆچونیشی بۆ زیاد دەکرێت (الحديدي 1999، 11).

لە وڵاتانی ئەوروپا بە گشتی دەستەواژەی (documentarie) بەکاربراوە بە تایبەت پاش دروست بونی فیلمی دۆکیۆمێنتاری بە فۆڕمی نوێ، لە وڵاتانی عەرەبیش (الافلام التسجيلية – الافلام الوثائقية)بەکارهاتووە (مرعي 2004، 17).

دۆکیۆمێنتاری بەپێی یەکێتیی نێودەوڵەتی بۆ سینەمای دۆکیۆمێنتاری لە 1948 وا ناسراوە، کە هەموو ئەو شێوازانەی تۆمارکردنی فیلمە بە هەر شێوەیەک لە شێوەکانی کە ڕاستی پێشکەش دەکرێت بەهۆی ئامرازەکانی وێنەگرتنی ڕاستەوخۆ، یان بە دووبارە دروستکردنەوە و پێکهێنانەوەی بە ڕاستگۆی و بەپێی پێویست، سێ ڕەگەزیش وا لە بەرنامە دەکەن لە جۆری دۆکیومێنتاری بێت، چیرۆک و واقعێکی ڕاستەقینە و زانیاری وورد لەسەر ناوەڕۆکی بابەتەکان (Aufderheide 2007, 4).

هەندێک پێیان باشە بە (فیلمی نا خەیاڵی) گوزارشتی لێبکەن، ئەمە جیایدەکاتەوە لە فیلمە گێڕدراوە خەیاڵیەکان. لێرەدا بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری مامەڵە لەگەڵ واقع دەکات نەک خەیاڵ، ناوەڕۆکی بابەتەکان زیاتر گشتین، خەڵک وشوێنەکان و ڕووداوەکان ڕاستەقینەن و

خەیاڵاوی نین، ئەمەش یەکێکە لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری، بەڵام سەبارەت بە فیلمە خەیاڵییەکان زیاتر دروستکراون، تێیدا کەسێک دەکەن بە پاڵەوانی فیلمەکە و بەڵگەنامەییکردن تێیدا بنیات نەنراوە (جبارة 2009، 25).

**دووەم: پێناسەی بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری:**

لەلای بەشێک لە کەناڵە ئاسمانییەکان تایبەتمەندبوونیان بە بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری یەکێکە لەو جۆرە بەرنامە گرنگانەی کە لە ڕیزبەندی لیستی بەرنامەکانی کەناڵە تەلەڤزیۆنیەکەیدا دانراوە و گرنگی پێدەدەن کاری لەسەر دەکەن، واتا جگە لە بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری هیچ جۆرە بەرنامەیەکی تر تێیاندا پەخش ناکەن (الداود 2013، 19).

بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری بەبابەتێکی تەلەڤزیۆنی و سینەمایی گرنگ دادەنرێت، بەهۆی ئەو بایەخە کەلتوری و ڕۆشنبیری و میدیایی و فێرکاریەی هەیەتی بۆ تەواوی کۆمەڵگەکانی جیهان، بۆیە بەرهەمهێنەرانی ئەم جۆرە بەرنامە و فیلمانە بایەخی زۆری پێدەدەن (عبدالرزاق 2019، 2).

هەندێک وای دەبینن کە بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری (بەرنامەی ڕاستییەکانە)، بەو مانایەی کە چەند ڕاستییەک دەخاتە ڕوو و تەفسیریان دەکات (جبارة 2009، 24).

هەروەها بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری بەم شێوەیەش پێناسە کراوە: چوارچێوەیەکە بابەتێکی دیاریکراو نمایش دەکات بە بەکارهێنانی باشترین شێوازی هونەری گونجاو بابەتەکە شیدەکاتەوە و هەموو ڕەگەزو بۆچونە جیاوازەکان لەسەری دەخاتەڕوو، ئەمەش بە وێنەیەکی گونجاو کە سەرنجی بینەر ڕادەکێشێت و کاریگەری لەسەرخەیاڵیان دادەنێت و پشت دەبەستێت بە وێنە و تێبینی و چاوپێکەوتن و ڕوونکردنەوە لەگەڵ ڕێگاکانی ڕوونکردنەوەو تایبەتمەندی واقعی وشیکردنەوە ولێکدانەوە و مرۆڤایەتی تێدا (شلبي 2007، 91).

(جریرسۆن) دەڵێ "بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری بریتییە لە چارەسەرکردنی ڕووداوی ڕاستەقینە و تێڕوانین لە چوارچێوەی فیلمێکدا". بەڵام دەرهێنەر (ویلارد فاند) دەڵێت "فیلمی دۆکیۆمێنتاری بریتییە لە بەرنامەیەکی هونەری کە ململانێیەکی توند لە نێوان هەردوو بنەمای کۆمەڵایەتی و سیاسی دەکات" (المنصور 2020، 8).

پەیوەندی بەهێز هەیە لەنێوان بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری تەلەڤزیۆنی و فیلمی دۆکیۆمێنتاری سینەمایی لە ڕووی پێکهاتەی زاراوە و مانا گشتییەکەی، ئەمەش شتێکی ئاساییە، چونکە سینەما پێش تەلەڤزیۆن دەرکەوتووە. لەبەرئەوە هەندێک شێوەی لە سینەما وەرگرتووە، هەروەها ناونانی بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری لە ناونانی فیلمی دۆکیۆمێنتاری سینەماییەوە وەرگیراوە (الفراجي 2006، 38).

لەبەر ڕۆشنایی ئەو لێکچونەی کە لەسەرەوە ئاماژەی پێکراوە توێژەر وای دەبینێت کە پەیوەندییەکی بەهێز هەیە لەنێوان بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری و فیلمی دۆکیۆمێنتاری سینەمایی، ئەگەر فیلمێک بە زنجیرەی یەک بەدواییەک لە کەناڵێکی تەلەڤزیۆنییەوە پەخشبکرێت و کاتێکی دیاریکراوی هەبێت و ناونیشانێکی دیاریکراوی هەبێت ئەوە دەچێتە قاڵبی بەرنامەی دۆکیۆمێنتارییەوە.

توێژەر وایدەبینێت نزیکترین و ڕونترین پێناسە بۆ بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری ئاماژە بەوە دەکا، دۆکیۆمێنتاری بابەتێکی دیاریکراو نمایش دەکات بە بەکارهێنانی شێوازێک یان زیاتر بابەتەکە شی دەکاتەوە، هەموو ڕەگەزو بۆچونە جیاوازەکان لەسەری دەخاتەڕوو، بەمەش سەرنجی بینەر ڕادەکێشێت و کاریگەری لەسەریان دروست دەکات، بەپشت بەستن بە وێنە و بەڵگەی ڕاستەقینە و چاوپێکەوتن و ڕێگاکانی ڕوونکردنەوە و شیکردنەوە.

**سێیەم: تایبەتمەندییەکانی بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری:**

بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری کۆمەڵێک تایبەتمەندی هەیە کە لە فیلمی خەیاڵی جیای دەکاتەوە، پێکهاتوون: (Das 2018)

- **ڕاستگۆیی،** یەکێکە لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری، چونکە ڕووداوەکان وەکو خۆی دەگێڕێتەوە، ئەمەش وای کردووە کە لە کۆنەوە متمانەی بینەرەکانی بەدەست بهێنێت. هەرچەندە لەم سەردەمەدا بەرنامە دۆکیۆمێنتارییەکان لە شێوازی فیلمە ئاساییەکان نزیک بووتەوە، بۆیە پێویستە زانیارییەکان لەسەرچاوە باوەڕ پێکراوەکان وەربگیرێت و نزیک بێت لە جیهانی ڕاستەقینە.
- **دووری لە خەیاڵ و ڕیاڵتی:** بەرنامە دۆکیۆمێنتارییەکان بابەتەکانی دیاریکراوو تایبەتمەندە بە سروشتی ژیان، بۆیە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە بابەتەکانی دوورن لە خەیاڵ، کە ئەمەش بۆ بینەر زۆر گرنگە.
- **هەستیاری لە زانیارییدا:** بەرنامە دۆکیۆمێنتارییەکان لە ڕووی ناوەڕۆکی بابەتەکانیەوە بە شێوەیەکی زۆر ورد کار لەسەر زانیاری ناو بابەتەکان دەکات، بە تایبەتی لە ڕووی هەست و سۆزی بینەرەوە، کە زۆرجاران کێشمە کێشم لەسەر دەروونی بینەر دروست دەکات.
- **پەیامدار:** تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی لە بەرنامە دۆکیۆمێنتارییەکاندا گرنگیی تەواوی بە پرسە کۆمەڵایەتییەکان دەدرێت، ئەمەش وا دەکات پەیامێکی کۆمەڵایەتی ئامانجدار بۆ بینەر بگوازێتەوە و کاریگەری لەلا دروست بکات و ئاراستەی بیرکردنەوەی بگۆڕێت.
- **لە ڕووی وێنەگرتنەوە،** بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری لە فیلمی خەیاڵی یان دراما جیاوازە، چونکە لە فیلمی خەیاڵی و درامادا دانانی گۆشەکان لە ژێر کۆنترۆڵی دەرهێنەردایە، کە زۆر جاریش لە شوێنە داخراوەکان وینەگرتنەکە ئەنجام دەدرێ، بەڵام لە بەرنامە

دۆکیۆمێنتارییەکان گۆشەی وێنەکان پەیوەست دەبن بە ناوەڕۆک و سروشتی بابەتەکان، ئەوکاتە درهێنەر کەمتر دەتوانێ بڕیار لەسەر گۆشەکان بدات.

- **نەرم و نیانی لە بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری**، بەبەراورد بە فیلمە خەیاڵی و دراماکان لە ڕووی کارکردنەوە نەرم و نیانی زیاتری تێدایە، چونکە بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری نەخشە ڕێگایەکی جێگیری نیە کە دەرهێنەر پابەندبێ پێوەی.

**چوارەم: ئەرکەکانی بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری**

بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری تەلەڤزیۆنی بێت یان سینەمایی، چەندین ئەرکی گرنگ بەجێ دەهێنێت لە بواری فێرکردن و بانگەشە و ڕیکلام و تۆمارکردنی مێژوویی و پروپاگەندە لەپێناو بەدیهێنانی ئامانج یان مەبەستێکی دیاری کراو لە گرنگترین ئەو ئەرکانەش ئەمانەن:

1. **ئەرکی میدیایی:** بەمانای پێشکەشکردنی زانیاری تەواو دێت لە ڕێگای چاودێریکردنی ڕووداوەکان و تێبینیدان لەسەریان و بەدەستهێنانی زانیاری پێویست بۆ بڵاوکردنەوەی تێگەشتن لەناو خەڵکدا و ناساندنیان بەو ژینگەیەی تێیدا دەژین و ئاگادارکردنەوەیان لەو مەترسیانەی کە هەڕەشە لە کۆمەڵگەکەیان دەکات. هەروەها دۆکیۆمێنتاری لە ئەرکی بەمیدیاییدا بەتایبەت لەئەرکە گرنگەکانە، کە هەوڵدەدات زانیاریەکان شیبکاتەوەو شرۆڤەی بکات و مرۆڤ ئاشنا بکات بە ژینگەی دەوروبەری یاخود بە ڕووداوە مێژووییەکان و مێژووی کەسەکان، ئەم ئەرکەش چەندین ئامانجی هەیە کە بریتیە لە ڕەخساندنی زانیاری زیاتر بۆ خەڵک کە سودی بۆیان هەبێت لەئێستادا یاخود بۆ داهاتوو، هەروەها بۆ ئەگەری دروست بونی ڕای گشتی سەبارەت بە بابەتێک یان پرۆژەیەک کە دەوڵەت دەیخاتە ڕوو ئیدی کۆمەلایەتی بێت یان ئابوری یان کەلتوری یان سیاسی (شلبي 2007، 211).
2. **ئەرکی بانگەشە**: بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری یەکێکە لە ئامرازە گرنگەکان لەبواری بانگەشە، لەم بوارەدا بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری لەسەر ئاستی ناوخۆی وڵات ئامانجی زۆر بەدی دەهێنێت بۆ سیاسەتی حکومەت و دەوڵەت کە دەیەوێت لەناو خەڵکدا بڵاویان بکاتەوە، ڕۆڵی گەورەش

دەگێڕێت لە بەرجەستە کردنی ڕۆڵی حکومەتەکان و دامەزراوەکانی دەوڵەت و دەرخستنی دەسکەوتەکانیان لە زۆرینەی بوارەکان، پاشانیش دروست کردنی ڕای گشتی پشتیوانکەرو هاوسۆز لەگەڵ ئامانجەکانی دەوڵەت لەو پرۆژەو سیاسەتانەدا، بەڵام لەسەر ئاستی دەرەکی واتە میدیای نێودەوڵەتی بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری دەگاتە تەواوی جیهان بەهۆی ئەوەی کە ئەم جۆرە بەرنامە پشت دەبەستێت بە دەنگو ڕەنگو خستنەڕووی ڕووداوی ڕاستەقینە، چونکە وێنە بۆتە زمانێکی جیهانی و توانای زۆر دەبەخشێت بە بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری بۆ گەیاندنی پەیام، بۆیە بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری لەبواری پروپاگەندەی سیاسی و ئابوری و چەندین بواری تر بەکاردێت (هاردي 2015، 5).

3. **ئەرکی فێرکاری:** بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری بەشێوەیەکی کارا لە دامەزراوەکانی پەروەردەو فێرکردندا بۆ فێرکردنی خوێندکاران و فەراهەم کردنی توانا و مەعریفەی نوێ و دەوڵەمەندکردنی زانیاریەکانیان و شرۆڤەکردنی بابەتە ئالۆزەکان بەکاردێت، هەروەها بۆ فێرکردنی لێوەشاوەیی هونەری و تەکنیکی و پیشەیی لە زۆر بواری تردا (عطاالله 2013، 7). تەکنیکیەکانی وێنەگرتن لە بەرنامەی دۆکیۆمێنتاریدا توانای فێرکاری بە بەرهەمەکە دەبەخشێت کە ڕەنگە ئامرازی تر نەتوانێت پێشکەشی بکات، واتە وێنەگرتن بە تەکنیکێکی وورد و بەرهەمهێنانی جوڵەیەکی ڕوون لەسەر شاشە، ئەم توانایە دەبێتە هۆی فێرکردنی وەرگر، بەوەش بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری دەبێتە پەیامێکی زۆر گرنگ بۆ بڵاوکردنەوەی زانست و زانین لە ناوەندی فێرکردندا (شلبي 2007، 212).

4. **ئەرکی تۆمارکردن و ئەرشیف:** ئەرکی تۆمار کردن و ئەرشیف لە کارە گرنگەکانە بۆیە ئەم ئەرکە بەشێکە لە پرۆسەی ئەرشیف و تۆمارکردنی میدیایی، واتە بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری لە تۆمار کردنی ڕووداوەکان و ئەرشیف کردنیان لە ژینگەی سیاسی و کەلتوریدا بەکاردێت، پاشانیش بەکارهێنانی وەک بەڵگەیەکی مێژوویی. ئەم ئەرکە بەشداری دەکات لە گواستنەوەی ئەزمون و تاقیکردنەوەکان و پاراستنی مێژوو ئەرشیف کردنیان لە ڕابردوو وە گواستنەوەی بۆ ئێستاو داهاتوو ئەرشیف کردن بەو مانایەی زانینە تۆمارکراوەکان

کۆبکرێتەوەو پاشان بڵاوکردنەوەو پەخش کردنیان، بە جۆرێک ئەو زانینانە بەشێوەیەکی هەمەلایەن ڕووداوەکان بگرێتەوەو پشت ببەستێت بە شێوازەکانی وێنەگرتنی ئاسایی یان بچوککراوە (مایکرۆفیلم) یان هەر شێوەو تەکنیکێکی دیکە تا زانیاریە دۆکیۆمێنتارییەکان زۆرتر بەکاربهێنرێن. (هلال 2009، 60) ئەرکی تۆمارو ئەرشیف کردن بە کارێکی گرنگ دادەنرێت، بەتایەتی زۆربەی جار ئەم پرۆسەیە لە پێشینەی بایەخی دامەزراوەکانی حکومەت دادەنرێت بە تایبەت ئەوانەی بایەخ بە پرۆژەی مێژوو دەستەبەرکردنی بەڵگەنامە مێژووییەکان دەدەن بەمەبەستی پێشکەش کردنی بە توێژەران، بۆیە دەبینین لە بەرنامە دۆکیۆمێنتارییەکان زۆر کات دەنگ وەسفی وێنەو نوسین و شوێنەکان دەکات بەمەبەستی ڕوونکردنەوەیان بۆ وەرگر (الفرجاني 2010، 27).

**ئەرکی باوەڕپێهێنان**: بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری تەوەری ناوەڕۆکی بابەتەکە لەو شوێنە ڕاستەقینەوە سەرچاوە دەگرێت، کە لە ڕاستیدا تێیدا ڕوودەدات، واتا کەسە ڕاستەقینەکانی ناو ڕووداوەکان نیشان دەدات، بەبێ ئەوەی هیچ جیاوازی و سۆزێک لە لایەن دەرهێنەری بابەتەکەوە هەبێت، ئەمەش وا لە بینەر دەکات کە هەست بکات خۆی بەشدارە لەشوێنی ڕوودانی ڕووداوەکە، بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری پشت دەبەستێت بە یاساو هێزی کاریگەری دەنگ و ڕەنگ و وێنە و جوڵە پێکەوە، کە وا لە بینەر دەکەن سەیری بکەن بۆئەوەی بزانن چی ڕوودەدات بە پێشکەشکردنی بەرنامە جۆراوجۆرەکان لەبەرئەوەی بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری توانایەکی تایبەتی هەیە بۆ گەیشتن بە شوێنی ڕوودانی ڕووداوەکان و پێشکەشکردنی ناوەڕۆکی بابەتەکان وەکو خۆی، بەشدارییەکی گەورە دەکات لە بەبەڵگەنامەییکردن و باوەڕپێهێنان (خضور 2000، 174).

**پێنجەم: گرنگیی بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری**

بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری یەکێکە لە گرنگترین ژانەرەکانی تەلەڤزیۆن کە کاریگەری زۆر لەسەر لایەنی ژیانی مرۆڤەوە هەیە، چونکە فەلسەفەی بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری بە شێوەیەکی سەرەکی پەیوەستە بە ڕاستی و لێپرسینەوە لە ڕاستییەکان، واتە پرۆسەی ئاشکراکردنی ڕاستییەکانە بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ بگاتە قووڵاییە نەبینراوەکان، بە چارەسەرکردنی چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و زانستی کۆمەڵگا مرۆییەکان بەدەستیەوە دەناڵێنن، پرۆسەیەکە تیشک دەخاتە سەر هۆکارە ڕاستەقینەکانی ژیان و کێشەکان، جا چ لە ڕێگەی گواستنەوەی ڕاستەوخۆیانەوە بێت، یان دووبارە نمایشکردنەوەی ڕووداوەکان بێت، لە خوارەوە گرنگیی بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری دەخەینە ڕوو (السلوم 2021).

- **ڕۆڵی هەیە لە چارەسەرکردنی کێشەکانی ناو کۆمەڵگا**، بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری ڕۆڵێکی باش دەبینێت لە دەستنیشانکردنی ئەو کێشانەی کۆمەڵگا ڕووبەرووی دەبێتەوە، لە ڕێگەی ئەو پێشنیار و چارەسەرانەی کە دەخرێنە ڕوو.
- **تۆمارکردن و بە دۆکیۆمێنت کردنی ڕووداوە گرنگەکان،** لە ڕێگەی بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری دەتوانین ڕووداوە گرنگەکانی ژیان تۆمار بکەین و بە دۆکیۆمێنت بکرێت، و پاشان دەتوانین بە تێپەڕبوونی کات وەکو بەڵگەی مێژوویی بەکاری بهێنین، لە ڕێگەی ئەم بەڵگەنامانەوە مێژووی کۆن و نوێ بەیەکەوە دەبەستێتەوە بۆ نەوەکانی ئێستا و داهاتوو.
- **پێدانی زانیاری و دەسکەوتەکان،** لە گرنگترین ئامانجەکانی بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری پێدانی زانیاری و ئەو دەسکەوتانەیە کە بەدەستهاتوون، جا چ لە ڕێگەی حکومەتەوە بێت یاخود لە ڕێگەی ڕێکخراوە چالاکییە مەدەنییەکان، بەمەش جوانیەکانی حکومەت بە خەڵک نیشان دەدات و ئەم زانیاریانەش هاوکار دەبن بۆ دروستکردنی ڕای گشتی.

- **پاڵپشتیکردنی ئەو بەهایانەی کە خزمەت بە گەشەپێدان دەکەن،** بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری گرنگی تەواو دەدات بەو بابەتانەی کە لە ناو کۆمەڵگە خزمەت بە کۆمەڵگا دەکەن، بە تایبەتی نیشاندانی بەهای بابەتە خزمەتگوزارییەکانی پەروەردە و تەندروستی و کشتوکاڵ و هتد، بۆ ئەوەی کۆمەڵگا سوودی باشتریان لێ وەربگرێت و ئەمەش وا دەکات ئاستی کۆمەڵگا بەرز بکاتەوە.
- **دەرخستن و پیشاندانی بەهرە جیاوازەکان،** واتا لە ڕێگەی بەرنامەی دۆکیۆمێنتارییەوە دەتوانرێ بەهرەی هونەری ئەو کەسانە پیشانبدرێ کە لە ناو کۆمەڵگا کاری جیاواز ئەنجام دەدەن لە هەموو ڕووە جیاوازەکانی ژیان، ئەمەش دەبێتە بەرزکردنەوەی مۆراڵی کەسەکەو بەخشینی ئارامی بە کۆمەڵگا (العناتی 2020، 29).

**شەشەم: شێوازەکانی بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری**

لە ساڵی 1991دا ڕەخنەگری سینەمایی ئەمریکی (بیڵ نیکۆلاس) بڕوای وابوو کە هەندێک لە بەرنامە بەڵگەنامەییەکان لە شێوازی داڕشتنی تایبەتمەندییەکانیاندا بەریەککەوتنیان هەبێت، بۆیە پێشنیازی ئەوەی کرد شەش شێوازی جیاوازی بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری هەبن، هەریەکەیان تایبەتمەندی خۆیان لەخۆ دەگرێت، ئەو شێوازانە پۆلێنێکە دەتوانرێت بەرنامە دۆکیۆمێنتارییەکان بەم شێوەیە دابەش بکات:

**1. شێوازی نواندن (Performative Mode):** لەم شێوازەدا دروستکەری بەرنامە خۆی بەشدارە لەناو بەرنامەکەدا واتە دەردەکەوێت، پرسیار دەوروژێندرێت و بەدوای وەڵامدا دەچێت، دروستکەری بەرنامەکە گەشت دەکات و ئەوە نیشاندەدات کە چۆن ئەزمونی کەسەکان پێشکەوتن و زانیاری نوێ پێشکەش دەکەن، ئەم زانیاریانە دەداتەوە بینەر، ئەم گەیاندنەش ڕاستەوخۆ لەلایەن خودی دروستکەری بەرنامەکە بەهۆی ئەو ئەزمونە زۆرەی کە هەیەتی لە هەریەکێک لەو بابەتانەی کە کاری لەسەردەکات، ئەم شێوازە بانگکردنێکە

لەلایەن بەرهەمەکەوە بۆ بینەر، بۆئەوەی بینەر وەڵامێکی هاوسۆزی بداتەوە و دانبنێ بەوەی کە لە بابەتەکە گەیشتووە، زانیاری زیادکردووە.

**2. شێوازی بەشداریکردن(Participatory Mode):** لەم شێوازەدا دروستکەری بەرنامە چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسانی ناوبابەتەکە دەکات، پێناسەی کەسەکان دەکات کە لە بەرنامەکەدا دەردەکەون، ئەو کەسانەی بەشداری بەرهەمەکەن دەبنە بەشداربوو لە دۆکیۆمێنتاریەکەدا زانیاری بە دۆکیۆمێنتاریەکە دەبەخشن و زانیاری و وتەکانیان دۆکیۆمێنتاریەکەی لێ بەرهەم دێت (Nichols 2001, 42).

**3. شێوازی تێبینیکردن (Observational Mode):** لەم شێوازەدا کۆمێنت و تێکست نە بەدەنگ نە بەنووسین لەسەر بابەتەکە نییە، هیچ میوزیک و دەنگێکی بۆ زیاد ناکرێت، جگە لە سروشتی ئەو شوێنەی گە گرتەکەی لێ دەگیرێت، لەناو بەرهەمەکەدا لایەنی مێژووی لەگەڵ بابەتەکە هاوپێچ ناکرێت، هەروەها هیچ پرسیارێک لە کارێکتەری ناو بەرهەمەکە ناکرێت و چاوپێکەوتن لە ناو بەرنامەکەدا ئەنجام نادرێت، مایک لەناوی دەرناکەوێت و دروستکەرەکەی تێیدا دەرناکەوێت، ئەوانەی لەناو بەرنامەکەن نمایش ناکەن، وەک ئەوەی ڕووداوەکان بە سروشتی خۆیان ڕوودەن و دروستکەری بەرهەمەکە لەشوێنەکە نەبێت، ئەمانە هەمووی هەوڵدانە بۆبەدەست هێنانی گرتەیەک وەک خۆی.

**4. شێوازی کاردانەوە(Reflexive Mode):** ئەو شێوازەیە کەبینەر لەگەڵ ناوەڕۆکی ڕووداوەکانی ناو بابەتەکە تێکەڵ دەبێت، هەستێکی وا بۆ بینەر دروست دەکات کەدان بەو ڕاستیانە بنێت کە نیشاندەدرێن، دۆکیۆمێنتارییەکی سروشتی نیشاندەدات، کە دەرخستنی ڕاستییەک نەک ئەو ڕاستیانەی کە خۆیان بوونیان هەیە و ڕوونن، واتە ڕاستییێکی نوێ، لەگەڵ ئەوەشدا بینەر هۆشیارە لەپرۆسەی دەنگ و مۆنتاژ و تۆمارکردندا، هەر بۆیە بەدۆخی هۆشیاریش بەناوبانگە(awareness of the process) ئەم شێوازە تەنیا کار

لەسەر لایەنە مێژوویەکانی جیهان ناکات، بەڵکو باسی کێشەو گرفتەکانیش دەکات پشت بە تەکنیکێک دەبەستێت کە بینەر ڕاچڵەکێنێ کاریگەری لەسەر دروست بکات. (ALDREDGE 2022)

**5. شێوازی ڕوونکردنەوەیی یاخود خستنەڕوو( Expository Mode):** ناسراوە بە شێوازی دەنگی خوداییش (Voice of God) جۆرێکە لەجەختکردنەوە، کە دروستکەری بەرنامەکە بەزارەکی کۆمێنتی لەسەر بابەتەکە هەیە، ڕاستەوخۆ قسە بۆ بینەردەکات بەدەنگ و تایتڵ گرتەکان شیدەکاتەوە، گرتەکان ملکەچی تێکست دەبن، هەموو گرتەکان لە خزمەتی ئەو ستۆریە دەبن کە دروستکەری بەرنامەکە نووسیویەتی، گرتەکان خۆیان لەگەڵ تێسکت دەگونجێنن ئەم گونجاندنە مۆنتاژی شێوازی خستنەڕووشی پێدەگوترێت، ئەم شێوازە بۆ ڕاپۆرتە هەواڵیەکانی تەلەڤزیۆنیش گونجاوە.

**6. شێوازی شاعیرانە (Poetic Mode):** دەربڕینێکی هونەریانەیە وێنە لەگەڵ دەنگ بێ پچڕان درێژ دەبێتەوەو مۆنتاژ ئەم کارە دەکات و گرتەکان تەواوکەری یەکترنین، واتە مەرج نییە گرتەیەک پەیوەندی بەوەی پێشتر هەبێت، بەو مانایەی بڵێین گرتەی دواتر کاری پێشخۆی تەواو بکات، ئەم شێوازە ڕەوانبێژی و چیرۆکی تێدا نییە بەرهەڵستی وتووویژی وێنە و دەنگ لە دۆکیۆمێنتارییەکە ڕەنگدەداتەوە، لەوانەیە بابەتەکە کۆتایی بێت هێشتا شت هەبێت لەناو بەرنامەکە پێویستی بە چارەسەر بێت (واتە بەرهەمەکە پێویستی بە وێنە یان دەنگ هەبێت، وە پێویستی بەدرێژەدان یان بەشی تر هەبێت بۆ بەخشینی ڕیتم بەڵام بە بێ تەواوکردن کۆتایی بێت) لەم شێوازە وێنە (گرتەی ڤیدیۆیی) لە دووهێلی تەریب لە تەنیشت یەکترەوە دەڕۆن و بەیەکەوە ڕیتمێک دروست دەکەن (Class 2021).

شێوازەکانی بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری لای (ایاد الداود) لە پێشکەشکردنی بەرنامەی دۆکیۆمێنتاریدا دابەشکراوە بۆ سێ بەش کە ئەمانەن: (الداود 2013، 25)

1. **ڕێگای لێکدانەوە**: لەم جۆرەدا دۆسییەکان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەخرێنە ڕوو لە ڕێگەی باسکردنی پەیوەندی نێوان هۆکار وئەنجامەکان ودەرهێنانی ئەنجام وخستنەڕووی چارەسەر بۆ کێشەکە، ئەمەش لە ڕێگای بەکارهێنانی دەق و دۆکیومێنت و ئەرشیف و وێنەی ڕوونکردنەوە کە ئەمەش ڕێگا خۆشکەرە بۆ تاوتوێکردن لەسەری بە شێوەیەکی مێژوویی.
2. **ڕێگای سینەمای ڕاستەوخۆ:** بەم ڕێگایە ڕووداو و ئەزمونە مرۆڤایەتییەکان دەخرێنەڕوو لەڕێگای بەشداریکردنی کامێرا لە شوێنی ڕووداو و هەڵوەستەی کەسایەتییەکان، ئەم ڕێگایە پشت دەبەستێت بەوێنەگرتنی تایبەت و دەنگی ڕاستەوخۆ لە بنەڕەتیشدا تێبینی و مۆسیقای دەرەکی و نوسین و نواندن و تەنانەت چاوپێکەوتنیش قبوڵ نییە.
3. **ڕێگای کارلێککردن**: کارلێکە لە نێوان دروستکەری بەرنامە و بابەتەکە، دەنگی دەبیستین کاتێک دەچێتە ناو گفتوگۆی شایەتحاڵەکان، ڕەنگە دانەر خۆی شایەتحاڵبێت یان لێکۆڵەرەوە بێت، لەم ڕێگایەدا شێوازی هونەری بەکاردەهێنرێت، هەروەها لەم جۆرەدا دەسەڵات لە دەقەوە دەگوازرێتەوە بۆ کاردانەوە و بۆچونی خەڵک و لێدوانە جیاوازەکان لەسەر بابەتی دیاریکراو دەخرێتە ڕوو بۆئەوەی خەڵک هەڵوێستی خۆیان لەسەر ئەو بابەتە ڕێکبخەنەوە.

**حەوتەم: جۆرەکانی بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری :**

بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری جۆراوجۆرن، بە چەندین شێوە پۆلێنی بۆ کراوە. لێرەدا گرنگترینیان دەخەینە ڕوو:

**أ. لەڕووی بابەتەوە دابەش دەبێت بۆ ئەم جۆرانەی خوارەوە:**

1. **بەرنامەی فێرکاری**: بابەتەکانی بەرنامە فێرکاریەکان جۆراوجۆرن، هەندێک بۆ پیشاندانی دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان و خوێندنگە و پەیمانگاو زانکۆکان، کۆمەڵەکان، هێزە چەکدارەکان، دەستە پیشەییەکانو ئایینیەکان بەرهەم دەهێنرێن. ئەم جۆرە بەهاوکاری دامەزراوەکانی فێرکردنو میدیا پێشکەش دەکرێت. ئەم جۆرە تایبەت نیە بەنمایش لەسینەماو تەنها ئامانجی فێرکردنە.
2. **بەرنامەی زانستی:** بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری زانستی لە هۆشیاریە گرنگەکانە، کە هەوڵ دەدات بابەتە زانستییە ئاڵۆزەکان بەشێوەیەکی ئاسان و سادە و ڕوون پێشکەش بکات، بەئامانجی بەرزکردنەوەی هۆشیاری و زانینی بینەر بۆ زانست و تەکنەلۆژیاو دەوڵەمەندکردنی ئەزمونەکانی و تواناکانی بە جۆرێک کە توانای وەرگرتنی بۆ پێشهات و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و زانستیەکان زیاتر بێت (نبعیسی 2002`، 46).
3. **بەرنامەی مەشقکاری:** ئەم جۆری بەرنامەیە هەوڵ دەدات داتاو زانیاریە پێویستەکان شیبکاتەوەو ڕوونی بکاتەوە بۆ پێدانی تواناو لێوەشاوەیی و زیادکردنی زانین لە بوارەکانی مەشق و ڕاهێنانی پیشەیی یان هۆشیارکردنەوە، هەروەها بۆ بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری تەکنیکی و هونەری لەناو گروپەکانی کرێکاران و پیشەوەران و جوتیار، تەنانەت سوپاش بە تایبەت بۆ ئەوانەی لەو بوارەدا لەسەرەتادان و هێشتا نەچونەتە مەشقی ڕاستەقینەوە، لەڕووی فۆڕمەوە لە فیلمە فێرکاریەکانی خوێندنگا دەچێت، بەڵام جیاوازیەکەیان لە ئامانج و ئەرکی بەرنامەکەدایە.

4. **بەرنامەی ڕۆشنبیری:** بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری ڕۆشنبیری بە ئامانجی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری گشتی لەناو توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵ بەرهەم دێت، ئەویش لەڕێگەی نیشاندانی بابەتە هونەری و کۆمەلایەتی و کەلتوریەکان، بۆیە یەکێکە لە ئامرازەکانی بڵاوکردنەوەی کەلتورو زانین، هەروەها ئاشنا کردنی کۆمەڵگە بە کەلتوری کۆمەڵگە جیاوازەکان (جاد وشرف 1999، 48).

5. **بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری گەشتیاری:** ئەم جۆرە بەرنامەیە شوێنەوارە دێرینەکان و شوێنە گەشتیاریەکان نیشان دەدات، ئەرکی ئەوەیە کە بەها کۆمەڵایەتی و هزرییەکان و جوانی شوێنەکان بخاتە ڕوو، ئاسۆ و ڕەهەندەکانی بیرکردنەوە لای وەرگر فراوان دەکات لەڕێگەی پێدانی زانیاری پێویست لەبارەی شارستانی و شوێنە دێرینەکان و گەشتیاریەکان لە جیهان، هەروەک ئاسانکاری دەکات بۆ ئەوەی کە وەرگر زیاتر لە بژاردەیەکی لابێت بۆ مەبەستی گەشتیاری.

6. **بەرنامەی هۆشیارکردنەوەو ڕێنمایی:** ئەم بەرنامەیە بەئامانجی ڕوونکردنەوەی زانیاری پێویست و فەراهەم کردنی لێوەشاوەیی و دەوڵەمەندکردنی زانیاری وەرگر بەرهەم دێت، هەروەک ڕەهەندی بیرکردنەوەی فراوان دەکات لەڕێگەی پیشاندانی بەرنامە و زیاترکردنی زانینەکانی، ئەم بەرنامەیە بۆ گروپەکانی کرێکاران و جوتیارو کۆمەڵە پیشەییەکان بەرهەم دێت، بەمەبەستی هۆشیارکردنەوەیان لە بواری کارو پێشکەش کردنی زانیاری پێویست پێیان بۆ گەشەپێدانی پیشەو کارەکانیان.

7. **لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەنووسی دۆکیۆمێنتاری (ڕیپۆرتاژی تەلەڤزیۆنی):** بریتییە لە پیشاندانێکی کارای ڕووداوێکی هەنوکەیی گرنگ لەسەر شاشە لەڕێگەی دیمەنی وێنەگیراو و گێڕانەوەیەکی دەنگی سادەو بێ ئاڵۆزی، بەمەبەستی گەیشتنە بە دەرەنجام و گەیاندنی بە بینەر، واتە نمایشی واقع وەک خۆی (عبدالخالق 2011، 420).

8. **بەرنامەی هونەری:** ئەم جۆرە دۆکیۆمێنتارییە هونەری شێوەکاری و ژیانی هونەرمەندان و کارە هونەریەکانیان وەک هەڵکۆڵین و وێنەکێشان و میوزیک و هونەرەکانی دیکە دەخاتە

ڕوو، ئەو واقعە دەگوازێتەوە کە هونەرمەندەکە تیایدا دەژی، هەندێکجار لەشێوەی ژیاننامە و یاداشتدایە (مرعي 2004، 62).

9. **بەرنامەی گەشتنامە:** ئەم جۆرە بەرنامەیەش هەندێک شوێنی گەشتیاری ناوچەکانی جیهان یان شوێنە سەیرەکان، شاخە بەرزەکان، شارە گەورەکان، دەکاتە بابەتی خۆی و زانیاری لەسەر ئەو شوێنانە پێشکەش بە بینەر دەکات، هەروەها کەلتورو ڕێگا و خواردن و چەندین جۆری تر زانیاری لەسەر ئەو شوێنانە باس دەکات، زۆرجار ئەم جۆرە بەرنامانە وەک جۆرێک ڕیکلام و بەبازارکردن سەیر دەکرێت (نصار 2016، 73).

**ب. بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری لەڕووی چارەسەرکردنی بابەتەوە سێ بەشە:** (**المحنة** 2019، 300)

1. ئەو بەرنامە دۆکیۆمێنتاریانەی کە هێزو جوامێری خەڵک دەچەسپێنن لە هەڵوێستە دژوارەکاندا، هەروەها لە ناو ڕووداوەکاندا ڕەگەزە درامییە شاراوەکانی ژیانی تایبەتی کەسایەتییەکان دیاری دەکات، کار دەکات بۆ بەرزکردنەوەی ڕۆحی مەعنەویان و دەرخستنی لایەنی ڕەسانەیەتی و هێزیان.
2. ئەو بەرنامە دۆکیۆمێنتاریانەی کە کێشەیەکی زیندوو دەخەنە ڕوو، کە ڕووبەڕووی کۆمەڵگا دەبێتەوە لەڕووی سیاسی و ئابوری وکۆمەڵایەتییەوە ڕێگەی چارەسەر لەچوارچێوەیەکی واقعی بۆ کێشەکە پێشنیاز دەکات.
3. ئەو بەرنامە دۆکیۆمێنتاریانەی کە ڕاستییە نەگۆڕەکان دەخەنە ڕوو، لەڕێگەی درێژەی ژیانی هاونیشتمانییەکی ئاساییەوە ڕووناکی دەخاتە سەر یەکێک لە کێشەکانی ژیان بەشێوەیەکی درامی، بەڵام کاریگەری و هەڵوێست و بۆچوونەکانی پێشتر ناخاتەڕوو.

### ج. بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری لەڕووی نمایشی تەلەڤزیۆنی:

دوای ئەوەی بە بەکارهێنانی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی تەلەڤزیۆنی یان سینەمایی بابەتی دۆکیۆمێنتاری بەرهەم دەهێنرێت، بە چەند جۆرێک لەسەر شاشەی تەلەڤزیۆنەوە پێشکەش دەکرێت بۆ بینەران و هەندێکیشیان ڕەنگە پێش تەلەڤزیۆن لە سینەما نمایشبکرێن، ئەو جۆرانەش ئەمانەی خوارەوەن: (الفرجاني 2010، 121)

1. **بەرنامەی تەلەڤزیۆنی:** ئەو بەرهەمە بەڵگەنامەییانەیە کە ئامادە دەکرێن بەمەبەستی نمایشکردن لە تەلەڤزیۆنەوە و لە بناغەدا بۆ سینەما بەرهەم هێنراوە، بەڵام لە تەلەڤزیۆن نمایش دەکرێن، ئیتر ئەو فیلمانە مێژوویی بن یان کۆمەڵایەتی یان ئابووری یاخود ڕامیاری، بەشێوەی تایبەت دەردەهێنرێن و جوانکاری بۆ دەکرێت.
2. **نواندنی تەلەڤزیۆنی**: بریتییە لە کۆمەڵێک دیمەنی تەلەڤزیۆنی دۆکیۆمێنتاری پێکەوەبەستراو بۆ بەرجەستەکردنی ڕووداوێکی سەرەکی، بەتایبەتی بۆ تەلەڤزیۆن ئامادە دەکرێت.
3. **زنجیرە:** کۆمەڵە ئەڵقەیەکی دۆکیۆمێنتاریی یەک بەدوای یەکە، کە هەریەکەیان پەیوەستە بەویتریانەوەو لە یەک بابەت دەسوڕێتەوە لەدەوری یەک بیرۆکە و زنجیرە و هەر ئەڵقەیەکی تایبەتە بە چەند بابەتێکی سەربەخۆ، بەڵام یەک چوارچێوە کۆیاندەکاتەوە.

**هەشتەم: هەنگاوەکانی بەرهەمهێنانی بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری:**

بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری لە هەنگاوەکانی دروستکردنیدا، زۆر لە توێژینەوەی زانستی دەچێت، لە کاتێکدا ئەمیش وەک توێژینەوەی زانستی لەسەر کێشەیەک یان بیرۆکەیەک کار دەکات، دەرهێنەر ناو و کاتی دیاریکراو بۆ خستنەڕووی دیاریدەکات، لە بنەڕەتدا بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری گفتوگۆ لەگەڵ عەقڵ دەکات و لەم ڕووەشەوە پشت دەبەستێت بە پێشکەشکردنی زانیاری و سەلماندن و بەڵگە، دواتر دەبێتە سۆز و ئاڕاستەی جەماوەری بەئامانجکراو دەکرێت، کە تایبەتمەندی و بایەخدانی دیاریکراو کۆیاندەکاتەوە (الحديدي 1999، 99). بەرهەمهێنانی بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری بەم قۆناغانەدا تێ دەپەڕێت:

1 - **قۆناغی پێش بەرهەمهێنان:** (Pre production)

ئەم قۆناغە بە دیاریکردنی بابەت وکۆکردنەوەی زانیاری دادەنرێت، چونکە لەم قۆناغەدا بەرهەمهێن هەڵدەستێت بە دیاریکردنی ئەو بیرۆکەیەی کە دەیەوێت دۆکیۆمێنتی بکات و زانیاری لەسەر کۆبکاتەوە. بیرۆکەش "بریتییە لە ناوکی پرۆژەی پلاندانان وڕێکخستن، لەبەرئەوە پێویستی بە کات هەیە بۆ دۆزینەوەی بیرۆکەیەکی مەنتقی کە تەرکیز بکاتە سەر بابەتێکی زیندوو و بەنرخ (حسين 2010، 49). دیاریکردنی چیرۆک یان بابەتە سەرەکییەکە، پرسیارێکی سادەیە، بەڵام گرنگ لێرەدا ئەمەیە بۆچی ئەم بابەتە دۆکیۆمێنت دەکەم؟ هەمیشە هەڵبژاردنی چیرۆکی بەهێز و کاریگەر ڕۆڵێکی گەورەی دەبێت لە بەهێزکردنی ستۆری لایەنی بەرهەمە دۆکیۆمێنتاریەکەدا، زۆر جار چیرۆکەکە هێندە کاریگەر و سەرنجراکێشە، پێویستی بە دەرهێنانێکی ئاڵۆز و قورس نیە، هەر خودی سەرنجراکێشی و کاریگەری چیرۆکەکە هێز و تەشویق دەداتە ستراکچەری گشتی بەرهەمەکە، هەرچەندە ستایڵ یان میکانیزمێکی دیاریکراو نیە بۆ هەڵبژاردنی ئەوەی چ بابەتێک دەکرێتە دۆکیۆمێنتاری یاخود نا، بەڵام (پاترشا ئۆڤدەر هایدی) دەرهێنەرو شارەزای بەنێوبانگی بواری دۆکیۆمێنتاری، لە کتێبە بایەخدارەکەیدا (کورتەیەک دەربارەی بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری)، چەند پۆلێنێک

جیادەکاتەوە بۆ ئەو بابەتانەی دەکرێت بکرێنە بەرهەمێکی دۆکیۆمێنتاری تەلەڤزیۆنی، هەڵبەت ئەمانەی (پاتریشا ئۆڤدەر هایدی) باسی کردوون، چوارچێوەو تایتڵی گشتین و دەکرێت لە نێویاندا چەندین ناونیشان و بابەتی جیاواز لەخۆ بگرێت، کە بریتین لە مانەی خوارەوە: (عەبدولرەحمان 2019، 413)

- **بابەتی کاروباری گشتی**: مەبەست ئەو بابەتانەن، کە پەیوەندییان بە سیاسەت و ئابووری و جەنگ و کێشە مرۆییە جیاوازەکانی کۆمەڵگەوە هەیە.
- **بابەتی مێژوویی:** هەموو ئەو ڕووداوانەی لە ڕابردوودا ڕوویانداوە و بۆ ئەمڕۆ زانین و هەروەها شیکردنەوە و ئاشکراکردنی نهێنیەکانی شوێنەوارە مێژووییەکان گرنگی و کاریگەریەکانیان.
- **بابەتی ئیتنۆگرافی**: گرنگیدان بە شێوازی ژیانی کۆمەڵگە جیاوازەکانی مرۆڤایەتی و جۆری ژیانسازی گروپە ئیتنیکیە جیاوازەکان، دەگرێتەوە.
- **بابەتی کەلتور و گەشتیاری**: نیشاندانی لایەنە جیاوازەکانی کەلتور و ئاین و بابەتەکانی سەیر و سەمەرە و گەشتیاری و ئەو چیرۆکانەی پەیوەستن بە گەشت و سەیران و ناساندنی شوێنە جیاوازەکانی دونیا دەگرێتەوە.
- **بابەتی سروشتی**: هەموو ئەو بابەتانە دەگرێتەوە، کە پەیوەستن بە ژیانی سروشتی ئاژەڵان و وێستگە جیاوازەکانی دابەش بوونی جوگرافیان و سروشت و شێوەی ژیانی زیندەوەران، لە ژینگەی سروشتی خۆیاندا.
- **بابەتی زانستی**: هەموو لقە جیاوازەکانی زانست دەگرێتەوە، لەگەڵ بابەتە تەندروستی و ژینگەیی و گەردووونناسیەکاندا.
- **بابەتی بایۆگراف**: ژیان نامەو بایۆگرافی کەسایەتییە بەنێوبانگ و گرنگەکانی، لەسەرجەم بوارە جیاوازەکاندا دەگرێتەوە.

- **بابەتی لایف ستایل و هونەر و وەرزش**: ئەو بابەتانەی پەیوەستن بە لایف ستایل و شێوازە جیاوازەکانی ژیان و بابەتە هونەری وەرزشییەکان، دەگرێتەوە.

دوای دیاریکردنی بیرۆکە کرداری کۆکردنەوەی زانیارییەکان و بەڵگە سەرەکیەکان لەسەری دەستپێدەکات، ئەم هەنگاوەش دادەنرێت بە گرنگترین هەنگاوەکان و قۆناغەکان، لەبەرئەوەی ئەو بەڵگە و زانیاریانە شێوەی بنیاتی سەرەکی بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری لەڕووی شێوە و ناوەڕۆکەوە پێکدەهێنن، لەبەر ڕۆشنایی ئەو زانیاریانەوە شوێنی وێنەگرتن و جۆرەکانی گرتە و قەبارەو ڕێکخستنەکانی دیاریدەکرێت،سەرچاوەی ئەو زانیاریانە زۆر و جۆراوجۆرن و لە بابەتێکەوە بۆ بابەتێکی دیکە دەگۆڕێن (عبدالنبي 2010، 189).

دوای دیاری کردنی چیرۆکەکە، ئیتر هەنگاوی کۆکردنەوەی زانیاری دەست پێدەکات لەسەر بابەتەکە، ئەویش لە ڕێگەی پرۆسەی ڕەکی (Recce)، کە لەبەرهەمهێنانی دۆکۆیۆمێنتاری سوودی لێ وەردەگیرێ، مەبەست لە چەمکی ڕەکی (Recce) لەڕووی وشەسازیەوە، زیاتر لە پرۆسە سەربازییەکاندا بەکارهێنراوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و خاڵە بەهێزو لاوازەکانی دوژمن لە بەرەکانی جەنگ، ئەم چەمکە لە ئێستادا زیاتر لە پرۆسەی پیشەسازی فیلمدا بەکاردەهێندرێت بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر لایەنە جیاوازەکانی فیلم، لەم ڕووانەی خوارەوە: (الفراجي 2006، 76)

1- کۆکردنەوەی زانیارییەکان و دۆزینەوەی سەرچاوەی جیاوازی چیرۆکەکە، ئەو بابەتەی ئێمە دەمانەوێت کاری لەسەر بکەین، خەیاڵ و فەنتازیا نەبێت، بەڵکو دەبێت حەقیقەت و ڕاستی تەواو بن و لە واقیعدا ڕوویان دابن.
2- دۆزینەوەی کاراکتەرو پاڵەوانی چیرۆکەکە، بەشێوەیەک پەیوەست بوونێکی باشی هەبێت لەگەڵ ئەو چیرۆکەی ئێمە دەمانەوێت دۆکیۆمێنتی بکەین.
3- دیاریکردن و بڕیاردان لەسەر شێوازی گێڕانەوەی چیرۆکەکە (نەرەیشن- Narration).

4- کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر شوێنی جوگرافی ڕوودانی چیرۆکەکە.

5- ئامادەکردنی ستۆری بۆرد (Story Board) و دیاریکردنی شۆتەکان و نووسینی سیناریۆ.

دەرهێنەر بڕیار لەسەر پێداویستییە تەکنیکییەکان دەدات بەتایبەتی جۆر و شێوازی ئەو کامێرا و پێداویستییانەی کە دواتر لە وێنەگرتن و کاتی بەرهەمهێناندا بەکاریان دەهێنێ.

دانانی سیناریۆ و شوێنی وێنەگرتن لەڕێگای بەڵگەنامەکان و زانیارییەکان نووسەر یان (ئامادەکار) پڕۆژەی وێنەگرتنی فلیم و سیناریۆ دادەنێت، لەکاتێکیشدا نووسەر دەنووسێت و پێویستە بیربکاتەوە، تەنها گرنگی نەدات بە ناوەڕۆک، بەڵکو گرنگی بە لایەنی جوانکاریش بدات.

سیناریۆش بە دەقە تەلەڤزیۆنییەکان دەوترێت سیناریۆ(scenario): بەوە پێناسە دەکرێت، 'کەپڕۆژەی بەرنامەی تەلەڤزیۆنییە یان پلانی بەرنامەی تەلەڤزیۆنی نووسراوە لەسەر لاپەڕەی سیناریۆ دەنووسرێت بۆئەوەی لە ڕێگای کامێرەوە وەربگێڕدرێت بۆ وێنەی جوڵاو وە نمایش بکرێت لەشاشەی تەلەڤزیۆنەوە بێت یان سینەما'. (الحسن 2003، 102)

2 - **قۆناغی بەرهەمهێنان:** (Producing):

دەرهێنەر لەم قۆناغەدا هەڵدەستێت بە کاری ئامادەکردنێکی ڕاستەقینە، بە دانانی خشتەی وێنەگرتن کە لیستی وێنەگرتن وگرتە سەرەکییەکان و لیستی کەسایەتییەکان و پرسیارە گرنگەکان و ژمارەی کەسە سەرەکییەکان و لاوەکییەکان و دۆخ و گرنگیان و ئامانج لە گفتوگۆکردن لەگەڵیان لە هەندێک کاتیشدا دەرهێنەر وێنەی فۆتۆگرافی ئەو شوێنە دەگرێت کە پێگەی سەرەکییە بۆ فیلمەکە بۆئەوەی پرۆژەی وێنەگرتنەکە بەشێوەیەکی ورد دابنێت (الداود 2013، 10).

وێنەگرتن یەکێکە لە ڕەگەزەکانی دروستکردنی بەرنامە، جەوهەری هونەری وێنەگرتنیش بریتییە لە ڕاکێشانی بایەخی بینەر، ئامانجی هێنانەکایەوەی بینینێکی کاریگەر و سەرنجڕاکێشە بۆ شتێک، نەک تەنها ناساندن و گواستنەوەی وێنەکەی. (الحسن 2003، 105)

وێنەگرتن کرۆک و بونیادی سەرەکی و گرنگی بەرهەمهێنانی تەلەڤزیۆنییە، بەشێکی ئەرکەکە، لە ڕووی تیۆرییەوە، پێشتر ئامادەکاری و پلانی بۆ دانراوە، لەم قۆناغەدا دەرهێنەر لەگەڵ ستافەکەیدا، بەشێوەیەکی پڕاکتیکی کار لە سەر وێنەگرتنی ئەو دیمەنانە دەکەن، کە پێشتر بەپێی ستۆری بۆرد، ئامادەکراوە و نووسراوەتەوە (شلبي 2007، 214).

لەم قۆناغەدا کامێرامان و دەرهێنەرو ستافە تەکنیکیەکان، ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن، لە گواستنەوەی ئەو دیمەن و ڕاستیەی بەرهەمەکە، لە نێو ڕووبەرەکانی وێنەگرتندا، دەرهێنەر پێویستی بە مۆنیتەرێکی گەورە هەیە، کە سەرجەم گۆشە جیاوازەکانی کامێراو مەیدانییەکانی پێوە بەسترابێت تا ئەوەی دەرهێنەر ئاشکراترو ڕوونتر توانای کۆنترۆڵکردنی دیمەنە تۆمارکراوەکانی هەبێت و بتوانێت هاوتەریب لەگەڵ پلانی ستۆری بۆڕدی بەرهەمەکەی دا بیگونجێنێت.

دەرهێنەر لە کاتی وێنەگرتندا، دەزانێت چ دیمەنێکی پێویستە و زۆرجار بە پێی ئەو سیناریۆ و ستۆری بۆردەی پێشتر ئامادەی کردووە، پێویست بە دووبارە بەرهەمهێنانەوەی هەندێ دیمەن و ڕووداو هەیە، کە پێشتر ڕوویانداوەو لە ئێستادا نە شوێنەواری ڕووداوەکە ماوەو نە بارودۆخە دراماتیکەی ماوە، زۆرجاریش تەنانەت کاراکتەر(Character)و پاڵەوانەکانیش نەماون، لەم دۆخەدا دەرهێنەر پێویستی بە پرۆسەیەکی دیکە هەیە کە پێی دەوترێت "دووبارە نواندنەوە" کە بەزمانی سینەما پێی دەوترێت " دیمەنە دۆکۆدرامییەکان" (Docudrama) (بوريتسكي 2009، 187).

دۆکۆدراما چیە؟ (Docudrama ) دووبارە بەرهەمهێنانەوەی ئەو ڕووداوانەیە، کە بەشێکی سەرەکی چیرۆکی بەرهەمەکە پێکدەهێنن، بەڵام هیچ دیمەنێکی ڤیدیۆییان نیە یاخود هیچ گرتەیەکی ڤیدیۆیی نیە، کە گوزارشت لە ڕووداوەکە بکات، دەرهێنەر بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو دیمەنانەو پێدانی تەشویق و کاریگەری بە بەرهەمەکەی پەنای بۆ دەبات. بە مانایەکی تر، ئەم پرۆسەیە بریتییە لە نواندن دووبارە بەرهەمهێنانەوەی ڕووداوێکن کە پێشتر ڕوویداوە، واتە بەرهەمهێنانەوەکە کاراکتەر(Character)و فیگەرو ڕووداوو چیرۆک و سەرجەم دیتەیڵەکانی دیکەش دەگرێتەوە، هەندێکجار بە خودی کاراکتەرەکان پرۆسەکە جێبەجێ دەکرێت، هەندێ جاریش پەنا بۆ ئەکتەری تر دەبرێت (خليفى 2014، 45).

3 - **قۆناغی دوای بەرهەمهێنان:** (Post production)

لەم قۆناغەدا پرۆژەی بەرهەمهێنان، دەچێتە بوارێکی گرنگەوەو کۆتا هەنگاوەکانی بەرهەمهێنان، لە کۆتاییدا نزیک دەبێتەوە، بەڵام وەکو کارکردن، هێشتا ژمارەیەک هەنگاوی دیکە ماون، بۆ ئەوەی پرۆسەی بەرهەمهێنان تەواو بکرێ، لە گرنگترین کارەکانی ئەم قۆناغە نوسینی تیکست (Text)ی بەرهەمەکە، یان تەواوکردنی شێوازی گێڕانەوەی چیرۆکەکە، چونکە دەرهێنەر لە قۆناغی پێش بەرهەمهێناندا زانیاری پێویستی لەبەردەستە، بۆ ئەوەی

بڕیار لە شێوازی گێڕانەوەی چیرۆک، یان نەرەیشنی بەرهەمەکەی بدات، ئایا تێکستی بۆ دەنووسێت و بە ڤۆیس ئۆڤەر کارەکە دەکات، یاخود لە ڕێگەی گێڕانەوەی کاراکتەرەکانی چیرۆکەکەوە ئەو کارە دەکات، ئەگەر بژاردەی دووەمی هەڵبژارد، ئەوا نووسینی تێکست (Text) کۆتایی دێت، بەڵام ئەگەر دەرهێنەر بژاردەی یەکەمی پەیڕەو کرد، ئەوا کارەکە دابەش دەبێت بەسەر دوو قۆناغدا (شلبي 2007، 217)، قۆناغی یەکەمی نووسینی تێکست لە قۆناغی پێش بەرهەمهێناندا، بەشێکی سەرەکی یان چوارچێوە گشتییەکانی تێکستی بەرهەمەکەی پێویستە بنووسێت، کە ئەویش خۆی لە نووسینی ئەو سیناریۆ و ستۆری بۆردەدا دەبینێتەوە، کە بۆ بەرهەمەکەی ئامادە دەکات، قۆناغی دووەمی نووسینی تێکستی چیرۆکەکە، دەکەوێتە قۆناغی دوای بەرهەمهێنانەوە، کاتێک پرۆسەی وێنەگرتن تەواو دەبێت، لەوکاتەدا پێویستە دەرهێنەر تێکستی پێویست، بۆ دیمەنە ڤیدۆییەکانی بنووسێت و پرۆسەی نوسین بۆ وێنە بە پایانبگەینێت، دۆکیۆمێنتاری پرۆفیشناڵ بە پلەی یەکەم بوونی هارمۆنیەکی تەواوە، لە نێوان تێکست و گرتە ڤیدیۆییەکان، بە شێوەیەک ڤیدیۆ و نووسین، دەبنە تەواوکەری یەکدی و پێکەوە وێنەی گشتی چیرۆکەکە تەواو دەکەن (الفرجاني 2010، 55).

**نۆیەم: گروپی کارکردنی بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری:**

هەر بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنی کە دروستدەکرێت، پێویستی بە گروپێکی کارکردنی تایبەت هەیە بەخۆی، کە پێکدێت لە مانەی خوارەوە:

1. دەرهێنەر: ئەو بەرپرسە لە دانان و سازکردنی هەموو ڕەگەزەکانی بەرهەمهێنانی هونەری و کارگێڕی و دارشتنەوەی بە شێوازێکی تایبەت، سەرکردایەتی کردنیشی جەوهەری کارکردنیەتی لەچوارچێوەی کارکردنێکی مرۆڤانە و تەکنیکیانە کە ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە: (الداود 2013، 187)

ا – لایەنی جوانکاری داهێنەرانە: (کەشی گشتی، ئیقاع، شێواز، لێکدانەوەی سیناریۆ، گرتە و مەشهەدەکان..هتد).

ب – لایەنی پیشەیی وتەکنیکی: پارێزگاریکردن لە باشی و نایابی (وێنە ودەنگ).

ج – لایەنی کارگێڕی: سەرکردایەتی کردنی گروپی کارکردن، زاڵبوون بەسەر ئەو کێشانەی ڕووبەڕووی دەبێتەوە لە کاتی هەنگاوەکانی کارکردنیدا.

لە ڕێگەی قووڵبونەوە و کامڵ بوون بە پلەبەندی دەرهێنەر هەڵدەستێت بە بنیاتنانی شێوازی تایبەت بە خۆی، لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی دەرهێنەریش (بابەتیبوون، تازەگەری، ڕاستی، وردیی، نەرمی، سەرکردایەتی، ڕۆحی کارکردن بە گروپ).

دەرهێنەریش دابەشدەکرێت بۆ ئەم جۆرانە: بەپێی خوێندن (ئەکادیمی یان بەهرەمەند)، بەپێی ئەزمونی پێشینەیی ( پێشتر مۆنتاژی کردووە و وێنەگربووە یان نوسەربووە)، بەپێی کارکردن (پێشتر کاری لە سینەما یان تەلەڤزیۆن یان کەناڵە هەواڵییەکان کردووە).

2. کارگێڕی بەرهەمهێنان: کاری ئامادەکردن و جێبەجێکردنی هەموو پێداویستییە مادیی و کارگوزاریی و مرۆییەکانە، تا ئەو بڕەی کە پێویستە بۆ هێنانەکایەوەی بەرنامەکە بە باشترین توانا بەبێ بەفیڕۆدان و لەدەستدانی خەرجی ئەمانەی خوارەوەش لەخۆ دەگرێت: (نصار 2016، 77)

ا – بەڕێوبەری بەرهەمهێنان: ڕۆژانە چاودێرێکی ڕاستەوخۆیە بەسەر کاری بەرهەمهێنانەوە، هەرچۆن خۆی بەرپرسیارە لە دانانی خشتەی تایبەت بە بەرهەمهێنان و بودجە.

ب – نێردراوی بەرهەمهێنان: خزمەتگوزاریی ناوچەیی پێشکەش دەکات، دەبێت خەڵکی ئەو شوێنەبێت و شارەزای تەواوی لە هەموو ئەو خزمەتگوزاریانەدا هەبێت کە لە ناوچەکەدا بوونی هەیە.

ج – بەرهەمهێنەری هونەری: گرنگیی بە کارە ستراتیژییە بیری و هونەرییەکان دەدات، چاودێری بەرەوپێشچوونی بەرهەمهێنانی بەرنامە و پارەدارکردنی دەکات.

3. بەرهەمهێنەری تەلەڤزیۆنی: کەسێتییە و سەرکردەیە کە دەتوانێت سەرپەرشتی بەرنامەکە بکات لەڕووی بیرۆکە و ڕیزبەندی بەرهەمهێنان، بەشێک لە قوتابخانەکانی بەرهەمهێنان گوزارشتی لێدەکەن بە سەرکردەی پرۆژە وبەرپرسی یەکەم لە ناوەڕۆکی بیرۆکەیی (جرار 2001، 125).
4. پەیامنێری تەلەڤزیۆنی: پەیامنێر بە بەشێکی سەرەکی لە پێکهێنەرەکانی بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری دادەنرێت، بەڵام ئەو دروستکەری نییە (عبود 2012، 84).

# بەشی چوارەم

# لایەنی پڕاکتیکی توێژینەوەکە

**یەکەم: ڕێکارەکانی میتۆدی توێژینەوەکە**

**میتۆدی توێژینەوەکە**

**جۆری توێژینەوەکە**

**کۆمەڵگەی توێژینەوەکە**

**سامپڵی توێژینەوەکە**

**یەکەکانی شیکردنەوە**

**دووەم: ئەنجامی گشتی شیکاریکردنی داتاکانی توێژینەوەکە**

**دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە**

**پێشنیازو ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە**

## بەشی چوارەم

## لایەنی پڕاکتیکی توێژینەوەکە

### یەکەم: ڕێکارەکانی میتۆدی توێژینەوەکە

**1- میتۆدی توێژینەوە:**

ڕێباز(میتۆد)ی ئەم توێژینەوەیە شیکاری ناوەڕۆکە، توێژەر بە مەبەستی هەڵهێنجاندن و گەیشتن بە ئەنجامێکی زانستی پشتیی بە میتۆدی "شیکردنەوەی ناوەڕۆک" بەستووە، بە هەردوو جۆری شیکردنەوەی ناوەڕۆک لە ڕووی چۆنێتی و چەندێتییەوە.

بۆ ئەو مەبەستەش سامپڵی وەرگیراوی توێژینەوەکە لەڕووی شوێن کات و جۆری ئەو بابەتانەی دەستنیشان کراون، لە بەر ڕۆشنایی پێوەر و ڕێکارە ئەزموونکراوەکانی شیکردنەوەی ناوەڕۆک تاوتوێ کراون.

لە سۆنگەی بنەما زانستیەکانی جۆری توێژینەوەو تایبەتمەندییەکانی ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ وەسفکردنی تایبەتمەندییە ووردەکانی گرنگی شێوازەکانی مۆنتاژکردنە لە بەرنامە دۆکیۆمێنتارییەکان.

**2- جۆری توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە لە جۆری توێژینەوە وەسفییەکانە، بەو پێیەی توێژینەوەی وەسفی سەبارەت بە توێژینەوە میدیاییەکان گونجاوە بۆ ئەم توێژینەوەیە، چونکە وەسفی دیاردە و بابەتەکان دەکات و لە ڕێگەیەوە ئەنجامێکی ورد و دیاریکراو بە دەستەوە دەدات.

توێژینەوە وەسفییەکان، ئامانجیان وێناکردن، شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی تایبەتمەندییەکانی گرووپ، یان کۆمەڵەیەکی دیاریکراو، یاخود خستنەڕووی هەڵوێستێکی دیاریکراوە، کە خەسڵەتی سنووردارییان هەیە، پەیوەستن بە سرووشتی دیاردەیەک، هەڵوێستێک و کۆمەڵێک بابەتەوە، بە ئامانجی دەستڕاگەیشتن بە زانیاری پێویست و ورد لە بارەیانەوە، (بریک 2015، 151) بە بێ ئەوەی دەستوەردان لە هۆکارەکانیان بکرێت، یاخود بە چاوپۆشی لە بوونی گریمانەی دیاریکراوی پێشوەختە بڕیار لە بارەیانەوە بدرێت. بە

ئامانجی کۆکردنەوەی زانیاری ورد و پێویست لە بارەی دیاردەیەک و بە دەستەوەدانی ژمارەیەک ئەنجام (المشهداني 2017، 162).

3- **کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:**

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتیە لە بەرنامە دۆکیۆمێنتارییەکانی کەناڵی ئاسمانی کوردستان24 , هۆکاری هەڵبژاردنی دۆکیۆمێنتاری وەک کۆمەڵگەی توێژینەوە دەگەڕێتەوە بۆ بایەخی زۆری ئەو ژانەرە لە کاری میدیایدا، بە تایبەتی لە بەرهەمهێنانی بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری، کە تێیدا ئەرک و ڕەگەزە سەرەکییەکانی مۆنتاژ بە هەموو جۆرەکانی کۆکردنەوە و ئیفێکت و بڕین، بۆ تێکەڵکردن و ڕێکخستنی گرتە و دەنگ و جوڵەکانی کامێرا بەکاردێ، کە تێیدا ڕەنگدانەوەی ڕاستی و دروستی ناوەڕۆکی بەرنامەکە بە بینەر ئاشنا دەکات.

دیاریکردنی ئەم کەناڵەش وەک کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەم کەناڵە لەسەرەتای دامەزراندنیەوە گرنگی تەواوی بە بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری دەدات بەشێوەیەکی بەردەوام، هەفتانە بەرنامەی پەخشکراوی هەیە لەسەر بوارە جیاجیاکانی ژیان، لە ڕووی کوالێتی کەرەستەی تەکنیکیشەوە لە ئاستێکی بەرزدایە، ئەمانەش یەکێکن لەو هۆکارانەی توێژەر ئەم کەناڵەی وەک سامپڵی توێژینەوەکە دیاریکردووە.

کەناڵی کوردستان24, یەکێکە لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان کە بنکەی سەرەکیان لە شاری هەولێرەو لە ساڵی 2015 دامەزراوە، لە دوای دامەزراندنی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە (10ی تەمموز/ یۆلیۆی 2019)، وەک میدیای نیمچە حکومی کاردەکات، پابەندی سیاسەتی حکومەتە، بایەخ بە بڵاوکردنەوەی زانیاری و هەواڵەکانی حکومەت دەدات و یەک ئاراستەی لایەندارانەی بۆ سیاسەتی حکومەت هەیە، بەڵام وەک لە وێبسایتەکەیاندا وا پێناسە کراوە(kurdistan24 2022) ، کە دامەزراوەکە ناوەندێکی میدیاییە و پیشەییانە بەرهەمێکی پوختی میدیایی پێشکەشی بینەرو بیسەرو

خوێنەرانی دەکات، هەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوە ئەم کەناڵە گرنگیی داوە بە بەرهەمهێنانی بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری، یەکەم بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری لە 2015/11/1 پەخشکردووە، تا ڕێککەوتی ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیە ئەم کەناڵە (323) بەرنامەی لە بوارە جیاوازەکانی دۆکیۆمێنتاری بەرهەم هێناوەو بڵاوکردوەتەوە، کە لە ماوەی مانگێکدا (4) بەرنامە بڵاودەکاتەوە، واتا بۆ هەر هەفتەیەک تەنها یەک بەرنامە، سەرەتا ڕۆژانی چوار شەممە لە کاتژمێر (10:05) پەخش دەکرا، بەڵام لە ئێستادا کاتەکەی گۆڕاوە بۆ ڕۆژانی هەینی لە هەمان کاتژمێری پێشوودا پەخش دەکرێ، هەندێک جار وا ڕوویداوە لە مانگێکدا (4) بەرنامە زیاتر بەرهەم بهێنن بە تایبەتی لە هەندێک بۆنە جیاوازەکان و بابەتە نیشتمانییەکان کە تایبەتبن بە  هونەر و کەلتوری کوردستان، بەشی دۆکیۆمێنتاری لە ناو دەزگاکە بەشێکی تایبەتە واتا بەشێکی جیاوازە لەگەڵ بەشەکانی تر ستافێکی تایبەت بەخۆی هەیە و کارو پلانی بەرنامەکانیان تێدا دادەڕێژن.

**4- سامپڵی توێژینەوەکە:**

سامپڵی توێژینەوە ئاماژەیە بە کۆمەڵێک بەشی گرنگیی هەڵبژێنجراوی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، هەمان خاسیەتی کۆمەڵگەکەی هەیە، کە بەشەکە بەگوێرەی چەندین هەنگاوی دیاریکراو بەسەر هەموو کۆمەڵگەدا دەگشتێنرێت (بن هادي و الاخرون، 2006، ل194).

سامپڵی ئەم توێژینەوە بریتییە لە سەرجەم بەرنامە دۆکیۆمێنتارییەکانی کەناڵی کوردستان24، کە ژمارەیان (12) بەرنامەیە بە شێوەی گشتگیر (حصر شامل) وەرگیراوە لە ماوەی 3 مانگدا، کە لە 2022/1/1 تاکو 2022/4/1. دیاریکراو بەم شێوەی لە خشتەی1 دەردەکەوێت.

**خشتەی 1 ناونیشانەکانی نمونەی توێژینەوە ڕوون دەکاتەوە**

**بڕوانە پاشکۆی** (2)

| ژ | ناونیشان | کاتی پەخشکردن | ماوە |
|---|---|---|---|
| 1. | چڵ ساڵ میوزیک | 2022/1/11 | 00:18:16 |
| 2. | ئەندریا | 2022/1/19 | 00:22:35 |
| 3. | ئەشکەوت ئاوەدانییە | 2022/1/24 | 00:21:44 |
| 4. | سەردار أسماعیل پاڵەوانی جیهان | 2022/1/31 | 00:26:34 |
| 5. | کوردانی ئەرمینیا | 2022/2/8 | 00:22:03 |
| 6. | کەشتی نوح | 2022/2/16 | 00:26:35 |
| 7. | فەرهەنگە سەرسپییەکان ـ نامدار عومەر | 2022/2/23 | 00:26:35 |
| 8. | بارزانی لە یادەوەری کوردانی یەریڤان | 2022/2/28 | 00:20:14 |
| 9. | فەرهەنگە سەرسپییەکان ـ ناشاد | 2022/3/2 | 00:23:48 |
| 10. | 11ی ئازار بەرهەمی خەباتی نەتەوەیی | 2022/3/9 | 00:45:01 |
| 11. | هێزوجوانی نیان عبدلله | 2022/3/23 | 00:19:47 |
| 12. | پیرەمێرد | 2022/3/30 | 00:27:37 |

### 5- **سنووری توێژینەوە:**

أ. **سنووری شوێن:** ئەم توێژینەویە لە چوارچێوەی سنوری هەرێمی کوردستان ئەنجامدراوە، بابەتەکە لە بنەڕەتدا پەیوەستە بە کەناڵی ئاسمانی کوردستان24 ،نمونەی توێژینەوەش لایەنی شیکارییە لە چوار چیوەی هەرێمی کوردستاندایە.

ب. **سنووری کات:** سنووری سامپڵی توێژینەوە لەڕووی کاتەوە، هەفتەکان 12 هەفتەیە، واتا (3مانگ) لە ماوەی دەستنیشانکراودا لە ڕێککەوتی (2022/1/1 تا2022/4/1).

ج. **سنووری بابەت:** سنووری ئەم توێژینەوەیە لەڕووی بابەتەوە تایبەتە بە گرنگی شێوازەکانی مۆنتاژ لە بەرنامە دۆکیۆمێنتارییەکانی کەناڵی ئاسمانی کوردستان24 لە ماوەی دەستنیشانکراوی توێژینەوەکە وەرگیراوە.

6- **ڕاستی ڕواڵەتی و جێگیری:**

توێژەر بۆ دەستنیشانکردنی ڕاستیی ڕواڵەت ڕاو بۆچوونی پسپۆڕانی لە بواری ڕاگەیاندن وەرگرت، کە 5* مامۆستای بەشەکانی ڕاگەیاندنی زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر زانکۆی سەلاحەددین، زانکۆی سلێمانی و زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی بوون، توێژەر خشتەی ئامادەکراوی خستە بەردەستیان و داوای لێکردن ئاستی گونجاوی و نەگونجاوی بڕگەکان و بژاردەکان و هەروەها ئەنجامدانی هەر گۆڕانکارییەک، کە پێیان باشە بیخەنەڕوو دوای کۆکردنەوەی فۆڕمەکان بە پشتبەستن بە بیروڕا، سەرنج و تێبینییەکانیان بە ڕێژەی ڕێککەوتنی دوو لەسەر سێ بڕگە و بژاردەکان هێڵرانەوە، بەو هۆیەوە بەشێک لە بژاردەکان کورت کرانەوە و خرانەوە پاڵ یەک و دەستکاری هەندێک لە دەستەواژەکان کرا. هەروەها 3 پرسیاریش بۆ کۆی ئەو17 پرسیارە زیاد کرا، کە خرابووە بەردەستیان، بەو هۆیەوە ژمارەی پرسیاری توێژینەوەکە، لەڕووی فۆڕمەوە زیادبوون بۆ 20 پرسیار، جارێکی دیکە پرسیار و بژاردەکانی فۆڕمەکە پاکنووس کرانەوە.

سەبارەت بە جێگیری بۆ پێوانەکردنی نەگۆڕی سەرجەم بابەتە شیکارکراوەکان، جارێکی دیکە توێژەر شیکاری کردوون بە جیاوازی ماوەی یەک مانگ لە نێوان شیکاری یەکەم و شیکاری دووەمدا و بە پێی هاوکێشەی هۆڵستی ڕادەی کۆلکەی جێگیری دەستکەوتووە:

$$\text{جێگیری} = \frac{\text{ن} \times \text{ناوەندی ڕێککەوتنی نێوان دوو شیتەڵکارەکە}}{1 + (\text{ن} - 1)\ \text{ناوەندی ڕێککەوتنی نێوان دوو شیتەڵکارەکە}}$$

ن= ژمارەی شیتەڵکارەکان.

بە گوێرەی ئەنجامەکە هاوکۆڵکەی جێگیری کە توێژەر لە دوو کاتی جیاواز کردوویەتی(0.89%) بووە. ئەمەش ئاستێکی بەرز و پەسندە.

* **ناوی شارەزایان و پسپۆڕانی هەڵسەنگاندنی ناوەڕۆکی فۆرمی ڕاپرسیی توێژینەوەکە:**

1.پ.ی.د مغدید خضر احمد/ زانکۆی سەلاحەدین/ کۆلێژی ئاداب/ بەشی ڕاگەیاندن.
2.پ.ی.د سامان جەلال مولود/ زانکۆی سەلاحەدین/ کۆلێژی ئاداب/ بەشی ڕاگەیاندن.
3.پ.ی.د شێرکۆ جبار محمد/ زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی/ کۆلیژی تەکنیکی کارگێری/ بەشی میدیا
4.پ.ی.د بەهات حسیب علی/ زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر/کۆلیژی تەکنیکیی کارگێڕیی هەولێر/بەشی میدیا.
5.پ.ی.د یۆهان عوسمان حمە/ زانکۆی سلێمانی/ فاکەڵتیی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ بەشی ڕاگەیاندن.

## دووەم: ئەنجامی گشتی شیکاریکردنی داتاکانی توێژینەوەکە

لەم بەشەدا، ئەنجامی شیکاری توێژینەوە لەڕووی شێوە و ناوەڕۆک بۆ شێوازی مۆنتاژی بەرنامە دۆکیۆمێنتارییەکانی کەناڵی کوردستان24 دەخەینەڕوو، کە ماوەی سێ مانگ بە نموونە وەرگیراوە. لە نێوان(2022/1/1) تا (2022/4/1)، لە هەر هەفتەیەک یەک بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری نمایشکراوە کە ژمارەیان (12) بەرنامەیە.

**1- زانیاری سامپڵی توێژینەوەکە لەڕووی جۆری بابەتەوە**

**خشتەی 2 خستنەڕووی زانیاری سامپڵی توێژینەوە لەڕووی جۆری بابەتەوە ڕوون دەکاتەوە**

| ژ | بابەتی دۆکیۆمینتاری | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|
| -1 | بایۆگراف (کەسایەتی) | 9 | %34.61 | یەکەم |
| -2 | مێژوو | 6 | %23.07 | دووەم |
| -3 | هونەری | 3 | %11.53 | سێیەم |
| -4 | ڕۆشنبیری | 2 | %7.69 | چوارەم |
| -5 | کەلتوری | 1 | %3.85 | پێنجەم |
| -6 | شوێنەوار | 1 | %3.85 | پێنجەم |
| -7 | وەرزشی | 1 | %3.85 | پێنجەم |
| -8 | سیاسی | 1 | %3.85 | پێنجەم |
| -9 | کۆمەڵایەتی | 1 | %3.85 | پێنجەم |
| -10 | کارو پیشە | 1 | %3.85 | پێنجەم |
| | **کۆی گشتی** | 26 | %100 | |

خشتەی2 زانیاری سامپڵی توێژینەوە لەبارەی جۆر و بابەتی دۆکیۆمێنتاریەکان ڕوون دەکاتەوە کە تێیدا بابەتی بایۆگراف ( کەسایەتی) لە پلەی یەکەم دێت، بە (9) دووبارە بوونەوەو بەڕێژەی (%34.61)، هەرچی بابەتی مێژووییە لە پلەی دووەم دێت بە (6) دووبارە بوونەوەو بە ڕێژەی (%23.7)، هەروەها بابەتی هونەری لە پلەی سێیەم دێت بە (3) دووبارە بوونەوەو بە ڕێژەی (%11.53)، هەرچی بابەتی ڕۆشنبیرییە لە پلەی چوارەم دێت بە (2) دووبارە بوونەوەو بە ڕێژەی (%7.69)، هەروەها بابەتەکانی (کەلتوری،

شوێنەوار، وەرزشی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، کاروپیشە) لە پلەی پێنجەم دێن بە (1) دووبارە بوونەوەو بە ڕێژەی (3.85%)دێت

دوای شیکردنەوەی داتاو زانیارییەکان تایبەت بە جۆر و بابەتی دۆکیۆمێنتاری لە کەناڵی کوردستان بیست و چوارK24، دەرکەوتووە لەبەرهەمهێنانی دۆکیۆمێنتارییەکانیدا زیاتر گرنگیی بە بابەتی بایۆگراف (کەسایەتی) بەهرەو ناساندنی کەسایەتییەکان دراوە، دەرخستن و نیشاندنی بەهرە جیاوازەکان یەکێکە لە گرنگییەکانی بەرنامەکانی دۆکیۆمینتاری لەم ڕێگەیەوە دەتوانرێ بەهرەی ئەو کەسانە نیشانبدرێ کە جیاوازن لەناو کۆمەڵگە لە هەموو ڕووە جیاوازەکانی ژیان، بە پێی ئەوەی کوردستان خاوەن مێژوویەکی کۆنی هەیە، گرنگیدان بە بابەتی مێژوویی وا دەکات مێژووی نەتەوەکەت کە بەچەند هەوراز و نشێوی دا ڕۆیشتووە تا گەیشتوەتە ئەمڕۆ بە هەموو دونیا بناسێنی کە تا ڕادەیەک ئەم کەناڵە توانیویەتی گرنگی بە بابەتی مێژوویی بدات، بەڵام ئەو ماوە سامپڵەی کە وەرگیراوە لە کەناڵی کوردستان بیست و چوارK24، لە بەرهەمهێنانی دۆکیۆمێنتارییەکانیدا بابەتەکانی (ئاینی، زانستی، ڕاهێنان، سەربازی، هۆشیارکردنەوەو ڕێنمایی، دەست ڕەنگینی، فێرکاری، گەشتیاری، ... هتد) کە توێژەر پێی وایە کە ئەمانەش بواری گرنگن لە ناو کۆمەڵگە، بەڵام هیچ جۆرە بەرنامەیەکیان لەم جۆرو بابەتانەدا بەرهەم نەهێناوە، بۆیە وا دەبیندرێت کە لە ڕووی ڕیزبەندی و پەخشکردنی دۆکیۆمێنتارییەکانی هەفتانەی دۆکیۆمێنتارییەکانیدا گرنگیی ئەوتۆی پێ نەدراوە لە لایەن کەناڵەکەوە پەراوێزخراوە.

-2 **زانیاری سامپڵی توێژینەوەکە لەڕووی موڵکداری**

**خشتەی3 خستنەڕووی زانیاری لەڕووی موڵکداری ڕوون دەکاتەوە**

| ژ | جۆر | ژمارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|
| -1 | موڵکداری | 12 | %100 | یەکەم |
| -2 | کڕاوەتەوە | 0 | %0 | – |
| -3 | کاری هاوبەش لەگەڵ کەناڵێکی تر | 0 | %0 | – |
| | **کۆی گشتی** | 12 | %100 | |

خشتەی3 زانیاری سامپڵی توێژینەوە لەبارەی دۆکیۆمێنتاری موڵکداری ڕوون دەکاتەوە کە تێیدا موڵکداری لە پلەی یەکەم دێت، بە (12) دووبارە بوونەوەو بەڕێژەی (%100)، هەرچی (کڕاوەتەوە و کاری هاوبەش لەگەڵ کەناڵێکی تر) هیچ دووبارە بوونەوەیەکی بەخۆوە نەبینیوە، وە هیچ ڕێژەیەکیشمان بۆ دیاری نەکردووە.

ئەگەر سەرەنج بدەینە خشتەی سەرەوە داتاو زانیارییەکانی تایبەت بە زانیاری لە ڕووی موڵکداری بابەتەکان لە کەناڵی کوردستان بیست و چوارK24، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەو بەرنامانەی بەرهەم هاتوون لەم کەناڵە سەرجەمیان موڵکی خۆیانن واتا خۆیان بەرهەمیان هێناوە و هیچ بەرنامەیەکیان لە دەرەوە نەکڕیوەتەوە و بەهاوبەشی لەگەڵ هیچ کەناڵێکی تر بەرهەمیان نەهێناوە.

-3 **زانیاری سامپڵی توێژینەوەکە لەڕووی ناوەرۆکەوە**

**خشتەی4 ناوەرۆک سامپڵی توێژینەوە ڕوون دەکاتەوە**

| ژ | جۆری ناوەرۆک | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|
| -1 | گفتوگۆیی | 8 | %44.45 | یەکەم |
| -2 | خوێندنەوەی تێکست | 6 | %33.33 | دووەم |
| -3 | تێکەڵ (گفتوگۆی و کرداری) | 4 | %22.22 | سێیەم |
| -4 | کرداری | 0 | %0 | – |
| | **کۆی گشتی** | 18 | %100 | |

خشتەی4 زانیاری سامپڵی توێژینەوە لەبارەی ناوەڕۆکی بابەتی دۆکیۆمێنتاری ڕوون دەکاتەوە کە تێیدا گفتوگۆیی لە پلەی یەکەم دێت بە (8) دووبارە بوونەوەو بەڕێژەی (44.45%)، وە خوێندنەوەی تێکست لە پلەی دووەم دێت بە (6) دووبارە بوونەوەو بە ڕێژەی (33.33%)، هەروەها تێکەڵ (گفتوگۆی و کرداری) لە پلەی سێیەم دێت بە (4) دووبارە بوونەوەو بەڕێژەی (22.22%)دێت بەڵام کرداری هیچ دووبارە بوونەوەیەکی بەخۆوە نەبینیوەو هیچ ڕێژەیەکیشمان بۆ دیاری نەکردووە.

ئەگەر تێبینی بکەین داتاو زانیارییەکانی تایبەت بە ناوەڕۆکی بابەتی دۆکیۆمێنتارییەکان لە کەناڵی کوردستان بیست و چوارK24، دەرکەوتووە شێوازی گفتوگۆی کە بەشێکە لە ناو جۆرەکانی دۆکیۆمێنتاری گرنگیی تەواوی پێدراوە لەلایەن کەناڵەکە، ئەم شێوازە گفتوگۆکردنە لەگەڵ ئەو کەسانەی لە ناو دۆکیۆمینتارییەکە دەردەکەون بە وەرگرتنی ڕاو سەرنجیان سەبارەت بەو بابەتەی کە ئامادە دەکرێت، بەمەش دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ باتەکە بۆ پشت ڕاستکردنەوەی زانیارییەکانی ناو بەرنامەکە، ئەو بابەتانەی کە لەڕووی ناوەڕۆکەوە گفتوگۆو کرداری تێدا بەدی دەکرێ، گرنگیی تەواوی هەیە لە گەیاندنی ناوەرۆکی پەیامی دۆکیۆمێنتاری بۆ وەرگر، بەتایبەتی لە بابەتەکانی (وەرزشی، مەشقکاری، بەرهەمهێنان، زانستی، ڕاهێنان، فێرکاری) چونکە دەرهێنەر دەتوانێ لە یەک کاتدا هەم بەشێوەی کرداری یاخود زیندوویی وینەکان بگوازێتەوە بۆ بینەر، هەم هەوڵ دەدات گفتوگۆ لەگەڵ ئەو کەسانە بکات کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە بابەتەکەوە هەیە و پشت ڕاستی ناوەڕۆکی بابەتەکە بکاتەوە و پەیامەکە بگەیەنێت بە بینەر، ناوەڕۆکی کرداری بەهیچ شیوەیەک لە بەرنامە دۆکیۆمێنتارییەکانی کوردستان بیست و چوارK24 بەدی ناکرێت، گرنگیی ئەوتۆی پێ نەداوە، کە ئەمەش بەشێکی گرنگە بەتایبەتی لە هەندێک بابەتی وەک (ڕاهێنان، فێرکاری، هۆشیارکردنەوەو ڕێنمایی).

4- **زانیاری سامپڵی توێژینەوەکە لەڕووی سەرچاوەی زانیارییەکان**

**خشتەی5 سەرچاوەی زانیارییەکان سامپڵی توێژینەوە ڕوون دەکاتەوە**

| ژ | جۆری سەرچاوە | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|
| 1- | ئەرشیف | 48 | %41.02 | یەکەم |
| 2- | دیدار | 42 | %35.90 | دووەم |
| 4- | سەرچاوەی ناوخۆ | 19 | %16.24 | سێیەم |
| 3- | سەرچاوەی دەرەکی | 8 | %6.84 | چوارەم |
| **کۆی گشتی** | | 117 | %100 | |

خشتەی 5 زانیاری سامپڵی توێژینەوە لەبارەی سەرچاوەی زانیارییەکان ڕوون دەکاتەوە کە تێیدا سەرچاوەی ئەرشیف لە پلەی یەکەم دێت، بە (48) دووبارە بوونەوەو بەڕێژەی (%41.02)، هەرچی سەرچاوەی دیدارە لە پلەی دووەم دێت بە (42) دووبارە بوونەوەو بە ڕێژەی (%35.90)، هەروەها سەرچاوەی ناوخۆ لە پلەی سێیەم دێت بە (19) دووبارە بوونەوەو بە ڕێژەی (%16.24)، هەرچی سەرچاوەی دەرەکیشە لە پلەی چوارەم دێت بە (8) دووبارە بوونەوەو بە ڕێژەی (%6.84)، بەڵام سەرچاوەکانی (فەرمی، سەرچاوەی دیکە) هیچ دووبارە بوونەوەیەکی بەخۆوە نەبینیوە،و هیچ ڕێژەیەکیشمان بۆ دیاری نەکردووە.

ئەگەر سەیری ئەم خشتەی سەرەوە بکەین کە تایبەتە بە داتاو زانیارییەکانی سەرچاوە زانیارییەکانی ناو دۆکیۆمێنتارییەکانی کەناڵی کوردستان بیست و چوارK24، دەرکەوتووە سەرچاوەی (ئەرشیف و دیدار) سەرچاوەی سەرەکین لە ناوەڕۆکی بابەتەکانی ئەم کەناڵە، لە ماوەی دیاریکراودا بەپێی ئەم سامپڵەی کە وەرگیراوە، ئەم کەناڵە زیاتر گرنگیی بە بابەتی (کەسایەتی، مێژوویی) دەدات، ئەمە وای کردووە، سەرچاوەی بابەتەکانی زیاتر دیدار واتە چاوپێکەوتن (Interview) و لەگەڵ کەسەکان بکات، پشت بە ئەرشیفی بابەتەکان ببەستێت کە لەمەو پێش ڕوویانداوە، ئەم کەناڵە بایەخی کەمتری بەو سەرچاوانە داوە کە لە دەرەوەی بابەتەکەون، زیاتر گرنگیی بەو سەرچاوانەن کەلە ناوەوەی بابەتەکە ئاگاداری ڕووداوەکانن.

5- **زانیاری سامپڵی توێژینەوەکە لەڕووی چوارچێوەی جوگرافی**

**خشتەی6 چوارچێوەی جوگرافی ئەنجامدانی سامپڵی توێژینەوە ڕوون دەکاتەوە**

| ژ | چوارچێوەی جوگرافی بابەتەکە | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|
| 1- | ناوخۆیی | 8 | %66.67 | یەکەم |
| 2- | نێودەوڵەتی | 3 | %25 | دووەم |
| 3- | هەرێمایەتی | 1 | %8.33 | سێیەم |
| | **کۆی گشتی** | 12 | %100 | |

خشتەی 6 زانیاری سامپڵی توێژینەوە لەبارەی چوارچێوەی جوگرافی ڕوون دەکاتەوە کە تێیدا چوارچێوەی ناوخۆیی لە پلەی یەکەم دێت، بە (8) دووبارە بوونەوەو بەڕێژەی (%66.67)، هەروەها چوارچیوەی نێودەوڵەتی لە پلەی دووەم دێت بە (3) دووبارە بوونەوەو بە ڕێژەی (%25)، هەرچی چوارچێوەی هەرێمایەتییە لە پلەی سێیەم دێت بە (1) دووبارە بوونەوەو بە ڕێژەی (%8.33) دێت.

ئەگەر تێبینی ئەم خشتەیە بکەین کە تایبەتە بە چوارچێوەی جوگرافی دۆکیۆمێنتارییەکانی کەناڵی کوردستان بیست و چوارK24، دەرکەوتووە ئەم کەناڵە زیاتر گرنگیی بە بابەتانە دەدات کە لە ناوەخۆی کوردستاندا هەن یاخود ڕوودەدەن، گرنگی دان بەو بابەتانەی کە لەدەرەوەی کوردستان گرنگن بە تایبەتی ئەو بوارانەی کە گرنگن بۆ مرۆڤەکان، پێویستە ئاشنایەتیان هەبێت لەگەڵیان سوودی زیاتریان لێ وەربگرن، بە تایبەتی بابەتە (زانستی و فێرکاریی و ڕاهێنان)ەکان.

6- زانیاری سامپڵی توێژینەوەکە لەرووی شێوازەکانی بەرنامەی دۆکیومێنتاری

**خشتەی7 شێوازەکانی بەرنامەی دۆکیومێنتاری ڕوون دەکاتەوە**

| ژ | شێواز | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|
| 1- | بەشداریکردن Mode Participatory | 12 | %44.44 | یەکەم |
| 2- | ڕەنگدانەوە Reflexive Mode | 10 | %37.04 | دووەم |
| 3- | نمایش Expository Mode | 5 | %18.52 | سێیەم |
| 4- | تێبینی کردن Observational Mode | 0 | %0 | – |
| 5- | نواندن Performative Mode | 0 | %0 | – |
| 6- | شاعیری Poetic Mode | 0 | %0 | – |
| کۆی گشتی | | 27 | %100 | |

خشتەی7 زانیاری سامپڵی توێژینەوە لەبارەی شێوازەکانی بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری ڕوون دەکاتەوە کە تێیدا شیوازی بەشداریکردن (Mode Participatory) لە پلەی یەکەم دێت، بە (12) دووبارە بوونەوەو بەڕێژەی (%44.44)، هەرچی شیوازی ڕەنگدانەوەیە (Reflexive Mode) لە پلەی دووەم دێت بە (10) دووبارە بوونەوەو بە ڕێژەی (%37.04)، هەروەها شێوازی نمایش (Expository Mode) لە پلەی سێیەم دێت بە (5) دووبارە بوونەوەو بە ڕێژەی (%18.52)، بەڵام هەرچی شێوازەکانی (نواندنPerformative Mode، تیبینیکردن Observational Mode، شاعیری Poetic Mode) هیچ دووبارە بوونەوەیەکیان بەخۆوە نەبینیوەو هیچ ڕێژەیەکیشمان بۆ دیاری نەکردوون.

ئەگەر سەرنج بدەینە ئەم خشتەی سەرەوە کە تایبەتە بە داتاو زانیارییەکان تایبەت بە شێوازەکانی بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری لە کەناڵی کوردستان بیست و چوارK24، دەرهێنەر شێوازی بەشداری کردنی لە هەر (12) بەرنامە جیاوازەکانی دۆکیۆمینتارییەکانی بەکارهێناوە، کە ئەم شێوازە ڕێگە بە دەرهێنەر دەدات چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسانی ناو بابەتەکە بکات، بەپێی ماوەی ئەو سامپڵەی وەرگیراوە دەرکەوتووە، بە ڕێژەی (%100) چاوپێکەوتنی تێدا ئەنجامداوە، واتا دەرهێنەر سودی تەواوی وەرگرتووە لەم جۆری شێوازە،

لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵی داوە لەگەڵ ئەم شێوازە بۆ گەیاندنی پەیامی ناوەڕۆکی بابەتەکەی سود لە شێوازێکی تری دۆکیۆمێنتاری وەربگرێت، چونکە دەرهێنەر بۆی هەیە پشت بە شیوازێک یان زیاتر ببەستیت لە شێوازەکانی دۆکیۆمێنتاری، لەبەر ئەوەی هەندێک جار بابەتەکە بەیەک شێواز ناتوانێ پەیامی تەواوی ناوەڕۆکی بابەتەکە بگەینێت ئەویش شێوازی ڕەنگدانەوەیە، ئەو شێوازە بینەر لەگەڵ ناوەرۆکی ڕووداوەکانی ناو بابەتەکە تێکەڵ دەکات، هەستێکی وا بۆ بینەر دروست دەکات کەدان بەو ڕاستیانە بنێت کە نیشاندەدرێن، واتا دۆکیۆمێنتارییەکی سروشتی نیشان دەدات، بەڵام شێوازەکانی نواندن و تیبینیکردن و شاعیری، لە هیچ کام لە بابەتی بەرنامەکان ڕەنگی نەداوەتەوە بەکارنەهاتوون، کە دەکرا بەکار بهێندرێت لەبەشێک لە ناوەڕۆکی بابەتەکان.

**7- زانیاری سامپڵی تویژینەوەکە لەرووی زمانی لێدوانی دۆکیومێنتاری**

**خشتەی8 زمانی لێدوانی دۆکیومێنتاری دیاری دەکات**

| ژ | زمانی لێدوان | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|
| 1- | زمانی کوردی | 11 | %91.67 | یەکەم |
| 2- | دۆبلاژکراو بە زمانی کوردی | 1 | %83.33 | دووەم |
| 3- | زمانی بیانی (وەرگێردراو بەژێرنوس) | 0 | %0 | – |
| **کۆی گشتی** | | 12 | %100 | |

خشتەی8 زانیاری سامپڵی تویژینەوە لەبارەی زمانی لێدوانی دۆکیۆمێنتاری ڕوون دەکاتەوە کە تێیدا زمانی کوردی لە پلەی یەکەم دێت، بە (11) دووبارە بوونەوەو بەڕێژەی (%91.67)، هەروەها دۆبلاژکراو بە زمانی کوردی لە پلەی دووەم دێت، بە (1) دووبارە بوونەوەو بەڕێژەی (%83.33)، بەڵام هەرچی زمانی بیانی (وەرگێڕدراو بە ژێرنووس) هیچ دووبارە بوونەوەیەکی بەخۆوە نەبینیوە،و هیچ ڕێژەیەکیشمان بۆ دیاری نەکردووە.

دوای شیکردنەوەی داتاو زانیارییەکان کە تایبەتن بە شێوازەکانی بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری لە کەناڵی کوردستان بیست و چوارK24، دەرکەوتووە ئەو لێدوانانەی کە

وەرگیراون لە ناو بابەتەکان زیاتر بە زمانی کوردین، ئەمە دووبارە پێمان دەڵێ کە ئەم کەناڵە زیاتر بایەخی بەو بابەتان داوە کە لە کوردستانن و پەیوەندی بە کوردەوە هەیە، لەبەر ئەوەی ئەم کەناڵە کەناڵێکی ئاسمانیە دەبوایە لێدوان لەو کەسانەش وەربگرێت کە بە زمانەکانی تر جگە لە کوردی دەدوێن، توێژەر پێی وایە ئەگەر ئەم کەناڵە لە لێدوانەکانی دا جگە لە زمانی کوردی زمانیکی تری بیانی بەکاربهێنابا، کە دەردەکەوێت لە خشتەکەدا تەنها یەکجار بەکاری هێناوەو وەرگێردراو بە ژێرنووسیش تەنانەت یەکجاریش بەکاری نەهێناوە، ئەوا ئاستی بینینی کەناڵەکەو بابەتە دۆکیۆمێنتارییەکانی زیاتر بەرزتر دەبوو.

**8- زانیاری سامپڵی توێژینەوەکە لەرووی بەکارهێنانی جۆرەکانی بەڵگە لە بەرنامە دۆکیومێنتارییەکان**

**خشتەی9 بەکارهێنانی جۆرەکانی بەڵگە لە بەرنامە دۆکیومێنتارییەکان روون دەکاتەوە**

| ژ | جۆرەکانی بەڵگە | دووبارەبوونەوە | رێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|
| 1- | فۆتۆی رەش وسپی | 182 | %41.08 | یەکەم |
| 2- | فۆتۆی رەنگاورەنگ | 118 | %26.64 | دووەم |
| 3- | وێنەی جوڵاو رەش و سپی | 74 | %16.71 | سێیەم |
| 4- | وێنەی جوڵاو رەنگاورەنگ | 51 | %11.51 | چوارەم |
| 5- | نوسراو | 18 | %4.06 | پێنجەم |
| | **کۆی گشتی** | 443 | %100 | |

خشتەی9 زانیاری سامپڵی توێژینەوە لەبارەی بەکارهێنانی جۆرەکانی بەڵگە لە بەرنامە دۆکیۆمینتارییەکان ڕوون دەکاتەوە، کە تێیدا بەڵگەی فۆتۆی ڕەش و سپی لە پلەی یەکەم دێت، بە (182) دووبارە بوونەوەو بەڕێژەی (%41.08)، هەروەها بەڵگەی فۆتۆی ڕەنگاو ڕەنگ لە پلەی دووەم دێت بە (118) دووبارە بوونەوەو بە ڕێژەی (%26.64)، هەرچی بەڵگەی وێنەی جوڵاو ڕەش و سپیە لە پلەی سێیەم دێت بە (74) دووبارە بوونەوەو بە ڕێژەی (%16.71)، کەچی بەڵگەی وێنەی جوڵاو ڕەنگاوڕەنگ لە پلەی چوارەم دێت بە (51) دووبارە بوونەوەو بە ڕێژەی (%11.51)، هەرچی بەڵگەی نووسراو لە پلەی پێنجەم دێت بە (18) دووبارە بوونەوەو بە ڕێژەی (%4.06)دێت.

ئەگەر سەیری داتاو زانیارییەکانی سەرەوە بکەین کە تایبەتن بە جۆرەکانی بەڵگە لە بەرنامە دۆکیۆمێنتارییەکانی کەناڵی کوردستان بیست و چوارK24، دەرکەوتووە بەڵگەی فۆتۆی ڕەش و سپی لە هەموو بەڵگەکانی تر بەکارهاتووە، ئەمە ئەوەمان پێ دەڵێ کە لە خشتەی (2) ئاماژە بەوە کرا، کە ئەم کەناڵە زیاتر کاری لەسەر بابەتی مێژوویی و بایۆگرافی کەسایەتیە دێرینەکانی ناو کۆمەڵگە کردووە بابەتەکانی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمەی کە وێنەی ڕەنگاو ڕەنگ بوونیان نەبووە، هەرچەندە وێنەی ڕەنگاو ڕەنگیشی بەکارهێناوە بەتایبەتی لەو بابەتانەی کە سەردەمینە چیرۆکەکانیان لەم ساڵانەی دوایی ڕوویانداوە، وینەی جوڵاو جا چ ڕەش و سپی بیت یاخود ڕەنگاوڕەنگ لە ڕووی بەڵگەوە مسداقیەتی زیاترە بەکاربهێندرێت، چونکە وێنەی فۆتۆ دەتواندرێت بە ئاسانی دەسکاری ناوەڕۆکەکەی بکرێت و بە ئاراستەیکی تر ببرێت، بەڵام وێنەی جوڵاو کەمتر دەتواندرێت دەسکاری ناوەڕۆکەکەی بکرێت، کەناڵی کوردستان بیست و چوارK24 وێنەی جوڵاوی ڕەنگاو و ڕەش و سپی کەمتر بەکارهێناوە لە چاو وێنەی فۆتۆ، وە بەڵگەی نووسراویش یەکێکە لەو بەڵگەنەی کە دەرهێنەر دەتوانێ سودی لێ وەربگرێت، بۆ پشت ڕاستکردنەوەی ناوەڕۆکی بابەتەکەی جا ئەو نووسراوە کتێب بێت یاخود نووسراوێکی بەردین بێت، کە پشتڕاستی بابەتەکە بکاتەوە، کە ئەمەش لە ناو ناوەڕۆکی بابەتە دۆکیۆمێنتارییەکان بە ڕێژەیەکی کەم بەدی دەکرێ.

9- **زانیاری سامپڵی توێژینەوەکە لەڕووی شێوازەکانی مۆنتاژ**

**خشتەی10 خستنەڕووی زانیاری لەڕووی شێوازەکانی مۆنتاژ ڕوون دەکاتەوە**

| ژ | شێوازەکانی مۆنتاژ | ژمارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|
| 1- | مۆنتاژی بەردەوامی Continuity editing | 12 | %46.14 | یەکەم |
| 2- | مۆنتاژی تۆنی Tonal editing | 7 | %26.92 | دووەم |
| 3- | مۆنتاژی هارمۆنی Harmonic editing | 5 | %19.23 | سێیەم |
| 4- | مۆنتاژی ڕیتمی Rhythmic editing | 2 | %7.69 | چوارەم |
| 5- | مۆنتاژی هاوتەریب Parallel editing | 0 | %0 | – |
| 6- | مۆنتاژی ئەندێشەیی Intellectual editing | 0 | %0 | – |
| 7- | مۆنتاژی پێوانەیی Metric editing | 0 | %0 | – |
| 8- | مۆنتاژی یەکتر جێگیرکردن Juxtaposition | 0 | %0 | – |
| | **کۆی گشتی** | 26 | %100 | |

خشتەی10 زانیاری سامپڵی توێژینەوە لەبارەی شێوازەکانی مۆنتاژ لە بەرنامە دۆکیۆمێنتارییەکان ڕوون دەکاتەوە، کە تێیدا مۆنتاژی بەردەوامی (Continuity editing) لە پلەی یەکەم دێت، بە (12) دووبارە بوونەوەو بەڕێژەی (%46.14)، هەروەها مۆنتاژی تۆنی (Tonal editing) لە پلەی دووەم دێت بە (7) دووبارە بوونەوەو بە ڕێژەی (%26.92)، هەرچی مۆنتاژی هارمۆنیە (Harmonic editing) لە پلەی سێیەم دێت بە (5) دووبارە بوونەوەو بە ڕێژەی (%19.23)، وە مۆنتاژی ڕیتمی (Rhythmic editing) لە پلەی چوارەم دێت بە (2) دووبارە بوونەوەو بە ڕێژەی (%7.69)دێت، بەڵام شێوازە مۆنتاژەکانی هاوتەریب (Parallel editing)، ئەندێشەیی (Intellectual editing)، پێوانەیی (Metric editing)، یەکترجێگیرکردن (Juxtaposition) هیچ دووبارە بوونەوەیەکیان بەخۆوە نەبینیوە،و هیچ ڕێژەیەکیشمان بۆ دیاری نەکردوون.

دوای شیکردنەوەی داتاو زانیارییەکان کە تایبەتن بە شێوازەکانی مۆنتاژ لە بەرنامە دۆکیۆمێنتارییەکانی کەناڵی کوردستان بیست و چوارK24، دەرکەوتووە مۆنتێر لە بەرهەمهێنانی دۆکیۆمێنتارییەکانی دا گرنگیی زیاتری بە شێوازی مۆنتاژی بەردەوامی داوە،

ویستویەتی لە ڕێگەی ئەم جۆرە مۆنتاژە کە ستایلێکی کلاسیکیە هەموو ئەو ڕووداو و زانیاریانەی کە هەن لە ناو بابەتەکان بە جیاوازی کات و شوێنی ڕووداوەکان بە شێوەیەک لەگەڵ هەستی بینەر تێکەڵ بکات، لەبەر ئەوەی دەرهینەر بۆ ئەوەی پەیامەکەی ڕوونتر بگات بە بینەر بۆی هەیە لە شێوازێک زیاتر بەکار بهێنێت لە کاتی پرۆسەی مۆنتاژکردندا، لێرەدا هەوڵی داوە لەگەڵ شێوازی مۆنتاژی تۆنی تێکەڵی بکات بە ئامانجی بڕینی گرتە و ئینسێرتەکان قوڵکردنەوەیانە بە بەهای سۆزداری نێو دیمەنەکان، بەبێ ڕەچاوکردنی ماوەی درێژی ئینسێرتەکان، بەڵام دەرهێنەر هیچ سودێکی لە شێوازەکانی مۆنتاژی ( هاوتەریب، پێوانەیی، ئەندێشەیی، یەکتر جێگیرکردن) نەبینوە، چونکە ئەم شێوازانە پێک دێن لە دوو هێڵ و بابەت کە هەندێکیان بە تەریب دەڕۆن و هەندێکی تریشیان دەبنە بەرهەمەم هێنانی بابەتێکی نوێ، هەرچی بەرنامە دۆکیۆمێنتارییەکانی کوردستان بیست و چوارK24 لەسەر یەک هێڵ و یەک بابەتی دیاریکراو کاریان کردووە.

**10- زانیاری سامپڵی توێژینەوەکە لەڕووی چەندێتی و چۆنیەتی میوزیکی بەکارهاتوو**

**خشتەی11 چەندێتی و چۆنیەتی میوزیکی بەکارهاتوو ڕوون دەکاتەوە**

| ژ | جۆری بەرهەم | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|
| 1- | میوزیکی کوردی | 10 | %83.33 | یەکەم |
| 2- | میوزیکی تێکەڵ | 2 | %16.67 | دووەم |
| 3- | میوزیکی بیانی | 0 | %0 | – |
| **کۆی گشتی** | | 12 | %100 | |

خشتەی11 زانیاری سامپڵی توێژینەوە لەبارەی چەندێتی و چۆنیەتی میوزیکی بەکارهاتوو ڕوون دەکاتەوە کە تێیدا میوزیکی کوردی لە پلەی یەکەم دێت، بە (10) دووبارە بوونەوەو بەڕێژەی (%83.33)، هەروەها میوزیکی تێکەڵ لە پلەی دووەم دێت، بە (2) دووبارە بوونەوەو بەڕێژەی (%16.67)، بەڵام هەرچی میوزیکی بیانییە هیچ دووبارە بوونەوەیەکی بەخۆوە نەبینیوەو هیچ ڕێژەیەکیشمان بۆ دیاری نەکردووە.

ئەگەر سەنج بدەین ئەم خشتەیە کە تایبەتە بە داتاو زانیارییەکانی تایبەت بە چەندێتی و چۆنیەتی میوزیکی بەکارهاتوو لە بەرنامە دۆکیۆمێنتارییەکانی کەناڵی کوردستان بیست و چوارK24، دەرکەوێت میوزیکی بەکارهاتوو لە بەرهەمهێنانی بەرنامە دۆکیۆمێنتاریەکانی زیاتر میوزیکی کوردین، پشت بە میوزیکی کوردی دەبەستین، لەبەر ئەوەی خاوەنی ستافێکی میوزیکی پرۆفیشناڵن، کە بە گوێرەی ناوەڕۆکی بابەتەکە میوزیکیان بۆ بەرهەم دەهێنن پشت بە بەرهەمی میوزیکی هاوردە نابەستن، بەمەش جیا لە میوزیکی بیانی کە بەهیچ شێوەیەک بەکاریان نەهێناوە.

**11- زانیاری سامپڵی توێژینەوەکە لەڕووی بەکارهێنان و بەکارنەهێنانی میوزیک**

**خشتەی12خستنەڕووی زانیاری لەڕووی بەکارهێنان و بەکارنەهێنانی میوزیک ڕوون دەکاتەوە**

| ژ | جۆر | ژمارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|
| 1- | دەستکرد | 11 | %91.67 | یەکەم |
| 2- | سروشتی | 1 | %8.33 | دووەم |
| | **کۆی گشتی** | 12 | %100 | |

خشتەی12 زانیاری سامپڵی توێژینەوە لەبارەی بەکارهێنان و بەکارنەهێنانی میوزیک ڕوون دەکاتەوە کە تێیدا دەستکرد لە پلەی یەکەم دێت، بە (11) دووبارە بوونەوەو بەڕێژەی (%91.67)، هەروەها سروشتی لە پلەی دووەم دێت بە (1) دووبارە بوونەوەو بە ڕێژەی (%8.33)دێت.

دوای شیکردنەوەی داتاو زانیارییەکان کە تایبەتن بە بەکارهێنان و بەکارنەهێنانی میوزیک لە بەرنامە دۆکیۆمێنتارییەکانی کەناڵی کوردستان بیست و چوارK24، دەردەکەوێت ئەو میوزیکەی بەکاردێت زێدەتر میوزیکی دەستکردن واتا دروستکراوە لەلایەن ئەو ستافەی کە ئاماژەم پێکرد لە خشتەی (11)، واتا ئەو سامپڵە دیاریکراوەی توێژەر وەریگرتووە بە ڕێژەی (%91.67) بەکاری هێناوە، لەبەرامبەر میوزیکی سروشتی کە ئەم جۆرە میوزیکەش نەفەسێکی تەواو دەدات بە بەرنامەکە ئازادی تەواوی پێ دەدات کە ڕووداوەکان وەکو خۆی

ڕوون دەکاتەوەن، هەردوو جۆری میوزیک گرنگن هەبن لە ناو بەرنامەکان، چونکە دەبنە تەواو کەری یەکتر لە گەیاندنی پەیام و ناوەڕۆکی بابەتەکان.

12- **زانیاری سامپڵی توێژینەوەکە لەڕووی شێوازی بەکارهێنانی دەنگی سروشتی**

**خشتەی13 خستنەڕووی زانیاری لەڕووی شێوازی بەکارهێنانی دەنگی سروشتی ڕوون دەکاتەوە**

| ژ | دەنگی سروشتی | ژمارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|
| 1- | سەرەتا | 5 | %35.71 | دووەم |
| 2- | ناوەند | 6 | %42.86 | یەکەم |
| 3- | کۆتایی | 2 | %14.29 | سێیەم |
| 4- | باکگراوند | 1 | %7.14 | چوارەم |
| | **کۆی گشتی** | 14 | %100 | |

خشتەی13 زانیاری سامپڵی توێژینەوە لەبارەی شێوازی بەکارهێنانی دەنگی سروشتی لە بەرنامە دۆکیۆمینتارییەکان ڕوون دەکاتەوە، کە تێیدا ناوەند لە پلەی یەکەم دێت، بە (6) دووبارە بوونەوەو بەڕێژەی (%42.86)، هەروەها سەرەتا لە پلەی دووەم دێت بە (5) دووبارە بوونەوەو بە ڕێژەی (%35.71)، هەرچی کۆتاییە لە پلەی سێیەم دێت بە (2) دووبارە بوونەوەو بە ڕێژەی (%14.29)، کەچی باکگڕاوند لە پلەی چوارەم دێت بە (1) دووبارە بوونەوەو بە ڕێژەی (%7.14)دێت.

ئەگەر تێبینی بکەین داتاو زانیارییەکانی کە تایبەتە بە شێوازی بەکارهێنانی دەنگی سروشتی لە بەرنامە دۆکیۆمێنتارییەکانی کەناڵی کوردستان بیست و چوارK24، بەکارهێنانی دەنگی سروشتی ناوەڕاست (6) لە بەرنامەکان بەکارهاتوون، دەنگی سروشتی لە ناو هەر بابەت و بەرنامەیەک کە سیکوێنسێک داگیردەکات، پرۆسەیەکی گرنگە کە ئەنجام بدرێ لەلایەن دەرهێنەر یان مۆنتێر لە پرۆسەی مۆنتاژدا، چونکە هەناسەیەک دەدات بە بەرنامەکە یان بابەتەکە، کە وا لە بینەر دەکا هەست بە ئارامییەک بکات لە کاتی سەیرکردنی بەرهەمەکە، کەناڵی کوردستان بە ڕێژەی (%42.86) گرنگی بە دەنگی سروشتی داوە لە ناوەڕاستی بەرنامەکانی، ئەم ڕێژەیە بەرزتر بکرێتەوە بابەتەکان زیاتر جێی بایەخ تربن

لەلای بینەر، بەکارهێنانی دەنگی سەرەتاو کۆتایش نیشاندانی واقیعی سەرەتاو کۆتایی بابەتەکەیە کە نیشانی بینەر دەدرێت، دەنگی سروشتی لە باکگڕاوند لە شێوازی تێبینیکردن (Observational Mode)ی دۆکیۆمێنتاری زۆر گرنگە کە بابەتەکان وەکو خۆی جێ بەجێ بکرێت بەبێ هیچ دەستکاریەکی ناوەکی ناو بابەتەکە پەیامەکە بگەینی بە بینەر، بەڵام ئەم کەناڵە تەنها یەکجار بەکاری هێناوە بۆ بەرنامەکانی کە باشتر وایە ڕێژەکە زیاتر بەرزبکرێتەوە.

13- **زانیاری سامپڵی توێژینەوەکە لەڕووی چۆنیەتی بەکارهێنانی میوزیک**

**خشتەی14 خستنەڕووی زانیاری لە چۆنیەتی بەکارهێنانی میوزیک ڕوون دەکاتەوە**

| ژ | میوزیک | ژمارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|
| 1- | سەرەتا | 7 | %20.59 | سێیەم |
| 2- | ناوەند | 6 | %17.65 | چوارەم |
| 3- | کۆتایی | 10 | %29.41 | دووەم |
| 4- | باکگراوند | 11 | %32.35 | یەکەم |
| | **کۆی گشتی** | 34 | %100 | |

خشتەی14 زانیاری سامپڵی توێژینەوە لەبارەی چۆنیەتی بەکارهێنانی میوزیک لە بەرنامە دۆکیۆمینتارییەکان ڕوون دەکاتەوە، کە تێیدا باکگڕاوند لە پلەی یەکەم دێت، بە (11) دووبارە بوونەوەو بەڕێژەی (%32.35)، هەروەها کۆتایی لە پلەی دووەم دێت بە (10) دووبارە بوونەوەو بە ڕێژەی (%29.41)، هەرچی سەرەتایە لە پلەی سێیەم دێت بە (7) دووبارە بوونەوەو بە ڕێژەی (%20.59)، کەچی ناوەند لە پلەی چوارەم دێت بە (6) دووبارە بوونەوەو بە ڕێژەی (%17.65)دێت.

دوای شیکردنەوەی داتاو زانیارییەکان کە تایبەتە بە چۆنیەتی بەکارهێنانی میوزیک لە بەرنامە دۆکیۆمێنتارییەکانی کەناڵی کوردستان بیست و چوارK24، دەرکەوتووە کە ئەم کەناڵە لە باکگڕاوندی بەرنامەکانیدا بە ڕێژەیەکی زۆر بەکاری هێناوە، میوزیکیش کە سیکوێنسێک داگیر دەکات لە پرۆسەی مۆنتاژ، بەکاردێت لە کاتی بەکارهێنانی ئینسێرتەکان

(Cutaway) بەتایبەتی وێنە فۆتۆیەکان، ئەم کەناڵەش لەبەر ئەوەی بابەتی مێژوویی و کەسایەتی زۆر گرنگیی پێداوە، پشتیشی بەستووە بە بەڵگە وێنەییەکان بەمەش میوزیکی باکگراوندی زۆر بەکارهێناوە، کە ئەمە بە شێوازی شاعیری (Poetic Mode)یش دەتوانین ناوبنرێ، کە وێنەو دەنگ بەیەکەوە لەسەر دوو سیکوێنسی جیا دەڕۆن و ڕیتمێک دروست دەکەن، بەڵام ئەم کەناڵە ئەم ڕیتمەی دروست نەکردووە، بۆ ناتوانم بڵێم پشتی بەم شێوازە بەستووە، بەکارهێنانی میوزیک لە سەرتاو ناوەندو کۆتایی، ئەم کەناڵە زۆر بەکاری هێناوە واتا زیاتر پشتی بە میوزیک بەستووە لە بەرهەم هێنانی بەرنامە دۆکیۆمێنتارییەکانیدا.

**14- زانیاری سامپڵی توێژینەوەکە لەڕووی بەکارهێنانی کارتێکەری ڤیدیۆیی**

**خشتەی15 بەکارهێنانی کارتێکەری ڤیدیۆیی ڕوون دەکاتەوە**

| ژ | جۆر | ژمارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|
| -1 | بڕین – Cut | 588 | 72.32% | یەکەم |
| -2 | تێکەڵکردن Mix– Dissolve | 142 | 17.47% | دووەم |
| -3 | سڕینەوە – Wipe | 20 | 2.46% | سێیەم |
| -4 | دوور کردنەوە Zoom Out | 19 | 2.34% | چوارەم |
| -5 | نزیک کردنەوە Zoom In | 14 | 1.72% | پێنجەم |
| -6 | لابردنی وێنە Fade Out | 11 | 1.35% | شەشەم |
| -7 | دەرکەوتنی وێنە Fade In | 10 | 1.23% | حەوتەم |
| -8 | لابردنی لێڵ کردن Out Focus | 5 | 0.62% | هەشتەم |
| -9 | چونە لێڵ کردن Focus In | 3 | 0.37% | نۆیەم |
| -10 | لێڵ کردن Blur | 1 | 0.12% | دەیەم |
| -11 | کلیلی کرۆما Chroma Key | 0 | 0% | – |
| -12 | Superimposition | 0 | %0 | – |
| **کۆی گشتی** | | 813 | %100 | |

خشتەی15 زانیاری سامپڵی توێژینەوە لەبارەی بەکارهێنانی کارتێکەری ڤیدیۆیی ڕوون دەکاتەوە کە تێیدا کارتێکەری بڕین (Cut) لە پلەی یەکەم دێت، بە (588) دووبارە بوونەوەو بەڕێژەی (72.32%)، هەرچی کارتێکەری تێکەڵکردنە (Mix– Dissolve ) لە پلەی دووەم دێت بە (142) دووبارە بوونەوەو بە ڕێژەی (17.47%)، هەروەها کارتێکەری سڕینەوە

(Wipe) له پلەی سێیەم دێت بە (20) دووبارە بوونەوەو بە ڕێژەی (2.46%)، وە کارتێکەری دوور کردنەوە (Zoom Out) لە پلەی چوارەم دێت بە (19) دووبارە بوونەوەو بە ڕێژەی (2.34%)، هەروەها کارتێکەری نزیک کردنەوە (Zoom In) لە پلەی پێنجەم دێت بە (14) دووبارە بوونەوەو بە ڕێژەی (1.72%)، وە کارتێکەری لابردنی وێنە (Fade Out) لە پلەی شەشەم دێت بە (11) دووبارە بوونەوەو بە ڕێژەی (1.35%)، هەروەها کارتێکەری دەرکەوتنی وێنە (Fade In) لە پلەی حەوتەم دێت بە (10) دووبارە بوونەوەو بە ڕێژەی (1.23%)، هەرچی لابردنی لێڵ کردنیشە (Out Focus) لە پلەی هەشتەم دێت بە (5) دووبارە بوونەوەو بە ڕێژەی (0.62%)، وە چوونە لێڵ کردنیش (Focus In) لە پلەی نۆیەم دێت بە (3) دووبارە بوونەوەو بە ڕێژەی (0.37%)، بەڵام کارتێکەرەکانی (کلیلی کرۆما Chroma Key) و (Superimposition) هیچ دووبارە بوونەوەیەکیان بەخۆوە نەبینیوە و هیچ ڕێژەیەکیشمان بۆ دیاری نەکردووە.

ئەگەر سەیری ئەم خشتەی سەرەوە بکەین کە تایبەتە بە زانیارییەکانی تایبەت بە بەکارهێنانی کارتێکەری ڤیدیۆیی لە بەرنامە دۆکیۆمێنتارییەکانی کەناڵی کوردستان بیست و چوارK24، دەرکەوتووە دەرهێنەر سوودی لە بەشێکی زۆری کارتێکەرەکان وەرگرتووە لە مۆنتاژکردنی بەرنامەکان کە هەرەیەکەیان بۆ ئامانجێکی دیاریکراو بەکاردێن بەتایبەتی کارتێکەری بڕین بە ڕێژەیەکی زۆر بەکارهێناوە لە مۆنتاژکردنی بەرنامەکانیدا لە چاو کارتێکەرەکانی تر، چونکە کارتیکەری بڕین یەکێکە لە گرینگترین ئەو کاریگەریانەی کە بەکاردێت لە پرۆسەی مۆنتاژکردندا، شێوازێکی سادەیە بەکاردێت لە نێوان گرتەکا، بڕین واتە گواستنەوە لە گرتەیەک بۆ گرتەیەکی تر، یاخود لە دیمەنێک بۆ دیمەنێکی تر، ئەم شێوازە بۆ چەند مەبەستێک بەکاردێت، کە گوزارشت و شیکردنەوەی زیاتر دەکات، تێکەڵ کردن یاخود (Mix) ئەم کارتێکەرە بە ڕێژەیەکی بەرچاو بەکارهاتووە لە بەرنامە دۆکیۆمێنتارییەکانیدا، باشتر وایە ئەم کارتێکەرە زیاتر لە نێوان وێنەکان بەکاربهێندرێت

هەربۆیەشە پسپۆڕان پێشنیاری ئەوە دەکەن کە ئەم جۆرە کاریگەرییە لە دیمەنە جوڵاوەکان بەکارنەهێندرێت، چونکە ئەنجامێکی نەشیاو پێشکەش دەکات، گۆڕینی نیوەی گرتەیەک لەگەڵ نیوەی گرتەیەکی تر لە دوو سەرچاوەی جیاوازدا مانای تەواو دەبەخشێت لە نیوان دوو وێنە یاخود دوو دیمەنی جیاواز، لە بەرنامە دۆکیۆمێنتارییەکانی کەناڵی کوردستان24 بە تایبەتی بابەتە هونەرییەکانیش ئەم کارتێکەرە لە وێنە ڤیدیۆییەکانیش بەکارهاتووە، لە ڕێگەی جوڵەی هێواش (Slow Motion)، بەڵام کارتێکەری (Chroma Key)، (Superimposition)یشە، لە هیچ بەشی ناو بابەتە دۆکیۆمینتارییەکانی کوردستان24 بەکار نەهاتوون، بە تایبەتی کاری کارتێکەری (Superimposition) ئەوەی کە لە یەک کاتدا دوو دیمەنی شاشەی جیاواز نیشان دەدا لە دوو شوێنی جیاواز.

**15- زانیاری سامپڵی توێژینەوەکە لەڕووی شێوازی جوڵەی کامیرا** (Camera Movements)

**خشتەی16 شێوازی جوڵەی کامیرا** (Camera Movements) **دیاری دەکات**

| ژ | جۆری جوڵە | وردەکاری گرتەکە | ژمارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|---|
| 1- | Zoom | Zoom in | 13 | %2.50 | نۆیەم |
| | | Zoom out | 6 | %1.14 | یازدەهەم |
| 2- | Tilt | Tilt up | 42 | %8.05 | دووەم |
| | | Tilt down | 31 | %5.94 | شەشەم |
| 3- | Pan | Pan Right | 38 | %7.28 | چوارەم |
| | | Pan Left | 39 | %7.47 | سێیەم |
| 4- | Focus | Focus in<br>Focus out | 7 | %1.34 | دەیەم |
| 5- | Dolly | Dolly in | 32 | %6.13 | پێنجەم |
| | | Dolly out | 7 | %1.34 | دەیەم |
| 6- | Cutaway<br>Cut in Insert | Cutaway<br>Cut inInsert | 267 | %51.15 | یەکەم |
| 7- | Crab | Crab Right | 18 | %3.45 | حەوتەم |
| | | Crab Left | 16 | %3.07 | هەشتەم |
| 8- | Fly Cam | Fly Cam | 6 | %1.14 | یازدەهەم |
| **کۆی گشتی** | | | 522 | %100 | |

خشتەی16 زانیاری سامپڵی توێژینەوە لەبارەی شێوازی جوڵەی کامێرا (Camera Movements) ڕوون دەکاتەوە کە تێیدا جوڵەکانی (Cutaway) لە پلەی یەکەم دێت، بە (267) دووبارە بوونەوەو بەڕێژەی (51.15%)، هەرچی جوڵەی (Tilt Up)ە، لە پلەی دووەم دێت بە (42) دووبارە بوونەوەو بە ڕێژەی (8.05%)، هەروەها جوڵەی ( Pan Left)ە، لە پلەی سێیەم دێت بە (39) دووبارە بوونەوەو بە ڕێژەی (7.47%)، وە جوڵەی (Pan Right) لە پلەی چوارەم دێت بە (38) دووبارە بوونەوەو بە ڕێژەی (7.28%)، هەروەها جوڵەی (Dolly in) لە پلەی پێنجەم دێت بە (32) دووبارە بوونەوەو بە ڕێژەی (6.32%)، وە جوڵەی (Tilt down) لە پلەی شەشەم دێت بە (31) دووبارە بوونەوەو بە ڕێژەی (5.94%)، هەروەها جوڵەی (Crab Right)،(Crab Right) لە پلەی حەوتەم و هەشتەم دێن بە (18)و(16) دووبارە بوونەوەو بە ڕێژەی (3.45%)و (3.07%)، هەرچی جوڵەی (Zoom In) لە پلەی نۆیەم دێت بە (13) دووبارە بوونەوەو بە ڕێژەی (2.50%)، وە جوڵەی (Focus In)،(Focus Out)،(Dolly Out) لە پلەی دەیەم دێن بە (7) دووبارە بوونەوەو بە ڕێژەی (1.34%)، هەروەها جوڵەکانی (Zoom Out)،(Fly Cam) لە پلەی یازدەهەم دێن بە (6) دووبارە بوونەوەو بە ڕێژەی (1.14%)دێ.

دوای شیکردنەوەی داتاو زانیارییەکان کە تایبەتە بە شێوازی جوڵەی کامێرا (Camera Movements) لە بەرنامە دۆکیۆمێنتارییەکانی کەناڵی کوردستان بیست و چوارK24، دەرکەوتووە ئەم کەناڵە لە بەرهەم هێنانی دۆکیۆمێنتارییەکانی دا، هەموو جوڵەکانی کامێرای بەکارهێناوە، ئەم جوڵانە کامێرامان لە ڕێگەی کامێرا (Camera)وە ئەنجامیان دەدات، کە هەریەکەیان بۆ مەبەست و پەیامێکی دیاری کراو بەکاردێن، دەرهێنەر سوودی زۆر لەم جوڵانە وەردەگرێت بۆ ئەوەی بتوانێت پەیام و ناوەڕۆکی دۆکیۆمێنتارییەکە بە شێوازی وێنەیی بگەیێنێت بە بینەر، مۆنتێر لە پرۆسەی مۆنتاژدا پشت بەم جوڵانە دەبەستێت بۆ ئەوەی تێکستی خوێندنەوە و میوزیکی بەکارهاتوو ببەستێتەوە بەو جوڵانە کە سکوێنسێکی

تایبەت بەخۆی هەیە، (Cutaway) یەکێکە لە جوڵەکانی کامێرا کە زۆرجاریش بە (Insert)یش ناودەبرێت، لە بەرهەمهێنانی دۆکیۆمێنتارییەکانی کوردستان بیست و چوار K24 بەپلەی یەکەم بەکارهێنراوە، ئەم جوڵەیە بە یەکێک لە سەرەکیترین جوڵەکانی تر دادەندرێت، مۆنتێر ئەم جوڵەیە بۆ پشت ڕاستکردنەوەی تێکستی خوێندنەوە و وتەی دیداری کەسەکان بەکاردەهێنێت، ماوەی دانانی جوڵەی (Cutaway) لە مۆنتاژدا لە (3) چرکە دەست پێ دەکات تاوەکو (5) چرکە، بە گشتی ئەو جوڵانەی کە (Left)،(Right)،(Up)،(Down)،(In)،(Out)یان لەگەڵدایە، کە جوڵەکانیان لەسەرەوە بۆ خوارەوە یان بە پێچەوانەوە، یاخود لە ڕاست بۆ چەپ وە بە پێچەوانەوە، ئەوا زیاتر بۆ پێک بەستنەوەی بابەتەکانی ناو گرتەکان بەکاردێن، کە هەریەکەیان پەیوەستە بە دیمەنێکی دیاری کراو کە بتوانێت لەو ڕێگەیەوە پەیامی ناوەڕۆکی دیمەنەکە ڕوون بکاتەوە، ئەوەشمان لە بیر نەچێ کە ئەم جوڵانە دەتوانین هەم لە ڕێگای کامێراوە ئەنجام بدەین وە هەم لە ڕێگای پرۆسەی مۆنتاژەوە ئەنجامی بدەین، تەنها جیاوازییەکەیان ئەوەیە ئەو جوڵانەی کە لە ڕێگای مۆنتاژەوە ئەنجام دەدرێ زیاتر بۆ نیشاندانی ئاراستەکانی وێنەیە نەوەک ڤیدیۆ، ئامانجی نیشاندانی بابەتی گشتی و گرتەی گشتیە (Extreme Long Shot) کە بەڕێژەی (1.14%) کەمترین ڕێژە بەبەراورد بە جوڵەکانی تر بەکارهاتووە لە بەرهەم هێنانی بەرنامە دۆکیۆمێنتارییەکانی کوردستان بیست و چوارK24.

16- زانیاری سامپڵی توێژینەوەکە لەڕووی جۆری گرتەکانی کامێرای (Camera Shot)

**خشتەی17 جۆری گرتەکانی کامێرا (Camera Shot) دیاری دەکات**

| ژ | جۆری گرتە | وردەکاری گرتە | ژمارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|---|
| -1 | LONG SHOTS | Long Shot | 94 | %20.13 | دووەم |
| | | Medium Long shot | 46 | %9.85 | چوارەم |
| | | Extreme Long Shot | 6 | %1.29 | نۆیەم |
| -2 | MEDIUM SHOTS | Medium Shot | 82 | %17.56 | سێیەم |
| | | Medium Long Shot | 18 | %3.85 | حەوتەم |
| -3 | OVER SHOULDER SHOT | Over–the shoulder shot | 28 | %6 | شەشەم |
| -4 | CLOSE–UP SHOTS | Close | 139 | %29.76 | یەکەم |
| | | Medium Close–Up | 41 | %8.78 | پێنجەم |
| | | Extreme Close–Up | 13 | %2.78 | هەشتەم |
| کۆی گشتی | | | 467 | %100 | |

خشتەی17 زانیاری سامپڵی توێژینەوە لەبارەی جۆری گرتەکانی کامیرا ( Camera Shot) ڕوون دەکاتەوە کە تێیدا گرتەی (Close) لە پلەی یەکەم دێت، بە (139) دووبارە بوونەوەو بەڕێژەی (%29.76)، هەرچی گرتەی (Long Shot)ە، لە پلەی دووەم دێت بە (94) دووبارە بوونەوەو بە ڕێژەی (%20.13)، هەروەها گرتەی (Medium Shot)، لە پلەی سێیەم دێت بە (82) دووبارە بوونەوەو بە ڕێژەی (%17.56)، وە گرتەی ( Medium Long shot) لە پلەی چوارەم دێت بە (46) دووبارە بوونەوەو بە ڕێژەی (%9.85)، هەروەها گرتەی (Medium Close-Up) لە پلەی پێنجەم دێت بە (41) دووبارە بوونەوەو بە ڕێژەی (%8.78)، وە گرتەی (Over-the shoulder shot) لە پلەی شەشەم دێت بە (28) دووبارە بوونەوەو بە ڕێژەی (%6)، هەروەها گرتەی (Medium Long Shot)) لە پلەی حەوتەم بە (18) دووبارە بوونەوەو بە ڕێژەی (%3.85)، هەرچی گرتەی ( Extreme Close-Up)ە لە پلەی هەشتەم دێت بە (13) دووبارە بوونەوەو بە ڕێژەی (%2.78)،

هەروەها گرتەی (Extreme Long Shot) لە پلەی نۆیەم دێت بە (6) دووبارە بوونەوەو بە ڕێژەی (1.29%) دێت.

ئەگەر سەرنج بدەینە ئەم خشتەیە کە تایبەتە بە داتاو زانیارییەکانی تایبەت بە گرتەکانی کامێرا (Camera Shot)، لە بەرنامە دۆکیۆمێنتارییەکانی کەناڵی کوردستان بیست و چوارK24، دەرکەوتووە گرتەی (Close) کە گرتەیەکە بۆ بابەتی نزیک بەکاردێت، لە هەموو گرتەکانی تر بە ڕێژەیەکی زۆرتر بەکاریان هێناوە لە بەرنامە دۆکیۆمێنتارییەکان، ئەم گرتەیە نزیکە بۆ زیاتر ناساندنی تەن و دیمەنەکان بەکاردێت، لە چاوپێکەوتنەکانیش بەکاردێت لە سەرووی سینگەوە دەست پێ دەکات بۆ سەرەوەی لەش، ئەو گرتانە لە ڕێگەی کامێراوە بەکاردێن بە گشتیش بۆ لایەنی مرۆیی و نامرۆییەکان بەکاردێن، دەرهێنەر سودی لە هەموو ئەو گرتانە وەرگرتووە، لەو ڕێگەی ئەو گرتانەوە هەوڵی داوە هەموو ئەو دیمەنانە لە ڕووی دووری و نزیکی بابەتەکانەوە بناسێنێت، بەڵام لە ڕووی ڕێژەی بەکارهێنانیانەوە جیاوازە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕۆکی بابەتەکان، (Extreme Long Shot) ئەم گرتەیە کە دوورترینیانە لە بابەتەکە واتا وێنەی تەنەکە و هەموو چواردەوری تەنەکەش نیشان دەدات وە ناونیشانەکەی دیاری دەکات، بەڵام دەرهێنەر بە ڕێژەیەکی کەم لە چاو گرتەکانی تر بەکاری هێناوە لەناو بەرهەم هێنانی دۆکیۆمێنتارییەکانیدا.

17- **زانیاری سامپڵی توێژینەوەکە لەڕووی جۆری گۆشەی کامێرای بەکارهاتوو** (Camera Angles)

**خشتەی**18 **جۆری گۆشەی کامێرای بەکارهاتوو** (Camera Angles) **دیاریدەکات**

| ژ | جۆر | ژمارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|
| 1- | گۆشەی ئاستی چاو Eye Level | 115 | %56.65 | یەکەم |
| 2- | گۆشەی نزم Low Angles | 54 | %26.60 | دووەم |
| 3- | گۆشەی زۆر نزم Worms Eye | 15 | %7.39 | سێیەم |
| 4- | گۆشەی زۆر بەرز Birds Eye | 12 | %5.91 | چوارەم |
| 5- | گۆشەی بەرز High Angles | 7 | %3.45 | پێنجەم |
| **کۆی گشتی** | | 203 | %100 | |

خشتەی18 زانیاری سامپڵی توێژینەوە لەبارەی جۆری گۆشەی کامێرای بەکارهاتوو (Camera Angles) ڕوون دەکاتەوە کە تێیدا گۆشەی (Eye Level) لە پلەی یەکەم دێت، بە (115) دووبارە بوونەوەو بەڕێژەی (56.65%)، هەرچی گۆشەی (Low Angles)ە، لە پلەی دووەم دێت بە (54) دووبارە بوونەوەو بە ڕێژەی (26.60%)، هەروەها گۆشەی (Worms Eye)، لە پلەی سێیەم دێت بە (15) دووبارە بوونەوەو بە ڕێژەی (7.39%)، وە گۆشەی (Birds Eye) لە پلەی چوارەم دێت بە (12) دووبارە بوونەوەو بە ڕێژەی (5.91%)، هەروەها گۆشەی (High Angles) لە پلەی پێنجەم دێت بە (7) دووبارە بوونەوەو بە ڕێژەی (3.45%) دێت.

دوای شیکردنەوەی داتاو زانیارییەکان کە تایبەتە بە جۆری گۆشەی کامێرای بەکارهاتوو (Camera Angles)، لە بەرنامە دۆکیۆمێنتارییەکانی کەناڵی کوردستان بیست و چوار K24، دەرکەوتووە ئاستی گۆشەی (Eye Level)ی زیاتر بەکارهێناوە لەبەرهەم هێنانی دۆکیۆمێنتارییەکانی، توێژەر پێی وایە ئەم گۆشەیە باشترین گۆشەیە کە بە شێوەیەک لە ئاستی چاوی مرۆڤەکان بەکار دەهێندرێت، ئەم گۆشەیە لەکاتی چاوپێکەوتن بەکاردێت، کە ئاستی چاوی کامێرا لەگەڵ ئاستی قسەکەر هاوسەنگ دادەندرێت بۆ ئەوەی کەسەکە لە ڕووی دەروونیەوە نە بەرز وە نە نزم نیشان بدات، ئەم گۆشەیە جیاوازە لەگەڵ هەر دوو گۆشەی (High Angles) بەرزتر لە ئاستی چاوی مرۆڤەکان و(Low Angles) نزمتر لە ئاستی چاوی مرۆڤەکان.

**18- زانیاری سامپڵی توێژینەوەکە لەڕووی بەکارهێنانی مەبەستی کاریگەری بڕینی گرتەکان**

**خشتەی19 زانیاری لە رووی بەکارهێنانی مەبەستی کاریگەری بڕینی گرتەکان دیاریدەکات**

| ژ | بەکارهێنانی کاریگەری بڕین | ژمارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|
| 1- | بۆ درێژەدان بە بەردەوامیی جوڵانەوەکە | 226 | %40.50 | یەکەم |
| 2- | ڕێزبەندی و ڕێکخستن | 177 | %31.72 | دووەم |
| 3- | بۆ گۆڕینی کات و شوێن. | 102 | %18.28 | سێیەم |
| 4- | تەرکیز و بەرهەمهێنانی ماناکان | 23 | %4.12 | چوارەم |
| 5- | بەکارهێنانی ناڕوون | 17 | %3.05 | پێنجەم |
| 6- | ڕوونکردنەوە و لێکدانەوە | 13 | %2.33 | شەشەم |
| 7- | کۆتایی هێنان بە ڕووداوێک و خستنە ڕووی ڕووداوێکی تازە | 0 | %0 | – |
| | **کۆی گشتی** | 558 | %100 | |

خشتەی19 زانیاری سامپڵی توێژینەوە لەبارەی بەکارهێنانی مەبەستی کاریگەری بڕینی گرتەکان ڕوون دەکاتەوە کە تێیدا بۆ درێژەدان بە بەردەوامی جوڵانەوەکە لە پلەی یەکەم دێت، بە (226) دووبارە بوونەوەو بەڕێژەی (%40.50)، هەرچی ڕێزبەندی و ڕێکخستنە، لە پلەی دووەم دێت بە (117) دووبارە بوونەوەو بە ڕێژەی (%31.72)، هەروەها بۆ گۆڕینی کات و شوین، لە پلەی سێیەم دێت بە (102) دووبارە بوونەوەو بە ڕێژەی (%18.28)، وە تەرکیز و بەرهەمهێنانی ماناکان لە پلەی چوارەم دێت بە (23) دووبارە بوونەوەو بە ڕێژەی (%4.12)، هەروەها بەکارهێنانی ناڕوون لە پلەی پێنجەم دێت بە (17) دووبارە بوونەوەو بە ڕێژەی (%3.05)، هەرچی ڕوونکردنەوە و لێکدانەوە لە پلەی شەشەم دێت بە (13) دووبارە بونەوەو بە ڕێژەی (%2.33) دێت، بەڵام کۆتایی هێنان بە ڕووداوێک و خستنە ڕووی ڕووداوێکی تازە، هیچ دووبارە بوونەوەیەکیان بەخۆوە نەبینیوەو هیچ ڕێژەیەکیشمان بۆ دیاری نەکردووە.

ئەگەر تێبینی بکەین داتاو زانیارییەکان کە تایبەتە بە بەکارهێنانی مەبەستی کاریگەری بڕینی گرتەکان لە بەرنامە دۆکیۆمێنتارییەکانی کەناڵی کوردستان بیست و چوارK24،

دەرهێنەر کاریگەری بڕینی زیاتر بە مەبەستی درێژەدان بە بەردەوامیی جوڵانەوەکە و ڕێزبەندی و ڕێکخستنی دیمەن و گرتەو وێنەکان داوە بۆ ئەوەی پەیامی ناوەڕۆکی بابەتەکەی لە ڕووی ڕێکخستن و ڕیزبەندکردنی وێنە لەگەڵ دەنگ یاخود ڕیزکردنی گرتەو گۆشەکانی کامێرا لە خزمەتی یەکتریدا تەواو بکەن، لەبەر ئەوەی ڕووداوەکانی ناو بابەتە دۆکیۆمێنتارییەکانی کوردستان بیست و چوارK24 تەنها باسی یەک ڕوودوان، دەرهێنەر کارتێکەری بڕین (Cut)ی بەمەبەستی کۆتایی هێنان بە ڕووداوێک و خستنە ڕووی ڕووداوێکی تازە بەکارنەهێناوە تەنانەت بۆ یەکجاریش.

**19- زانیاری سامپڵی توێژینەوەکە لەڕووی درێژی گرتەکان و مانەوەی لەسەر شاشە**

**خشتەی20 درێژی گرتەکان و مانەوەی لەسەر شاشە دیاریدەکات**

| ژ | درێژی گرتەکان | ژمارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|
| 1- | کورت | 126 | %47.91 | یەکەم |
| 2- | ناوەند | 85 | %32.32 | دووەم |
| 3- | درێژ | 52 | %19.77 | سێیەم |
| **کۆی گشتی** | | 263 | %100 | |

خشتەی20 زانیاری سامپڵی توێژینەوە لەبارەی درێژی گرتەکان و مانەوەیان لەسەر شاشە لە بەرنامە دۆکیۆمینتارییەکان ڕوون دەکاتەوە، کە تێیدا مانەوەی کورت لە پلەی یەکەم دێت، بە (126) دووبارە بوونەوەو بەڕێژەی (%47.91)، هەروەها مانەوەی ناوەند لە پلەی دووەم دێت بە (85) دووبارە بوونەوەو بە ڕێژەی (%32.32)، هەرچی مانەوەی درێژە لە پلەی سێیەم دێت بە (52) دووبارە بوونەوەو بە ڕێژەی (%19.77)دێت.

ئەگەر سەرنج بدەین داتاو زانیارییەکان کە تایبەتە بە درێژی گرتەکان و مانەوەیان لەسەر شاشە لە بەرنامە دۆکیۆمێنتارییەکانی کەناڵی کوردستان بیست و چوارK24، ماوەی کورتی زیاتر بایەخ پێداوە لە پرۆسەی مۆنتاژکردندا، ماوەی کورت دەرهێنەر ماوەکەی دیاری دەکات لە نێوان (3) بۆ (5) چرکە لە کاتی مۆنتاژکردنی بەرهەمەکەی بە تایبەتی لە

گرتەکانی (Cutaway)، کە وەک ئینسێرت بەکاردێت، گرنگی ماوەی کورت ئەوەیە کە زۆرترین وێنەو دیمەن لەسەر بابەتەکە نیشانی بینەر دەدەیت، وە بینەر بێزار ناکات لە مانەوەی دیمەنەکان لەسەر شاشە و ماوەی ناوەند کە مانەوەیان لەسەر شاشە لە نیوان (6) بۆ (9) چرکە، زیاتر بەکاردێت بۆ ئەو گرتانەی کە جوڵەیان لەگەڵ دایە وەک (Left & Right)،(Down & Up)،(Out & In)، بەڵام ماوەی درێژ کە ماوەکەی لەسەر شاشە لە (9) چرکە زیاتر ئەوا بۆ ئەو بابەت و گرتانە دادەندرێت کە شیکردنەوەی ناوەرۆکی بابەتەکەی تێدا ڕووندەکرێتەوە

# دەرئەنجام

## دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیە دا، توێژەر بە کۆمەڵە دەرئەنجامێک گەیشت، کە لێرەدا دەیانخەیەنە ڕوو.

1. کەناڵی کوردستان24 لە بەرهەمهێنانی دۆکیۆمێنتارییەکانی زیاتر گرنگیی بە بابەتی بایۆگرافی (کەسایەتی) و مێژوویی دەدات، بوارەکانی کەمتر بایەخی پێداوە، بەمەش دەردەکەوێت کە ڕیزبەندی لە نێوان بوارو بابەتەکانی کەمتر بەدی دەکرێ.

2. کەناڵی کوردستان24 لە بەرهەمهێنانی بەرنامە دۆکیۆمێنتارییەکانیدا زیاتر گرنگیی بە بابەتی ناوخۆیی دەدات، هیچ بابەتێکی دەرکی بەرهەم نەهێناوە، بەگشتیش بەرهەمەکانیان موڵکی خۆیانن بەرهەمی هاوردە نین.

3. کەناڵی کوردستان24 لە بەرهەمهێنانی بەرنامە دۆکیۆمێنتارییەکانیدا لە ڕووی ناوەڕۆکی بابەتەکانی زیاتر پشت بە سەرچاوەکانی ئەرشیف و دیدار دەبەستێت، لەبەرامبەردا هیچ سەرچاوەیەکی فەرمی بەکارنەهێناوە.

4. کەناڵی کوردستان24 لە بەرهەمهێنانی بەرنامە دۆکیۆمێنتارییەکانیدا بە گشتی پشتی بە شێوازەکانی بەشداری کردن (Mode Participatory)، ڕەنگدانەوە ( Reflexive Mode)، بەستووە، شێوازەکانی نواندن(Performative Mode) تێبینیکردن(Observational Mode) شاعیری(Poetic Mode) بەهیچ جۆرێک بەکارنەهێناوە.

5. لەبەر ئەوەی ئەم کەناڵە زیاتر گرنگیی بە بابەتی مێژووی و کەسایەتییە دێرینەکان داوە، هەر بۆیەشە لە بەکارهێنانی بەڵگە لە بەرنامەکانی دا، زیاتر پشتی بە وێنەی فۆتۆی ڕەش و سپی بەستوە بە ڕێژەیەکی زۆر بەکاری هێناوە.

6. کەناڵی کوردستان24 لە بەرهەمهێنانی بەرنامە دۆکیۆمێنتارییەکانیدا لەڕووی شێوازی مۆنتاژەوە زیاتر گرنگیی بە مۆنتاژی بەردەوامی (Continuity editing)، مۆنتاژی تۆنی (Tonal editing) داوە.

7. کەناڵی کوردستان24 لە بەرهەمهێنانی بەرنامە دۆکیۆمێنتارییەکانیدا لە ڕووی میوزیکەوە زیاتر گرنگیی بە میوزیکی دەستکرد داوە بە تایبەتی لە سەرەتاو کۆتایی دۆکیۆمینتارییەکانیدا.

8. کەناڵی کوردستان24 لە بەرهەمهێنانی بەرنامە دۆکیۆمێنتارییەکانیدا گرنگیی تەواوی داوە بە هەموو کارتێکەرە ڤیدیۆییەکان بەتایبەتی کارتێکەری بڕین (Cut) کە لە ماوەی سامپڵی توێژینەوەکە وەرگیراوە (588) جار بەکاری هێناوە.

9. کەناڵی کوردستان24 لە بەرهەمهێنانی بەرنامەی دۆکیۆمێنتارییەکانیدا کارتێکەری بڕین لە پڕۆسەی مۆنتاژدا زیاتر بە مەبەستی درێژەدان بە بەردەوامیی جوڵانەوەکە و ڕێزبەندی و ڕێکخستن بەکارهێناوە.

10. کەناڵی کوردستان24 لە بەرهەمهێنانی بەرنامە دۆکیۆمێنتارییەکانیدا لە ڕووی جوڵەی کامێراوە (Camera Movements) گرنگیی زیاتر بە جوڵەی ئینسێرت (Cutaway) داوە, لە نێو ڤیدیۆکانیدا بە مەبەستی گەیاندن و ڕوونکردنەوەی زیاتری ناوەڕۆکی بابەتەکان.

11. کەناڵی کوردستان24 لە بەرهەمهێنانی بەرنامە دۆکیۆمێنتارییەکانیدا زیاتر گرنگیی بە گرتەی (Close)ی داوە کە گرتەیەکی نزیکە لە ڕووی گرتەکانی کامێرا ( Camera Shot)، ئەم گرتەیە زیاتر کار لەسەر دەرخستنی بابەتەکە دەکات، لەبەرامبەردا گرتەی (Extreme Long Shot) کە دوورترین گرتەیە کەمترینیان بەکارهێناوە لە دۆکیۆمێنتارییەکانیان.

12. کەناڵی کوردستان24 لە بەرهەمهێنانی بەرنامە دۆکیۆمێنتارییەکانیدا کەمترین ماوە لە بارەی ماوەی گرتەکان و مانەوەیان لەسەر شاشە بەکارهێناوە، کە ماوەکەی لە نێوان (3) بۆ (5) چرکەیە، ئەم ماوەیە بینەر دەتوانێت لە پەیامی بابەتەکە بگات، ئەگەر بابەتەکە زۆر وورد نەبیت، بینەر توشی بێزاری و مەلەل ناکات.

# پێشنیاز و ڕاسپاردەکان

## پێشنیاز و ڕاسپاردەکان

لەژێر ئەنجامەکانی توێژینەوەکە کۆمەڵێک پێشنیاز دەخرێتە ڕوو:

### پێشنیاز:

1. توێژەر پێشنیاز دەکات کەناڵی کوردستان24 هاوسەنگی ڕابگرێت لە نێوان بوارو بابەتەکانی بەرهەمهێنانی بەرنامە دۆکیۆمێنتارییەکان، تەنها گرنگیی بە لایەنێک و بوارێکی دیاریکراو نەدات، لە ڕووی ڕیزبەندی کردنی پەخشی بەرنامەکان و بڵاوکردنەوەیان لە شاشە.

2. توێژەر پێشنیاز دەکات کەناڵی کوردستان24 لەبەرهەمهێنانی بەرنامە دۆکیۆمێنتارییەکانی هەموو شێواز و جۆرەکانی دۆکیۆمێنتاری بەکاربهێنێت، بۆ ئەوەی بوارو بابەتەکان لە هەموو ڕوویەکەوە بۆ بینەر ڕوون بکەنەوە، وە کار لەسەر بابەتی نوێ و سەردەمی بکات.

3. توێژەر پێشنیاز دەکات کەناڵی کوردستان24 لەبەرهەمهێنانی بەرنامە دۆکیۆمێنتارییەکانی پشت بە هەموو شێوازەکانی مۆنتاژ ببەستێت، بۆ ئەوەی ناوەڕۆکی بابەتەکان بە شێوازی جیاجیا ڕووداوەکان بۆ بینەر بگوازیتەوە.

### ڕاسپاردەکان:

1. توێژەران، توێژینەوە سەبارەت بە شێوازەکانی مۆنتاژ لە بەرنامە دۆکیۆمێنتارەکانی کاناڵی ئاسمانی کوردی و کەناڵی نێودەوڵەتی ئەنجام بدەن.

2. ئەنجامدانی توێژینەوە سەبارەت بە گرنگی پەیوەندی نێوان مۆنتێر و دەرهێنەر لە پرۆسەی مۆنتاژ لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان ئەنجام بدەن.

3. توێژەر، توێژەرانی دوایی خۆی ڕادەسپێرێت،  بە ئەنجامدانی توێژینەوەیەک سەبارەت بە ڕۆڵی مۆنتاژی تەلەڤزیۆن و کاریگەر لەسەر بینەر لە وەرگرتنی ناوەڕۆکی پەیامی بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان.

# سەرچاوەکان

# لیستی سەرچاوەکانی توێژینەوەکە

**یەکەم: سەرچاوە بەزمانی کوردی**

**أ. پەرتوک**

- عەبدولرەحمان، فرمان (2019) رۆژنامەگەری تەلەفزیۆنی بەرهەمهێنانی ڤی تی و دۆکیۆمینتاری. چاپخانەی کارۆ.

**ب. نامە و تێزی ماستەر و دکتۆرا**

- حەسەن، نەبەز ئەحمەد (2017). بەکارهێنانی شێوازەکانی مۆنتاژ لە بەرهەم هێنانی ڕاپۆرتی تەلەڤزیۆنی لەکەناڵە ئاسمانییەکانی هەرێمی کوردستان. سلێمانی : نامەی ماستەر بڵاونەکراوە بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

**دووەم: سەرچاوە بەزمانی عەرەبی**

**أ. پەرتوک**

- إبراهيم، عامر (2019) . المونتاج التلفزيونى. عمان: دار كنوز المعرفة.
- أحمد، حنان سليم (2015) . فنون الفيديو الرقمي. الرياض: مكتبة الشقرى.
- البهنسى، محمد صديق (2005) . ادوبى بريمير. عمان : مكتبة المجتمع العربى.
- بوريتسكي (2009) . الصحافة التلفزيونية، ، ترجمة. اديب خضور . ديمشق: المكتبة الاعلامية.

- ثامر، رعد عبد الجبار (2013) . الفن السينمائي بين النظرية والتطبيق . بغداد : مطبعة المعارف .

- جاد و سهير، عبد العزيز جاد و شرف سهير (1999) . البرامج والتلفزيون والاعلام الثقافي. القاهرة: الهيئة المصرية العامة للكتاب.

- جرار، فاروق انيس (2001) . الرسالة والصورة، قضايا معاصرة في الاعلام. عمان: وزارة الثقافة الأردنية.

- الجمال، نجلاء (2013) . فن المونتاج التلفزيونى. القاهرة: دار المصرية اللبنانية.

- حجاب، محمد منير (2006) . اساسيات البحوث الاعلامية و الاجتماعية. ط3، دارالفجر للنشر و التوزيع.

- الحديدي، منى سعيد (1999) . لفيلم التسجيلي (تعريفه اتجاهاته اسسه وقواعده) . القاهرة: ط3، دار الفكر العربي .

- الحسن عبدالدائيم عمر (2018) . الانتاج البرامج التلفزيونية. القاهرة : دار القومية العربية للثقافة ونشر، ط2 .

- الحسن، عبدالدائم عمر (2003) . انتاج البرامج التلفزيونية. القاهرة: دار القومية العربية للثقافة والنشر.

- خضور، أديب (2000) . مدخل إلى الاعلام: نظرية وممارسة. دمشق: المكتبة الإعلامية.

- خطاب، علي ماهر (2002) . مناهج البحث في العلوم النفسية والتربوية والاجتماعية. القاهرة: مكتبة الانجلو المصرية والمكتبة الاكادمية.

- خليفى، جورج (2014) . الفيلم الوثائقي. فلسطين: جامعة بيرزيت.

- الداود، اياد (2013) . كيف تصنع فيلم وثائقا، الكويت: دار حنين.

- زيتل، هيربريت (2004) . المرجع فى المونتاج التلفزيونى، ترجمة سعدون الجنابى و خالد الصفار. الامارات العربية: دار الكتاب الجامعى العين.

- سليم، عبدالنبي (2010) . الاعلام التلفزيوني. عمان: دار اسامة.

- السمري و القليني، سوزان يوسف و هبة الله القليني (2013) . التدريب والإنتاج الإذاعي و التلفزيونى. القاهرة: دار النهضة العربية.

- سند، عبدالباسط (2013) . فن المونتاج التليفزيوني. القاهرة: مطبعة مصر.

- شبلى، كرم (2008) . الإنتاج التلفزيوني وفنون الإخراج. بيروت: دارالشروق للنشر والتوزيع.

- شلبي، كرم (2007) . فن الكتابة للراديو والتلفزيون. القاهرة: مكتبة التراث الاسلامي.

- شهيب، نجم (2003) . مدخل الى السينما و الراديو و التلفزيون. عمان: دار المعتز.

- الصبان، منى (2001) . فن المونتاج في الدراما التلفزيونية وعالم الفيلم الإلكتروني. القاهرة: الهيئة المصرية العامة للكتاب.

- عبدالرحمن، وهيبة (2000) . تكنولوجيا مستقبلات الاقمار الاصطناعية. شعاع للنشر والعلوم.

- عبدالرزاق، نهلة (2019) . الافلام التسجيلية الوثائقية. عمان: دار اليازورى.

- عبدالطيف، رباب (2016) . فنيات المونتاج الرقمى. عمان: دار الاسامة.
- مولا، على(2011) . تقنيات مونتاج السينما و الفيديو (التاريخ و النظرية و الممارسة). القاهيرة: دارالنهضه.
- العزاوي، رحيم يونس(2008) .  مقدمة في المنهج البحث العلمي . عمان : دار الدجلة .
- الفرجاني، محمد علي (2010) . فن الشريط التسجيلي. القاهرة: الدار العربية للكتاب.
- قنديلجي، عامرابراهيم (1999) . البحث العلمي واستخدام مصادرالمعلومات. بغداد: ط٢، دارالشؤون الثقافية العامة.
- اللحياني، خضر (2008) . أثر الفضائيات على المراهقين في المملكة العربية السعودية. الرياض.
- محمد و معوض ، بركات إبراهيم محمد، عبدالعزيز معوض (2015) . إنتاج البرامج الإذاعية والتلفزيونية. القاهرة: دار الكتاب الحديث.
- المحنة، فلاح كاظم (2019) . البرامج الإذاعية والتلفزيونية. بغداد: بيت الحكمة.
- مرعي، ضياء (2004) . (السينما التسجيلية في مصر) . الاسكندرية: دار الوفاء.
- المشهداني، سعد سلمان (2019) . منهجية البحث العلمي. عمان: دار اسامة لنشر و التوزيع.
- المشهداني، سعد سلمان. (2017) مناهج البحث الإعلامي. الاولى. العين – الامارات: دار الكتاب الجامعي.

- المنصور، مجيد (2020) . ألافلام الوثائقية، ركيزة الأنتاج السينمائي. عمان: دار الاسامة.

- نصار، أيمن عبدالحليم (2016) . اعداد البرامج الوثائقية. عمان: دار المناهج للنشر والتوزيع

- النعيم، عرفات (2017) . تأثير مونتاج علي الصورة التلفزيونية. عمان : دار الأيام.

- هاردي، مورشيت (2015) . السينما التسجيلية عند جريرسون، ترجمة صلاح التهامي. القاهرة : المؤسسة المصرية العامة للنشر.

- هلال، ناتوت (2009) . التوثيق الاعلامي. بيروت: دار النهضة العربية.

- الهواسي محمودحسين (2014) . تكنولوجيا وانظمةالمعلومات في المنظمات المعاصرة. دار الكتب والوثائق.

- الياسري، عمار إبراهيم محمد. (2014) البرامج التفاعلية التلفزيونية. عمان: دار الرضوان للنشر والتوزيع.

**ب. نامه و تێزی ماستەر و دكتۆرا**

- حسين، عبدالصمد قادر (2010). الافلام الوثائقية في قنات كوردسات الفضائية التلفزيونية. السليمانية: رسالة ماجستير غير منشورة، كلية العلوم الانسانية، جامعة السليمانية.

- طه، محمد عبدالفتاح (2016). طبيعة الدور التعبيري الاتصالي للمونتاج فى الآفلام السينمائية. عمان: دراسة ميدانية. الرسالة ماجستير غير منشورة، جامعة الشرق الاوسط.

- العناتى، مى محمد حمدان (2020). معالجة البرامج الوثائقية و الاستقصائية فى تلفزيون المملكة الاردنى دراسه تحليلية. عمان: الرسالة الماجستير غير المنشورة قسم الاعلام كلية الاعلام جامعة الشرق الاوسط.

- الفراجي، يوسف حسن محمود (2006). أشكال البرامج الوثائقية ومضامينه (قناة أبوظبي الفضائية أنموذجا). بغداد: رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الاعلام، جامعة بغداد.

**ج. گۆڤاری زانستی**

- بريك، أيمن محمد إبراهيم (2015) .معالجة مواقع المراصد الإعلامية بالمؤسسات الدينية الرسمية لقضايا التطرف: دراسة تحليلية مقارنة ".مجلة البحوث الإعلامية 44 (44): 700 /147-220.

- جبارة، غادة (2009). "مدارس واتجاهات السينما التسجيلية." المجلة الوثائقية الالكترونية ،عدد 24 .

- عبدالخالق، نهلة عبدالرزاق (2011). "تحليل مضمون للأفلام التسجيلية الوثائقية في قناة الجزيرة الوثائقية الفضائية." مجلة كلية الأداب، عدد 98.

- عبدالرحمن، كاوه عزالدين (2016). أسخدام مؤثر القطع في فيلم كوێستانى سپى. مجلة كرميان عدد12.

- عطاالله محمود سامي (2013). محمود سامي عطا االله، (الانتاج الوثائقي في التلفزيونات العربية)، تونس، اتحاد اذاعات الدول العربية، مجلة الاذاعات العربية، العدد٣ ،١٢٢، ص 17) تونس، اتحاد اذاعات الدول العربية، ، العدد٣ ،١٢٢،.

- نبعيسى، عسلون (2002). "وصفة اولية للبرامج الوثائقية العلمية في التلفزيون العربي." مجلة الاذاعات العربية (عسلون نبعيسى، (وصفة اولية للبرامج الوثائقية العلمية في التلفزيون العربي)، مجلة الاذاعات العربية، العدد٤ ،تونس، ٢٠٠٢ ،ص 46).


**سێیەم: سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی**

**أ. پەرتوک**

- AUFDERHEIDE, PATRICIA(2007). ***Documentary film.*** New York: Oxford University press.
- DANCYGER, KEN(2007). *Dancyger, Ken.(2007).* ***The technique of film and video edit- ing: history, theory, and practice***, Burlington Ma, USA. Focal Press.
- DANCYGER, KEN(2011). ***The Technique of Film and Video Editing***. UK, Oxford: Elsevier Inc. All rights reserved.
- MILLERSON, GERALD (1999) ***Television Production.*** London: 13th Edition,Focal Press.
- NICHOLS, BILL(2001). ***Introduction to Documentary***. USA ,Indiana University Press - Bloomington and Indianapolis.
- REISZ &MILLAR, KAREL REISZ AND GAVEN(2010). ***The Technique of Film Editing***. London: The Briitish Film Academy.
- SANDI PRASETYANINGSIH (2019). ***Creative Editing in Documentary Film***, Universitas Islam Riau, Pekanbaru, Indonesia. .

- SHEILA, BERNARD(2011). ***Documentary Storytelling***. Berlin

**ب. نامە و تێزی ماستەر و دکتۆرا**

- ALI ABDULLAH SALAH (2022). Narrative in Kurdish Television Documentary ،Universitas Salahaddin ،Erbil ،Iraq.
- XIAOSHU LI (2014). Research on the Montage Technique in the Film and Television) Zhengzhou Institute of Aeronautical Industry Management )Zhengzhou, P.R.China

**چوارەم: سەرچاوە بەزمانی فارسی**

**أ. پەرتوک**

- عباسی، حجت الله (2012). خبر تلویزیونی. تهران: چاپخانه دانشکده صداوسیما.
- محبوبی، محسن (2016). تدوین دیجیتالی. تهران، : چاپخانه سروش.
- لاروخ، والتر فون (2018). ژورنالیسم رادیویی، مترجم: محمد اخگری. تهران: انتشارات سمت .

**پێنجەم: پێگەی ئەلیکترۆنیەکان**

- السلوم، كاظم مورشد (2021). *أهمية الفليم الوثائيقي*. https://alsabaah.iq/cgi-sys/suspendedpage.cgi#:~:text=%D8%AD%D9%82%D9%82%D8%AA%20%D8%A7%D9%84%D8%A3%D9%81%D9%84%D8%A7%D9%85%20%D8%A7%D9%84%D9%88%D8%AB%D8%A7%D8%A6%D9%82%D9%8A%D8%A9%20%D8%A7%D9%84%D9%83%D8%AB%D9%8A%D8%B1%20%D9%85%D9%86 ،%D8%AA%D9%85%D8%B1%2.

- ALDREDGE, JOURDAN(2022). *The 6 Types of Documentary Films.* https://www.premiumbeat.com/blog/6-types-of-documentary-film/?pl=PPC_GOO_AP_PB-
- 471868844297&cr=c&kw=&c3apidt=71700000050129896&gclid=CjwKCAjwlqOXBhBqEiwA-hhitGQ7gKheqYw-MV7yAWFQdyA-zq7D08H2AzLxjDwUBPGsxLrB3DeUUBoCxVUQAvD_BwE&gclsrc=aw.ds .8.3.2022.
- CLASS, MASTER(2021). *Film Documentary Guide: 6 Types of Documentaries.* https://www.masterclass.com/articles/film-documentary-guide#what-are-documentary-modes 1.3.2022.
- CLIPCHAMP(2021). *What is parallel editing?* https://clipchamp.com/en/blog/parallel-editing /1.4.2022.
- DAS, TRISHA (2018)*How Write A Doumentary Script "Documentary Film.* WWW. Britannica.Com .
- HECKMANN, CHRIS(2020). *Soviet Montage Theory — Definition, Examples and Types of Montage.* https://www.studiobinder.com/blog/soviet-montage-theory/ 3.8.2022.
- KURDISTAN24 (2022). https://www.kurdistan24.net/ckb/about.
- MOLYNEUX, BEN (2022). *History of editing.* https://www.sutori.com/en/story/history-of-editing--4GFACxgMyEMWxhKVquX2GpEV 3.8.2022.

- CLASS, MASTER(2021). Film Documentary Guide: 6 Types of Documentaries . https://www.masterclass.com/articles/film-documentary-guide#what-are-documentary-modes1.3.2022.
- CLIPCHAMP(2021) What is parallel editing? https://clipchamp.com/en/blog/parallel-editing/1.4.2022.

# پاشکۆکان

## پاشکۆی 1

## فۆڕمی شیکاری

**خشتەی فۆڕمی شیکردنەوەی ناوەڕۆک**

| ژ | ناونیشان | کاتی پەخشکردن | ماوە |
|---|---|---|---|
| 1. | | | |
| 2. | | | |
| 3. | | | |

**خستنەڕووی زانیاری نموونەی توێژینەوە لەڕووی جۆری بابەتەوە ڕوون دەکاتەوە**

| ژ | جۆری دۆکیۆمێنتاری | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|
| 1- | | | | |
| 2- | | | | |
| 3- | | | | |
| **کۆی گشتی** | | | | |

**خستنەڕووی زانیاری لەڕووی موڵکداری ڕوون دەکاتەوە**

| ژ | جۆر | ژمارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|
| 1- | موڵکداری | | | |
| 2- | کڕاوەتەوە | | | |
| 3- | کاری هاوبەش لەگەڵ کەناڵێکی تر | | | |
| **کۆی گشتی** | | | | |

**ناوەڕۆک نموونەی توێژینەوە ڕوون دەکاتەوە**

| ژ | جۆری ناوەڕۆک | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|
| 1- | گفتوگۆیی | | | |
| 2- | خوێندنەوەی تێکست | | | |
| 3- | تێکەڵ (گفتوگۆی و کرداری) | | | |
| 4- | کرداری | | | |
| **کۆی گشتی** | | | | |

**سەرچاوەی زانیارییەکان نموونەی توێژینەوە ڕوون دەکاتەوە**

| ژ | جۆری سەرچاوە | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|
| 1- | ئەرشیف | | | |
| 2- | دیدار | | | |
| 4- | سەرچاوەی ناوخۆ | | | |
| 3- | سەرچاوەی دەرەکی | | | |
| | **کۆی گشتی** | | | |

**چوارچێوەی جوگرافی ئەنجامدانی نموونەی توێژینەوە ڕوون دەکاتەوە**

| ژ | چوارچێوەی جوگرافی بابەتەکە | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|
| 1- | ناوخۆیی | | | |
| 2- | نێودەوڵەتی | | | |
| 3- | هەرێمایەتی | | | |
| | **کۆی گشتی** | | | |

**شێوازەکانی بەرنامەی دۆکیومێنتاری ڕوون دەکاتەوە**

| ژ | شێواز | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|
| 1- | بەشداریکردن Mode Participatory | | | |
| 2- | ڕەنگدانەوە Reflexive Mode | | | |
| 3- | نمایش Expository Mode | | | |
| 4- | تێبینی کردن Observational Mode | | | |
| 5- | نواندن Performative Mode | | | |
| 6- | شاعیری Poetic Mode | | | |
| | **کۆی گشتی** | | | |

**زمانی لێدوانی دۆکیومێنتاری دیاری دەکات**

| ژ | زمانی لێدوان | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|
| 1- | زمانی کوردی | | | |
| 2- | دۆبلاژکراو بە زمانی کوردی | | | |
| 3- | زمانی بیانی (وەرگێردراو بەژێرنوس) | | | |
| | **کۆی گشتی** | | | |

بەكارهێنانی جۆرەكانی بەڵگە لە بەرنامە دۆكیومێنتارییەكان ڕوون دەكاتەوە

| ژ | جۆرەكانی بەڵگە | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|
| 1- | فۆتۆی ڕەش وسپی | | | |
| 2- | فۆتۆی ڕەنگاوڕەنگ | | | |
| 3- | وێنەی جوڵاو ڕەش و سپی | | | |
| 4- | وێنەی جوڵاو ڕەنگاوڕەنگ | | | |
| 5- | نوسراو | | | |
| | كۆی گشتی | | | |

خستنەڕووی زانیاری لەڕووی شێوازەكانی مۆنتاژ ڕوون دەكاتەوە

| ژ | شێوازەكانی مۆنتاژ | ژمارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|
| 1- | مۆنتاژی بەردەوامی Continuity editing | | | |
| 2- | مۆنتاژی تۆنی Tonal editing | | | |
| 3- | مۆنتاژی هارمۆنی Harmonic editing | | | |
| 4- | مۆنتاژی ریتمی Rhythmic editing | | | |
| 5- | مۆنتاژی هاوتەریب Parallel editing | | | |
| 6- | مۆنتاژی ئەندێشەیی Intellectual editing | | | |
| 7- | مۆنتاژی پێوانەیی Metric editing | | | |
| 8- | مۆنتاژی یەكتر جێگیركردن Juxtaposition | | | |
| | كۆی گشتی | | | |

چەندێتی و چۆنیەتی میوزیكی بەكارهاتوو ڕوون دەكاتەوە

| ژ | جۆری بەرهەم | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|
| 1- | میوزیكی كوردی | | | |
| 2- | میوزیكی تێكەڵ | | | |
| 3- | میوزیكی بیانی | | | |
| | كۆی گشتی | | | |

خستنەڕووی زانیاری لەڕووی بەكارهێنان و بەكارنەهێنانی میوزیك ڕوون دەكاتەوە

| ژ | جۆر | ژمارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|
| 1- | دەستكرد | | | |
| 2- | سروشتی | | | |
| | كۆی گشتی | | | |

**خستنەڕووی زانیاری لەڕووی شێوازی بەکارهێنانی دەنگی سروشتی ڕوون دەکاتەوە**

| ژ | دەنگی سروشتی | ژمارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|
| 1- | سەرەتا | | | |
| 2- | ناوەند | | | |
| 3- | کۆتایی | | | |
| 4- | باکگراوند | | | |
| | **کۆی گشتی** | | | |

**خستنەڕووی زانیاری لە چۆنیەتی بەکارهێنانی میوزیک ڕوون دەکاتەوە**

| ژ | میوزیک | ژمارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|
| 1- | سەرەتا | | | |
| 2- | ناوەند | | | |
| 3- | کۆتایی | | | |
| 4- | باکگراوند | | | |
| | **کۆی گشتی** | | | |

**بەکارهێنانی کارتێکەری ڤیدیۆیی ڕوون دەکاتەوە**

| ژ | جۆر | ژمارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|
| 1- | بڕین – Cut | | | |
| 2- | تێکەڵکردن Mix– Dissolve | | | |
| 3- | سڕینەوە – Wipe | | | |
| 4- | دوور کردنەوە Zoom Out | | | |
| 5- | نزیک کردنەوە Zoom In | | | |
| 6- | لابردنی وێنە Fade Out | | | |
| 7- | دەرکەوتنی وێنە Fade In | | | |
| 8- | لابردنی لێڵ کردن Out Focus | | | |
| 9- | چونە لێڵ کردن Focus In | | | |
| 10- | لێڵ کردن Blur | | | |
| 11- | کلیلی کرۆما Chroma Key | | | |
| 12- | Superimposition | | | |
| | **کۆی گشتی** | | | |

**جۆری گۆشەی کامێرای بەکارهاتوو (Camera Angles) دیاریدەکات**

| ژ | جۆر | ژمارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|
| 1- | Eye Level | | | |
| 2- | Low Angles | | | |
| 3- | Worms Eye | | | |
| 4- | Birds Eye | | | |
| 5- | High Angles | | | |
| کۆی گشتی | | | | |

**شێوازی جوڵەی کامیرا (Camera Movements) دیاری دەکات**

| ژ | جۆری جوڵە | وردەکاری گرتەکە | ژمارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|---|
| 1- | Zoom | Zoom in | | | |
| | | Zoom out | | | |
| 2- | Tilt | Tilt up | | | |
| | | Tilt down | | | |
| 3- | Pan | Pan Right | | | |
| | | Pan Left | | | |
| 4- | Focus | Focus in<br>Focus out | | | |
| 5- | Dolly | Dolly in | | | |
| | | Dolly out | | | |
| 6- | Cutaway<br>Cut in<br>Insert | Cutaway<br>Cut in<br>Insert | | | |
| 7- | Crab | Crab Right | | | |
| | | Crab Left | | | |
| 8- | Fly Cam | Fly Cam | | | |
| کۆی گشتی | | | | | |

**زانیاری لە ڕووی بەکارهێنانی مەبەستی کاریگەری بڕینی گرتەکان دیاریدەکات**

| ژ | بەکارهێنانی کاریگەری بڕین | ژمارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|
| 1- | بۆ درێژەدان بە بەردەوامیی جوڵانەوەکە | | | |
| 2- | ڕیزبەندی و ڕێکخستن | | | |
| 3- | بۆ گۆڕینی کات و شوێن. | | | |
| 4- | تەرکیز و بەرهەمهێنانی ماناکان | | | |
| 5- | بەکارهێنانی ناڕوون | | | |
| 6- | ڕوونکردنەوە و لێکدانەوە | | | |
| 7- | کۆتایی هێنان بە ڕووداوێک و خستنە ڕووی ڕووداوێکی تازە | | | |
| **کۆی گشتی** | | | | |

**جۆری گرتەکانی کامێرا** (Camera Shot) **دیاری دەکات**

| ژ | جۆری گرتە | وردەکاری گرتە | ژمارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|---|
| 1- | LONG SHOTS | Long Shot | | | |
| | | Medium Long shot | | | |
| | | Extreme Long Shot | | | |
| 2- | MEDIUM SHOTS | Medium Shot | | | |
| | | Medium Long Shot | | | |
| 3- | OVER SHOULDER SHOT | Over-the shoulder shot | | | |
| 4- | CLOSE-UP SHOTS | Close | | | |
| | | Medium Close-Up | | | |
| | | Extreme Close-Up | | | |
| **کۆی گشتی** | | | | | |

**درێژی گرتەکان و مانەوەی لەسەر شاشە دیاریدەکات**

| ژ | درێژی گرتەکان | ژمارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|
| 1- | کورت | | | |
| 2- | ناوەند | | | |
| 3- | درێژ | | | |
| **کۆی گشتی** | | | | |

## پاشکۆی (2)

**ناونیشانەکانی بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری، وەک سامپڵی تویژینەوەکە خراوەتە ڕوو:**



دۆکیۆمێنتاری ژمارە (1)



دۆکیۆمێنتاری ژمارە (4)




دۆکیۆمێنتاری ژمارە (2)



دۆکیۆمێنتاری ژمارە (5)



دۆکیۆمێنتاری ژمارە (3)



دۆکیۆمێنتاری ژمارە (6)



دۆکیۆمێنتاری ژمارە (7)



دۆکیۆمێنتاری ژمارە (8)



دۆکیۆمێنتاری ژمارە (9)



دۆکیۆمێنتاری ژمارە (10)



دۆکیۆمێنتاری ژمارە (11)



دۆکیۆمێنتاری ژمارە (12)

## Summary

This research is entitled (The Importance Of Montage Styles In The Documentary Programs Of Kurdistan 24 Channel, the research is of the type of descriptive research, which is appropriate to the research method، in order to obtain data and information.

The problem of this research is the importance of editing the documents of Kurdistan24, the importance of this research is that it enters the field of television experts, especially how to launch a television editing in documentaries, and an academic effort to explain the interaction between editing and documentary programs. It helps journalists and editors to better understand the methods of editing, to analyze the content of the research. The researcher received (12) programs in a comprehensive manner (exclusive) within 3 months from 2022/1/1 to 2022/4/1

This research consists of four parts، the first part is about the research framework, which includes research problems, research questions, research importance, research objectives، previous research and research concepts The third part is entitled Documentary Program Concepts, Definitions and Characteristics of Each of the definitions, characteristics, functions، importance, methods and types of documentary programs are discussed The methodological procedure of the research، which includes the type, method، society, sample, scope of the research, apparent facts and substitutes، is described. The second topic is the content analysis of the research sample through several tables.

The most important findings of this study are: Kurdistan 24 has paid attention to biographical and historical programs in its production. It has used continuous and tone editing methods in editing its documentary programs. The types of Reflexive mode and participation mode are reflected in the

content of his documentaries, and he pays great attention to the cut effect in order to continue the movement and organize it.

Keywords: style, editing, satellite channel, documentary program.

زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر
ERBIL POLYTECHNIC UNIVERSITY

# The Importance Of Montage Styles In The Documentary Programs Of Kurdistan 24 Channel

A Thesis
Submitted to the Council of the College of Erbil Technical Management College at Erbil Polytechnic University in Partial Fulfillment of the Requirements for the Degree of Master of Media

By
**Shawen Nawzad Rafeeq**
BA. Degree of Media – Salahaddin University-Erbil– 2016

Supervised by
**Asst.Prof.Dr. Dler Ahmed Hema**

Erbil - Kurdistan
2022